حکومەتی هەرێمی کوردستان- عیراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# زمان و ئەدەبی کوردی

## قۆناغی ئامادەیی

## پۆلی یازدەیەم



حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# زمان و ئەدەبی کوردی

## قۆناغی ئامادەیی
## پۆلی یازدەیەم



چاپی پازدەهەم

١٤٤٣ کۆچی ٢٠٢٢ زایینی ٢٧٢٢ کوردی

**دانانی**

**عبــدالله شــاڵی** | **د. عزالــدین مصطـفی** | **د. امیـــــن علـي**

**نوری علي امـین** | **فــریـدون علـي امـین** | **علاءالدین سجادي**

**پێداچوونەوەی زانستیی دووەم**

صــادق احمــد عثمان | شوان غازی پیرداود | ئەختەر صدیق حسین

محسـن علـی حسین | حسـین صــابر علی | عـمـــر أحمـد خـــدر

سەرپەرشتیاری زانستیی چاپ: صــادق احمـد عثمان
چیمەن کریم حمەأمین
سەرپەرشـتی هونـــەری چاپ: ئــاری محســـن احمـد
نەخشەســازی بــەرگ و نـاوەرۆک: ئاری محســن احمد
تایپکردن: ڕێڤین راغـب حســین
لانه مجـید میریحیی
جێبەجێگردنی بژاری هونەری: ئاشتی عمر علی

# پێشەکی

مامۆستایانی بەڕێز...

پڕۆگرامەکانی خوێندن هەمیشە پێویستیان بە پێداچوونەوە و نوێکاری هەیە، کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی یازدەیەمی ئامادەییش لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆر پێداچوونەوەی زانستی بۆ کراوە و دیزاینکراوەتەوە، کتێبەکە سێ بابەت (ڕێزمان، ئەدەب و خوێندنەوە) لەخۆ دەگرێت.

لە بەشی ڕێزماندا، هەوڵمانداوە ڕستە و شرۆڤە و دەستور و ڕاهێنانەکان پوختەتر و زانستیانەتر بخەینەڕوو، هەروەها هەڵەی زمانەوانی و تایپ بنبڕ بکەین. لەبەشی ئەدەبدا بابەتەکانمان چڕکردوونەتەوە و هەڵەی زانستی و تایپ و زمانەوانیمان ڕاستکردوونەتەوە . لە بەشی خوێندنەوەش چەند بابەتێکمان لاداوە و هەڵەی زانستی و تایپمان ڕاستکروونەتەوە. کتێبەکە بە شێوازێکی نوێ دیزاینکراوەتەوە و بابەتەکان بۆ وەرزی خوێندنی یەکەم و دووەم دەستنیشانکراون و وێنەی ئەدیب و نووسەرانی بۆ دانراوە و لە بەرگێکی قەشەنگ و ڕەنگاو ڕەنگدا چاپکراوە.

داواکارین لە ئێوەی بەڕێز لە هەر هەڵەیەک یان کەموکورتییەک هاتە بەرچاوتان ئاگادارمان بکەنەوە، بۆ ئەوەی لە چاپەکانی ئایندەدا لەبەرچاوی بگرین.

**لیژنەی پێداچوونەوە**

**٢٠٢١/٤/٤**

# پێرست

## بەشی ڕێزمان ٧

### وەرزی یەکەم:


وانەی یەکەم: جۆرەکانی پاڕستە لە ڕستەی ئاوێتەدا ........ ٨
ئـ- پاڕستەی ناوی
ب- پاڕستەی هاوەڵناوی
پ- پاڕستەی هاوەڵکاری
وانەی دووەم: تەواوکەری کار (بەرکار) ........ ١٥
وانەی سێیەم: تەواوکەری کار (تەواوکەری بەیاریدە) ........ ١٨
وانەی چوارەم: جێناوی خۆیی ........ ٢٣
وانەی پێنجەم: جێناوی هەیی ........ ٣٠
وانەی شەشەم: هاوەڵناوی بکەر (هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو) ........ ٣٣
وانەی حەوتەم: هاوەڵناوی بکەر (هاوەڵناوی بکەری لێکدراو) ........ ٣٩


### وەرزی دووەم:


وانەی هەشتەم: هاوەڵناوی کراو (هاوەڵناوی کراوی داڕێژراو) ........ ٤٤
وانەی نۆیەم: هاوەڵناوی کراو (هاوەڵناوی کراوی لێکدراو) ........ ٤٨
وانەی دەیەم: هاوەڵکار ........ ٥٣
وانەی یازدەیەم: تەواوکردنی کار بە هاوەڵکاری کاتی ........ ٥٤
وانەی دوازدیەم: تەواوکردنی کار بە هاوەڵکاری شوێنی ........ ٥٦
وانەی سێزدیەم: تەواوکردنی کار بە هاوەڵکاری چۆنییەتی ........ ٥٨
وانەی چواردیەم: تەواوکردنی کار بە هاوەڵکاری ڕێکخستن ........ ٦١
وانەی پازدیەم: تەواوکردنی کار بە هاوەڵکاری چەندی ........ ٦٣
وانەی شازدیەم: ئەرکی هاوەڵکار لە ڕستەدا ........ ٦٦

# بەشی ئەدەب



## وەرزی یەکەم:


ڕێبازە ئەدەبییەکان ..... ٧٠
ڕێبازی ڕۆمانسیزم ..... ٧٠
- ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە ئەدەبی کوردی ..... ٧٣
- بنەماکانی شیعری ڕۆمانسیزمی کوردی ..... ٧٣
- نمونەی شیعری ڕۆمانسیزمی کوردی
١- لە زاری کرمانجی خوارو ..... ٧٤
٢- لە زاری گۆران ..... ٧٩
٣- لە زاری کرمانجی سەرو ..... ٨٣
ئەدەبی کوردی سۆڤیەتی جاران ..... ٨٨


## وەرزی دووەم:


پەخشانی کوردی ..... ٩٥
جۆرەکانی پەخشان ..... ٩٧
سەرەتای سەرهەڵدانی پەخشانی کوردی ..... ١٠٠
هەندێ جۆری پەخشان ..... ١٠٥

## نموونەی ئەدەب ١١١

### وەرزی یەکەم:


- عەلی حەریری ............ ١١٢
- مەحوی ............ ١١٦
- شێخ ڕەزای تاڵەبانی ............ ١١٩
- ناری ............ ١٢٤
- زێوەر ............ ١٢٨


### وەرزی دووەم:


- شێرکۆ بێکەس ............ ١٣٢
- شێخ غەیاسەدین نەقشبەندی ............ ١٣٥
- شێخ محەمەدی خاڵ ............ ١٣٨
- ڕەوشەن بەدرخان ............ ١٤١


## بەشی خوێندنەوە ١٤٥


### وەرزی یەکەم:


- کوردی پەتی ............ ١٤٦
- خەج و سیامەند ............ ١٤٩
- مۆسیقای کوردی ............ ١٥٤



### وەرزی دووەم:


- خەیام ............ ١٦٠
- شیلی ............ ١٦٣
- کەرکوک ............ ١٦٦

# بەشی ڕێزمان



## جۆرەکانی پاڕستە




**ئەم ڕستانە بخوێنەوە:**

### (ئـ) پاڕستەی ناوی

١. نازانرێت، کە ئاسۆ لەبەرچی دواکەوت.

٢. من نەزانییە، کو سەردار ڕۆمانێ دێنڤیسیت.

٣. دەرکەوتووە، کە کوردستان پێشدەکەوێت.

٤. دیارە، کە ئێوە نمرەی باشتان هێناوە.

### (ب) پاڕستەی هاوەڵناوی

١. مە ئەو دیت، کو دکەنی.

٢. ڕواندز کە پایتەختی میرنشینی سۆران بوو، شارێکی دڵگیرە.

٣. پیاوەکەم دیت، کە دەشەلی.

### (پ) پاڕستەی هاوەڵکاری

١. وی دەرمان خار بەلکی پێ چێ ببیت.

٢. ئاراس نەهاتە قوتابخانە چونکە نەخۆش بوو.

٣. کە زەنگەکە لێدرا، خوێندکارەکان چوونە ژوورەوە.

ڕستەکانی هەرسێ بەشەکە، ڕستەی ئاوێتەن، چونکە لە شاڕستە و پاڕستە پێکهاتوون، وەکو پێشتریش زانیمان شاڕستە لە ڕستەی ئاوێتەدا ڕستەیەکی سەربەخۆیە و وشەی لێکدەری پێشناکەوێت، بەڵام پاڕستە بە تەنیا واتا نادات و سەر بە شاڕستەیە وشەی لێکدەری لەپێش دێت. لەبەرئەوە، سێ جۆر پاڕستە هەن:

١. لە ڕستەی یەکەمی بەشی (ئ)دا، ڕستەی (نازانرێت) شاڕستەیە و گوتراوی (کە ئاسۆ لەبەرچی دواکەوت) ڕستەیە و لە کار و بکەر پێکهاتووە، لەبەرئەوەی واتایەکی تەواوی نییە، سەر بە شاڕستەیە و ئەرکی جێگری بکەری کاری (نازانرێت)ی لە شارستەدا پێسپێردراوە، لەبەرئەوە پیدەگوترێت (پاڕستەی) ناوی چونکە ئەو ئەرکەی دەیکات، ئەرکی ناوە.

لە ڕستەی دووەمی بەشی (ئ)دا، (من نەزانییە)، شاڕستەیە، چونکە لە کارێک پێکهاتووە و ئامرازی لێکدەری پێشنەکەوتووە و ڕامان و مەبەستێکی سەربەخۆ دەدات، گوتراوی (کو سەردار ڕۆمانێ دێنڤیسیت) لە (بکەر و بەرکار و کار)پێکهاتووە و واتایەکی سەربەخۆ دەدات و سەر بە شاڕستەیە، ئەرکی بەرکاری ڕستەی (من نەزانییە) دەبینێت، لەبەرئەوە پێیدەگوترێت پاڕستەی ناوی چونکە ئەرکی ناو دەبینێت.

لە ڕستەی سێیەمی بەشی (ئ)دا، (دەرکەوتووە): شاڕستەیە، چونکە لە کارێک پێکهاتووە و ئامرازی لێکدەری لەپێش نەهاتووە، هەروەها واتایەکی سەربەخۆی هەیە، بەڵام (کە کوردستان پێشدەکەویت.) واتایەکی سەربەخۆیی نییە، بەڵکو واتاکەی بەندە بە شاڕستە و ئەرکی بکەری بینیوە بۆ کاری دەرکەوتووە، بۆیە پێیدەڵێین پاڕستەی ناوی.

لەڕستەی چوارەمدا (دیارە). شاڕستەیە، چونکە لە کارێکی ناتەواو و تەواوکەرێک پێکهاتووە و ئامرازی لێکدەری لەپێش نەهاتووە، هەروەها واتایەکی سەربەخۆی هەیە، بەڵام (کە ئێوە نمرەی باشتان هێناوە). واتایەکی سەربەخۆی نییە، بەڵکو واتاکەی بەندە بە شاڕستەوە، ئەرکی نیهادی بینیوە، بۆیە پێیدەڵێین (پاڕستەی ناوی).

٢. لە ڕستەی یەکەمی بەشی (ب)دا، ڕستەی (مە ئەو دیت)، شاڕستەیە، چونکە واتایەکی سەربەخۆی هەیە و ئامرازی لێکدەری (کو)ی پێشنەکەوتووە، گوتراوەی (کو دکەنی) ڕستەیە، لەبەرئەوەی لەڕووی واتاوە بەستراوە بە شاڕستەکەوە و بە تەنیا واتای نییە چونکە وەسفی جێناوی (ئەو) دەکات لە شاڕستەکەدا، بۆیە پێیدەگوترێت (پاڕستەی هاوەڵناوی).

هەر بەو جۆرەش لەڕستەی دووەمی بەشی (ب)دا، ڕستەی (ڕواندز شارێکی دڵگیرە). شاڕستەیە و واتایەکی تەواوی هەیە و جێناوی لێکدەری لەپێش نەهاتووە، بەڵام ڕستەی (کە پایتەختی میرنشینی سۆران بوو) واتای تەواوی نییە، چونکە وەسفی ڕواندز دەکات و بووەتە دیارخەری ناوی (ڕواندز) جێناوی لێکدەری لەپێش هاتووە، بۆیە پێی دەگوترێت (پاڕستەی هاوەڵناوی).

٣. لە ڕستەی یەکەمی بەشی(پ)دا، ڕستەی (وی دەرمان خار) شاڕستەیە چونکە واتایەکی سەربەخۆی هەیە،ئامرازی لێکدەری لەپێش نەهاتووە. هەروەها گوتراوی (بەلکی پێ چێبیت) پاڕستەیە، چونکە واتایەکی سەربەخۆی نییە و ئامرازی لێکدەری لەپێش هاتووە وەسفی کاری شاڕستە دەکات، چونکە ئەرکی هاوەڵکار دەبینێت پێیدەگوترێت (پاڕستەی هاوەڵکاری).

لە ڕستەی دووەمی ئەو بەشەدا، ڕستەی (ئاراس نەهاتە قوتابخانە) شاڕستەیە، واتای تەواوی هەیە، ئامرازی لێکدەری لەپێش نییە، (چونکە نەخۆش بوو) پاڕستەیە، چونکە بەتەنیا واتای نییە، ئامرازی لێکدەری لەپێشە و وەسفی کاری شاڕستەکە دەکات، واتە هۆکاری نەهاتنەکە پیشاندەدات بۆیە بەم ڕستەیە دەگوترێت (پاڕستەی هاوەڵکاری).

هەر بەم جۆرەی کە باسکرا، ڕستەکانی تری هەرسێ بەشەکەی پێشوو لێکدەدرێنەوە.

## دەستور

پاڕستە ئەو ڕستەیە، کە واتاکەی بەندە بە شاڕستەوە وشەیەکی لێکدەری لەپێش دێت.

لەزمانی کوردیدا سێ جۆر پاڕستە هەیە:

### یەکەم پاڕستەی ناوی

ئەو ڕستەیە کە سەر بە شاڕستەیە و واتاکەی بەندە بە واتای ئەوەوە دەکرێت، ئەرکی (بکەر، بەرکار، نیهاد و جێگری بکەر) ببینێت وەک لە ڕستەکانی بەشی (ئـ)دا دیارە.

ئەرکەکانی پاڕستەی ناوی:

١- بکەر: ئەگەر شاڕستە بەکارێکی تێنەپەڕ دەستپێکرد، ئەوا ئەرکی پاڕستەکە دەبێتە بکەر، وەک کاری (دەرکەوتووە، دەرکەفتییە.........).

٢- بەرکار: ئەگەر شاڕستە بەکارێکی تێپەڕ دەستپێکرد، ئەوا ئەرکی پاڕستەکە دەبێتە بەرکار، وەک: کاری (بیستوومە، نەمانبیستووە، مە بیستییە، زانیوتانە، نەمزانیوە، دەزانین، تە زانییە، گوتم، پرسیم، نەمپرسی.....).

٣- نیهاد: ئەگەر شاڕستە بە گوزارەیەک (تەواوکەر+کاری ناتەواو) دەستپێکرد، ئەوا ئەرکی پاڕستەکە دەبێتە نیهاد، وەک کاری: (دیارە، ئاشکرایە.....).

٤- جێگری بکەر: ئەگەر شاڕستە بە کارێکی بکەر نادیار دەستپێکرد، ئەوا ئەرکی پاڕستەکە دەبێتە جێگری بکەر، وەک: کاری (دەزانرێ، نازانرێ، زانرا، دەبیسترێ، نابیسترێ، دەکرێ، ناکرێ، دهێتە زانین، ناهێتە زانین، هاتە زانین.....).

### دووەم پاڕستەی هاوەڵناوی

لە ڕستەی ئاوێتەدا، ئەو ڕستەیە کە سەر بە شاڕستەیە و واتاکەی بە واتای ئەوەوە بەندە و وەسفی ناوێک دەکات لە شاڕستەدا، وەک لە ڕستەکانی بەشی (ب) دا دیارە.

پاڕستەی هاوەڵناوی یەک ئەرکی هەیە ئەویش دیارخەری ناوی شاڕستەیە.

١- ئـەو پاڕسـتانەی دەکەونـە نێـوان هـەردوو پارچەی شاڕسـتەکە هەمیشـە پاڕسـتەی هاوەڵناویـن.

٢- ئەگـەر شاڕسـتە لە سـەرەتا هـات و ڕسـتەیەکی تەواو بوو لـەڕووی واتـاوە، ناوێکی تێـدا هەبوو ئـەو ناوە پێویسـتی بـە ڕوونکردنەوەیەک هەبـوو، ئـەوا ڕوونکردنەوەکە لـە پاڕسـتەدا دەردەکەوێت، واتە پاڕسـتەکە وەسـفی نـاوی شاڕسـتە دەکات و دەبێت بە دیارخـەر بۆی.

## سێیەم پاڕستەی هاوەڵکاری

لـە ڕسـتەی ئاوێتەدا ئەو ڕسـتەیە کە سـەر بـە شاڕسـتەیە و واتاکـەی بەندە بە واتـای ئـەوەوە، وەسـفی کارێـک دەکات لە شاڕسـتەدا وەک لە ڕسـتەکانی بەشـی (پ)دا دیارە.

پاڕستەی هاوەڵکاری یەک ئەرکی هەیە ئەویش تەواوکەری کاری شاڕستەیە:

١- ئەگەر پاڕستە لەسەرەتادا هات، هەمیشە پاڕستەی هاوەڵکارییە.

٢- شاڕسـتە لەسـەرەتادا دێـت و پاڕسـتەش یەکێک لەم ئامـرازە لێکدەرانەیـان دەکەوێتە پێـش (بەڵکو، بەلکی، بەشـکو، چونکـە.....).

## ڕاهێنان - ١

**لەم ڕستانەدا پاڕستەکان دەربهێنە و جۆرەکانی بنووسە:**

١. ئەم دخەبتین، بەلکی ب ئارمانجا خۆ بگەهین.

٢. بیستوومە، کە ئاشنا دەبێتە ئەندازیار.

٣. ئاشکرایە، کو وەلات ب زانستێ پێشدکەڤیت.

٤. کە بەهار هات، دەچینە سەیران.

## ڕاهێنان - ٢

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

١. ئاشکرایە، کە مرۆڤ چووەتە سەر مانگ. ئەرکی پاڕستەی ناوی (کە مرۆڤ چووەتە سەر مانگ).

ئـ- بکەرە  ب- نیهادە  پ- بەرکارە  ت- جێگری بکەرە

٢. کە میوانەکان هاتن، خواردنیان بۆ ئامادەکردن. جۆری پاڕستەکە:

ئـ- ناوی  ب- هاوەڵناوی  پ- هاوەڵکاری  ت- هیچیان

٣. من شیڤان دیت کو ژ ترسان دلەرزی. ئەرکی پاڕستەکە چییە؟

ئـ- بکەرە  ب- نیهادە  پ- تەواوکەری بەیاریدەیە  ت- دیارخەری ناوە

٤. کە زەنگەکە لێدرا، خویندکارەکان چوونە ژوورەوە. ئەرکی وشەی (زەنگەکە)چییە؟

ئـ- بکەرە  ب- نیهادە  پ- بەرکارە  ت- جێگری بکەرە .

٥.کە لاڤە هات مامۆستا وانەی دەگوتەوە. (دەگوتەوە) کاری:

ئـ- رابردووی بەردەوامە  ب- رابردووی نزیکە

پ- ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە  پ- ڕانەبردووی دانانییە

## ڕاهێنان - ٣

**پاڕستەی ناوی (کو نارین دێ هۆزانێن خۆ بەلاڤکەت) لە ڕستەدا بەکاربهێنە، بە مەرجێك:**

١. بکەر بێت.

٢. جێگری بکەر بێت.

٣. بەرکار بێت.

٤. نیهاد بێت.

## ڕاهێنان - ٤


**ئەم بۆشاییانەی خوارەوە پڕبکەوە، بەمەرجێك یەکەمیان بە پاڕستەی ناوی، دووەمیان بە پاڕستەی هاوەڵناوی سێیەمیان پاڕستەی هاوەڵکاری بێت.**

١. مامۆستاکەم پێیگوتم..............................

٢. توانا .................................. یەکەم بوو.

٣. تێبکۆشن ............................................ .

# تەواوکەری کار




## یەکەم: بەرکار

ئەم ڕستانە بخوێنەوە:

١. نازە چێشت لێدەنێت.
٢. گەل ئێمەی هەڵبژاردووە.
٣. دەمنێرێت بۆ بازاڕ.
٤. ڤانە چوار کتێب و شەش دەفتەری وەرگرتووە.
٥. مامۆستا ڕێزمانی کوردی دەنوسێتەوە.
٦. خوێندن تەواوبکەن.

لە ساڵانی ڕابردوودا زانیمان کە یەکێک لە دوو بنچینەکانی ڕستە (بکەر و کار)ە، کار (تێپەڕە) یان (تێنەپەڕ)، ئاشکراشە کاری تێپەڕ پێویستی بە (بەرکار)هەیە. جا ئەگەر سەرنج لە ڕستەکانی بدەین:

١. لە ڕستەی یەکەمدا، پەیڤی (چێشت) ناوە و ئەرکی (بەرکار)ی بینیوە، چونکە کاری تێپەڕی (لێدەنێت)ی تەواوکردووە و ئەرکی کارەکەشی کەوتووەتە سەر و ئەگەر وشەی (چێشت)مان لەو ڕستەیەدا نەهێنابایە، نەماندەزانی کە (نازە) چی لێناوە؟

٢. لــە ڕســتەی دووەمی بەشــی (ئ)دا، جێناوی (ئێمــە) ئەرکی بەرکاری بینیــوە، چونکە کاری تێپــەڕی (هەڵبــژاردووە)ی تەواوکــردووە و ئەرکی کارەکەشــی کەوتووەتە ســەر و ئەگەر جێنــاوی (ئێمە)مــان نەهێنابایــە، نەماندەزانی کە (گەل) کێــی (هەڵبژاردووە)؟

٣. لە ڕســتەی ســێیەمی بەشــی (ئ)دا، جێناوی لــکاوی (م) ئەرکی (بــەرکاری) بینیوە، چونکە کاری تێپــەڕی (دەنێرێــت)ی تەواوکردووە و ئەرکی کارەکەشــی کەوتووەتە ســەر.

٤. لــە ڕســتەی چوارەمــدا هــەردوو پەیڤی (کتێــب و دەفتەر) ئەرکــی بەرکاریــان بینیوە، بۆ کاری (وەرگرتــووە).

٥. لە ڕستەی پێنجەمدا گرێی (ڕێزمانی کوردی) بەرکارە بۆ کاری (دەنوسێتەوە).

٦. لــە ڕســتەی شەشــەمدا پەیڤــی (خوێنــدن) چاوگــە ئەرکــی بــەرکاری بینیــوە و واتــای کارەکــەی تەواوکــردووە و کاریگــەری کارەکەشــی کەوتوتــە ســەر.

## دەستور

بەرکار ئەو ناوەیە یان جێناوەیە، کە لە ڕستەدا واتای کاری تێپەڕی تەواوکردووە یان تەواویدەکات، کاریگەری کارەکەشی دەکەوێتە سەر.

ئەو وشەو دەستەواژانەی دەبنە بەرکار:

١- ناو، گرێی ناوی

٢- جێناوی سەربەخۆ

٣- جیناوی کەسیی لکاو

٤- چاوگ

## ڕاهێنان - ١

**لە ڕستەی (مامۆستا ڕێزمانی کوردیی فێرکرد).**

ئـ- کاری ڕستەکە دیاربکە چ جۆرە کارێکە؟

ب- وشەی (ڕێزمانی کوردی) شیبکەوە؟

پ- (ی) لە نێوان (ڕێزمانی کوردی) شیبکەوە.

ت- ئەم ڕستەی سەرەوە بە زاری کرمانجی سەروو بنووسەوە.

## ڕاهێنان - ٢

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

١. یادی ڕاپەڕین لە گەلی کوردستان پیرۆزدەکات. ئەرکی گرێی(یادی ڕاپەڕین)بریتییە لە:

ئـ- بکەر ب- نیهاد پ- بەرکار ت- جێگری بکەر

٢. بانگمان دەکات. ئەرکی (مان) بریتییە لە:

ئـ- بکەر ب- نیهاد پ- بەرکار ت- جێگری بکەر

٣. لە باخچەی بەهار گوڵم چنیوە. ئەرکی (گوڵ) بریتییە لە:

ئـ- بکەر ب- نیهاد پ- بەرکار ت- جێگری بکەر

٤. کێت خۆشدەوێت؟ ئەرکی (کێ) بریتییە لە:

ئـ- بکەر ب- نیهاد پ- بەرکار ت- تەواوکەری بەیاریدە

٥. داری ئـازادی بـە خوێن ئاو دەدرێت. ئەرکی گرێی نـاوی (داری ئازادی) بریتییە لە:

ئـ- بکەر ب- جێگری بکەر پ- بەرکار ت- تەواوکەری بەیاریدە

## ڕاهێنان - ٣

**وشەی (ڕۆژنامە) لە سێ ڕستەدا وەك (بەرکار) بەکاربهێنە، لە ڕستەی یەکەمدا لەگەڵ کاری ڕابردوو، لە ڕستەی دووەمدا لەگەڵ کاری ڕانەبردوو لە ڕستەی سێیەمدا لەگەڵ کاری داخوازی.**

## دووەم: تەواوکەری بەیاریدە

**(ئـ)**

١. نەوزادی نامەک ژ ئازادی وەرگرت.
٢. مامۆستا وانە بە ئێمە دەڵێت.
٣. کتێبەکەی بۆمان ناردووە.
٤. پێشمەرگە لەشکری داگیرکەر لە وڵات دەردەکات.
٥. ڕەزڤان گولآن ل باخچێ دچینیت.
٦. ئێمە بۆ سەرکەوتن خەباتدەکەین.

**(ب)**

١. ئێمە لە کارەکەدا سەردەکەوین.
٢. سالار ل ژوورێ نڤستبوو.
٣. ئەم دچینە دهۆکێ.
٤. ئەڤـ کتێبانە بۆ خوێندکاران هاتینە.
٥. هەواڵەکان بە ئێوە گەیشتن.

### ئـ کاتێ لە ڕستەکانی بەشی (ئ) وردەبینەوە، دەبینین:

١. لە ڕستەی یەکەمدا وشەی (ئازاد) ناوێکی تایبەتییە و ئەرکی تەواوکەری بەیاریدەی بینیوە، چونکە واتای کاری تێپەڕی (وەرگرت)ی تەواوکردووە بەیاریدەی ئامرازی پەیوەندی (ژ).

٢. لە ڕستەی دووەمدا (ئێمە) جێناوی سەربەخۆیە بۆ کەسی یەکەمی کۆ و ئەرکی تەواوکەری بەیاریدەی بینیوە، چونکە واتای کاری تێپەڕی (دەڵێت)ی تەواوکردووە بەیاریدەی ئامرازی پەیوەندی (بە).

٣. لە ڕستەی سێیەمدا (مان) جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی کۆ ئەرکی تەواوکەری بەیاریدەی بینیوە، چونکە واتای کاری تێپەڕی (ناردووە)ی تەواوکردووە بەیاریدەی ئامرازی پەیوەندی (بۆ).

٤. لـە ڕسـتەی چوارەمدا (وڵات) نـاوە ئەرکی تەواوکـەری بەیاریدەی بینیـوە، چونکە واتای کاری تێپـەڕی (دەردەکات)ی تەواوکـردووە بە یاریدەی ئامـرازی پەیوەندی(لە).

٥. لـە ڕسـتەی پێنجەمدا (باخچێ) ناوێکی تاکی نەناسـراوە و ئەرکـی تەواوکەری بەیاریدەی بینیـوە، چونکـە واتـای کاری تێپـەڕی (دچینیـت)ی تەواوکـردووە بەیاریـدەی ئامرازی پەیوەندی (ل).

٦- لە ڕستەی شەشەمدا (سەرکەوتن) چاوگە ئەرکی تەواوکەری بە یاریدەی بینیوە.

## ب ئەگەر لە ڕستەکانی بەشی (ب) بڕوانین دەبینین:

١. لـە ڕسـتەی یەکەمـدا پەیڤـی (کارەکـە) ناوێکـی تاکـی ناسـراوە و ئەرکـی تەواوکـەری بەیاریـدەی بینیـوە، چونکـە واتـای کاری تێنەپـەڕی (سـەردەکەوین)ی تەواوکـردووە بەیاریـدەی ئامـرازی پەیوەنـدی (لە- دا).

٢. لـە ڕسـتەی دووەمـدا پەیڤـی (ژوور) ناوێکـی تاکـی نەناسـراوە و ئەرکـی تەواوکـەری بەیاریـدەی بینیـوە، چونکە واتای کاری تێنەپەڕی (نڤسـتبوو)ی تەواوکـردووە بەیاریدەی ئامرازی پەیوەنـدی (ل- ێ).

٣. لە ڕستەی سێیەمدا پەیڤی (دهۆک) ناوێکی تایبەتییە و ئەرکی تەواوکەری بەیاریدەی بینیوە، چونکە واتای کاری تێنەپەڕی (دچین)ی تەواوکردووە بەیاریدەی ئامرازی پەیوەندی (ە).

٤. لە ڕسـتەی چوارەمـدا پەیڤی (خوێندکاران) ناوێکی کۆی نەناسـراوە و ئەرکی تەواوکەری بەیاریـدەی بینیـوە، چونکە واتـای کاری تێنەپەڕی (هاتینـە)ی تەواوکـردووە بەیاریدەی ئامـرازی پەیوەندی ( بۆ ).

٥. لـە ڕسـتەی پێنجەمـدا پەیڤی (ئێوە) جێناوی کەسـی سـەربەخۆیە و ئەرکـی تەواوکەری بەیاریـدەی بینیوە، چونکـە واتای کاری تێنەپەڕی (گەیشـت)ی تەواوکـردووە بەیاریدەی ئامـرازی پەیوەندی (بە).

## دەستور

**تەواوکەری بەیاریدە:** ئەو ناوەیە یان ئەو جێناوەیە کە لە ڕستەدا واتای کار تەواودەکات، بەیارمەتی ئامرازی پەیوەندی ( بە- ەوە، لە- دا، بۆ، بەرەو، ژبۆ، ژ، ل، د، ە..... ) تەواوکەری بەیاریدە لەگەڵ کاری (تێپەڕ ، تێنەپەڕ، ناتەواو، بکەرنادیار) دا دێت.

## ڕاهێنان - ١

**ئەم ناوانەی خوارەوە لە ڕستەدا بەکاربهێنە، جارێك ببنە بەرکار و جارێك ببنە تەواوکەری بەیاریدە:**

( وڵات- ڕۆژنامە- پێشمەرگە- زانست- پەرلەمان )

## ڕاهێنان - ٢

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

١. یادی ڕاپەڕین لە گەلی کوردستان پیرۆزدەکات. ئەرکی گرێی(گەلی کوردستان) بریتییە لە:

ئـ- بکەر ب- بەرکار پ- تەواوکەری بەیاریدە ت- جێگری بکەر

٢. تەواوکەری بەیاریدە لەگەڵ چ جۆرە کارێک دێت؟

ئـ- تێپەڕ ب-تێنەپەڕ پ-تێپەڕ و تێنەپەڕ ت- هیچیان

٣. لە باخچەی بەهار گوڵم چنیوە. کاری (چنیوە) لە چ ڕێژەیەکدایە؟

ئـ- ڕابردووی نزیک ب- ڕابردووی بەردەوام

پ- ڕابردووی دوور ت- ڕابردووی تەواو

٤. نامەکەت بە کێدا نارد؟ تەواوکەری بەیاریدە لە ڕستەکەدا

ئـ- ناوە ب- جێناوی کەسی سەربەخۆیە پ- جێناوی لکاوە ت- جێناوی پرسە

٥. بۆی کریم. ئەرکی (ی)

ئـ- بکەر ب- نیهاد پ- بەرکار ت- تەواوکەری بەیاریدە

## ڕاهێنان - ٣

**جیاوازی لەنێوان بەرکار و تەواوکەری بەیاریدە چییە؟ بە نمونە ڕوونیبکەوە:**

## ڕاهێنان - ٤

**ئەم ڕستانەی خوارەوە شیبکەوە:**


ئـ- شکۆ کتێبیان ژبۆ مە دکڕیت.

ب- گۆڤارەکانیان بە خوێندکاران بەخشی.

پ- مامۆستا لە هۆڵی قوتابخانەدا دیارییەکەی پێشکەشکردین.

ت- ئەم شیعرەم بۆتان نووسیوە.

## جێناو




## جێناوی خۆیی

**(١)**

أ- دیار خۆی لە ئاوێنەدا دیت. (بەرکار)

ب - وێ خۆ ل ئاوینێدا دیت.

**(٢)**

أ- خۆم دەچم بۆ کتێبخانە. (بکەر)

ب- ئەز ب خۆ دچم بۆ کتێبخانێ.

**(٣)**

أ- ئەوە خۆت بوویت کە لە ڕوبارەکەدا پەڕیتەوە. (تەواوکەری کاری ناتەواو)

ب- ئەڤە تو ب خۆ بوویت کو ژ ڕیباری دەربازبووی.

**(٤)**

أ- نازدار کچەکەی خۆیی نارد بۆ زانکۆی دهۆک. (دیارخەری ناو)

ب- نازدارێ کچا خۆ هناردە زانکۆیا دهۆکێ.

/٥

ئـ- تۆ لە خۆتەوە بڕیارمەدە. (تەواوکەری بەیاریدەیە)

ب- تو ژ خۆڤە بڕیارنەدە.

/٦

ئـ- خۆی زانا و شارەزایە. (نیهاد)

ب- ئەو ب خۆ زانا و شەهرەزایە.

/٧

ئـ- خۆیان خەڵاتکران. (جێگری بکەر)

ب- ب خۆ هاتە خەڵاتکرن.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا پەیڤی (خۆ) وەکو جێناوی خۆیی بەکارهاتووە و لەهەریەک لەو ڕستانەدا ئەرکی تایبەتی خۆی هەیە:

١. لە ڕستەی ژمارە (١)ی (ئـ)دا: پەیڤی (خۆی) لە وشەی (خۆ) و جێناوی کەسیی لکاوی (ی) پێکهاتووە و لەگەڵ ناوی (دیار) بەکارهاتووە بۆ ئەوەی زیاتر جەخت لە کەسەکە بکات، هەر بۆ زیاتر چەسپاندنی ئەو کەسەش، کە کەسی سێیەمی تاکە، جێناوی کەسیی لکاوی(ی) خراوەتە سەری و بووە بە (خۆی)، ئەگەر زیاتریش لە ڕستەکە وردبینەوە بۆمان دیاردەبێت کە پەیڤی (خۆی) ئەرکی (بەرکار) لە ڕستەکەدا دەبینێت کە یەکێکە لە ئەرکەکانی (ناو) لە ڕستەدا.

بەهەمان شێوەش لە ڕستەی یەکەم(ب) دا (وی خۆ ل ئاوێنێدا دیت)، پەیڤی خۆ هەر ئەو ئەرکەی پێشوو دەبینێت، بێئەوەی هیچ جێناوێکی کەسیی لکاوی خرابێتە سەر.

٢. لە ڕستەی ژمارە (٢)ی (ئـ)دا: پەیڤی (خۆم) لە وشەی (خۆ) و جێناوی کەسیی لکاوی (م)ی کەسی یەکەمی تاک دروستبووە، بەکارهێنانیشی لەم ڕستەیەدا هەر بە مەبەستی جەختکردنە لە جێناوی کەسیی سەربەخۆی (من)، لەڕستەکەشدا ئەرکی (بکەر)ی ڕستەکەی لە ئەستۆ گرتووە.

هەر بەم جۆرەش لە ڕستەی ژمارە (٢)ی (ب)دا، پەیڤی (خۆ)، دیسان هەر بۆ جەختکردنەوە جێناوی (ئەز)ە، ئەرکەکەشی لە ڕستەدا وەک ئەوەی پێش خۆی (بکەر)ی ڕستەکەیە.

٣. لــە ڕســتەی ژمــارە (٣)ی (ئــ)دا: پەیڤی (خــۆت) لە (خۆ) و جێناوی کەســیی لــکاوی (ت) دروســتبووە، لەجیاتــی نــاوی ئــەو کەســە بەکارهاتــووە کــە لــە ڕووبارەکــە پەڕیوەتەوە، ئەرکەکەشــی لەم ڕســتەیەدا تەواوکەری ڕاســتەوخۆی کاری ناتــەواوە، هەر بەو جۆرەش لــە ڕســتەی ژمــارە (٣)ی (ب)دا پەیڤــی (خــۆ) تەواوکــەری ڕاســتەوخۆ کاری ناتــەواوە.

٤. لــە ڕســتەی ژمــارە (٤)ی (ئــ)دا: دیســان ژی پەیڤــی (خۆی) لە وشــەی (خــۆ)و جێناوی کەسـیی لـکاوی (ی) دروسـتبووە، بەکارهێنانیشــی هــەر بــۆ مەبەسـتی جەختکردنــە لە ناوەکــە، ئەگــەر بــۆ ئەم مەبەســتە نەبوایــە دەمانتوانــی بڵێین (نــازدار کچەکــەی نارد بۆ زانکــۆی دهــۆک)، لێــرەدا لــە وانەیــە ئــەو کچە، کچــی نــازدار خــۆی نەبێت، بــەڵام ئەو ناردبێتــی بــۆ زانکۆی دهۆک، کەچی ڕســتەکە بەم شــێوەیە دەردەبڕێن: (نــازدار کچەکەی خۆیــی نــارد بــۆ زانکــۆی دهۆک) ئــەو کاتە جەختمان لەســەر ئــەوە کرد کــە کچەکە هی نــازدارە و پەیوەنــدی بە ئەوەوە هەیــە. ئەرکی (خۆی) لەو ڕستەیەشــدا دەبێتە دیارخەری نــاوی کچەکــە. هەر بەم جۆرەش لە ڕســتەی ژمارە (٤)ی (ب)دا، پەیڤــی (خۆ) جەختکردنە بــۆ نــاوی کچەکە و بــووە بە دیارخــەری، بەهــۆی ئامرازی دانــە پاڵی (ا).

٥. ئینجــا لە ڕســتەی ژمــارە (٥)ی (ئــ)دا: پەیڤی (خۆت)، لــە (خۆ)و جێناوی کەسـیی لکاوی (ت) پێکهاتــووە کــە ئەویــش بــۆ جەختکــردن و جێگیربوون خراوەتە ســەری، ئەرکیشــی تەواوکــەری بەیاریــدەی کاری (بڕیارمەدە)یە. لە هەمان ڕســتەی ژمارە (٥)ی (ب)دا، پەیڤی (خــۆ) بەبــێ جێنــاوی کەســیی لــکاو بەکارهاتووە و لــەو ڕســتەیەدا ئەرکــی تەواوکەری بەیاریــدەی کاری (بڕیارنەدە)یە.

٦. لــە ڕســتەی ژمارە (٦)ی (ئــ)دا: پەیڤی (خۆی) لــە جێناوی (خــۆ) و (ی)ی جێناوی لکاوی کەســی پێکهاتووە و ئەرکەکەشــی (نیهاد)ی ڕســتەکەیە. هەروەها لە ڕســتەی ژمارە(٦)ی (ب)دا، نیهادە.

٧. لە ڕســتەی ژمارە (٧)ی (ئ)دا: پەیڤی (خۆیان) لە (خۆ) و جێناوی کەسـیی (یان) پێکهاتووە و لێــرەدا وەک (جێگــری بکەر) بەکارهاتووە چونکە کاری ڕســتەکە، کارێکــی بکەرنادیارە. بە هەمان شــێوە لە ڕســتەی ژمارە (٧)ی (ب)دا، خــۆ جێگری بکەرە.

## دەستور

**١ جێناوی (خۆ) :** جێناوێکی هاوبەشە لەنێوان هەر شەش کەسی تاک و کۆدا، ئەم جێناوەش واتای خۆیەتی و خاوەنییەتی دەگەیەنێت و کاتێک جێناوە کەسییە لکاوەکانی دەخرێتە سەر وەک (خۆم- خۆت- خۆی- خۆمان- خۆتان- خۆیان)

**٢** لە زمانی کوردیدا ئەم جێناوە چەند شێوەیەکی هەیە وەک:

**أ- خۆ:** نموونە: ← بە ماندووبوونی خۆم دەرچووم.

**ب- خوە:** نموونە: ← سەرکەڤتن ژ بۆ خوە کرە ئامانج.

**پ- خود:** نموونە: ← خودی خۆی هات.

**٣** جێناوی خۆیی لە دووباردا بەکاردێت:

ئ- بۆ جەختکردن (ناو) یان (جێناو) وەک: ئەو خۆی نامەی نووسی.

لێرەدا جێناوی (خۆ) بۆ جەختکردنی جێناوی (ئەو) بەکارهاتووە و ئەگەر بۆ ئەم مەبەستە نەبوایە، دەمان توانی بڵێین: ئەو نامەی نووسی.

ب- ئەگەر (بکەر) و (بەرکار)ی ڕستەکە یەک بن ئەوا دەتوانین جێناوی (خۆ) بەکاربێنین وەک: من خۆمم پێگەیاند.

لەم ڕستەیەدا (بکەر) و (بەرکار) یەک کەسن و چونکە (خۆ) وەک (بەرکار) بەکارهاتووە، بۆیە بوونی لە ڕستەدا پێویستە، بە لابردنیشی ڕستەکە دەشێوێت.

**٤** لە زاری کرمانجی سەروودا جێناوی (خۆ- خوە) بەتەنیا بەکاردێت و جێناوی لکاوی ناخرێتە سەر، ئەم جێناوەش:

ئ- ئەگەر (بکەر) یان (نیهاد) یان (جێگری بکەر) بوو، ئەوا پێشگری (ب)ی دەخرێتە پێش وەک:

- ئەز ب خۆ هاتم. — من خۆم هاتم.
- ئەو ب خۆ نەزانە. — ئەو خۆی نەزانە.
- ئەو ب خۆ هاتە گرتن. — ئەو خۆی گیرا.

ب- بەڵام ئەگەر (بەرکار) بوو ئەوا ئەم (ب)ی پێشگرە وەرناگرێت و پێویستی پێی نابێت وەک:

- من خۆ شوشت. من خۆمم شوشت.
- تە خۆ دیتی. تۆ خۆتت بینی.

**٥** (خۆ) دەکرێت بەتەنیا و بەبێ جێناوی لکاو بەکاربێت وەک:

- خۆ بەخۆ دانیشتبووین. ئەم خۆ ب خۆ ڕونیشتبووین.

دەشکرێت لەگەڵ جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم و دووەمیش بەکاربێت وەک:

- خۆم دەچم بۆ بازاڕ. (م: جێناوی لکاوی دەستەی یەکەمە)

هەروەها هەندێ جار دوو جێناوی کۆمەڵەی یەکەم لەدوایەک دێن و دەخرێنە سەر (خۆ) وەک:

- خۆتم لێ مەکە بە بلیمەت: (ت.م)

یان جێناوێکی کۆمەڵەی یەکەم و یەکێکی کۆمەڵەی دووەم لەدواییەک دەخرێنە سەر (خۆ) وەک:

- ئەم کوڕانە برادەری خۆمن (خۆمانن). (م، ن) (مان، ن).

**٦** جێناوی (خۆ) لە بەکارهێناندا تەواوی ئەرکەکانی ناو دەبینێت و دەبێتە:( بکەر، بەرکار، نیهاد، تەواوکەری بەیاریدە، دیارخەری ناو، تەواوکەری کاری ناتەواو و جێگری بکەر).

**٧** جێناوی (خۆ) لە ڕووی ڕەگەزەوە بێلایەنە، بۆنمونە:

- ئازادی کوڕێ خۆ نەهینایە. (نێر)
- نازدارێ خۆ ئامادەکرییە. (مێ)

**٨** جێناوی (خۆ) ئەگەر جێناوێکی کۆمەڵەی یەکەمی پێوەلکا ئەوا لەگەڵ کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ بەکاردێت، بۆ نمونە:

- خۆمان خانووەکەمان فرۆشت. (تێپەڕ)
- خۆیان هاتنەوە. (تێنەپەڕ)

بەڵام ئەگەر دوو جێناوی کۆمەڵەی یەکەمی پێوە بلکێت ئەوا تەنیا لەگەڵ کاری تێپەڕدا بەکاردێت، بۆ نمونە:

- زەوییەکەی خۆمانمان فرۆشت.
- کتێبەکەی خۆمت پێشکەشدەکەم.

## ڕاهێنان - ١

**جێناوی (خۆ) لە ڕستەدا بەکاربێنە بە مەرجێك:**

١. لە ڕستەی یەکەمدا (بکەر)بێت.

٢. لە ڕستەی دووەمدا تەواوکەری کاری ناتەواو بێت.

٣. لە ڕستەی سێیەمدا نیهاد بێت.

٤. لە ڕستەی چوارەمدا دیارخەری ناوبێت.

٥. لە ڕستەی پێنجەمدا جێگری بکەر بێت.

## ڕاهێنان - ٢

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

١. خۆمان پێشەنگ بووین. ئەرکی (خۆمان) بریتییە لە:

ئـ- بکەر　　ب- بەرکار　　پ- نیهاد　　ت- جێگری بکەر

٢. وڵاتی خۆم دەپارێزم. ئەرکی (خۆم) بریتییە لە:

ئـ- بکەر　　ب- بەرکار　　پ- دیارخەری ناو　　ت- جێگری بکەر

٣. جێناوی (خۆ) پێشگری (ب)ی وەرناگرێت ئەگەر لە ئەرکی

ئـ- بکەر　　ب- بەرکار　　پ- نیهاد　　ت- جێگری بکەر

٤. دەتوانین جێناوی خۆیی لە ڕستەدا لاببەین ئەگەر بۆ

ئـ - جەختکردنەوە بێت　　ب- نیهاد بێت　　پ- بەرکار بێت　　ت- جێگری بکەر بێت

٥. لە ................... دوە وەڵامی هیچ پرسیارێک مەدەوە.

ئـ- خۆم　　ب- خۆت　　پ- خۆی　　ت- خۆیان

٦. بستێک لە خاکی ...................... بە هەموو زێڕی دونیا ناگۆڕمەوە.

ئـ- خۆم　　ب- خۆت　　پ- خۆی　　ت- خۆیان

٧. ئەو (ب خۆ) هاتە گرتن. ئەركی جێناوی (ب خۆ) چییە لەمانە:

ئ- بەركار ب- بكەر پ- جێگری بكەر ت- نیهاد

٨. جێناوی خۆیی لە ڕووی ڕەگەزەوە:

ئ- دوولایەنە ب- ڕەگەزی نێرە پ- ڕەگەزی مێیە ت- بێلایەنە

٩. لە ڕستەی (خۆمان خۆمانمان دەربازكرد.) ئەركی جێناوی (خۆمان)ی دووەم بریتییە لە:

ئ- بكەر ب- بەركار پ- دیارخەری ناو ت- نیهاد

## ڕاهێنان - ٣

**ئەم ڕستانە شیبكەوە:**

١. من خۆم چووم بۆ كتێبخانە.

٢. ئەو ب خۆ دهێتە دامەزراندن.

# جێناوی هەیی

**(ئ)**

١. نامەی تۆ هاتووە، هیی ئەو نەهاتووە.

٢. کتێبی من مەخوێنەوە، هیی خۆت بخوێنەوە.

٣. بە قەڵەمی من مەنووسە، بە هیی خۆت بنووسە.

٤. خانووەکانی ئێمە چاکن، هیی ئەوان چاک نین.

**(ب)**

١. نامەیێ تە هاتییە، یێ وی نەهاتییە.

٢. کتێبا من نەخوینە، یا خۆ بخوینە.

٣. ب قەلەمێ من نەنڤیسە، ب یێ خۆ بنڤیسە.

٤. خانیێن مە چاکن، یێن وان چاکنینە.

لەمەوبەر زانیومانە، کە جێناو لەجیاتی ناوێک یان شتێک لە ڕستەدا بەکاردێت، جێناوی (هەیی) بەتەنیا ناتوانێت ئەرک ببینێت، بەڵکو بە یارمەتیی وشەیەکی دیکە (ناو یان جێناو) گرێیەکی ناوی دروستدەکەن و ئەو کاتە ئەرک وەردەگرن.

ئەگەر سەیری ڕستەکانی بەشی (ئ) بکەین، دەبینین لەهەر ڕستەیەکدا جێناوێکی (هەیی) هەیە، کە لەجیاتی ناوی شتێک یا کەسێک کە خاوەنییەتی ئەرک دەبینن.

١. لە ڕستەی یەکەمدا جێناوی (هی) لە بری (نامە) بەکارهاتووە، کە (ئەو) خاوەنییەتی، لەم ڕستەیەدا جێناوی (هی) لەگەڵ جێناوی کەسیی سەربەخۆی (ئەو) گرێیەکی ناوی دروستدەکەن و ئەرکیان دەبێتە(بکەر).

٢. لە ڕستەی دووەمدا جێناوی (هی) لەشوێنی (کتێب) بەکارهاتووە، کە (خۆت) خاوەنییەتی، لەم ڕستەیەدا جێناوی (هی) لەگەڵ جێناوی خۆیی (خۆت) گرێیەکی ناوی دروستدەکەن و ئەرکی (بەرکار) دەبینن.

٣. لە ڕستەی سێیەمدا جێناوی (هی) لەجیاتی (قەڵەم) بەکارهاتووە، کە خۆت خاوەنیەتی بۆیە جێناوی (هی) لەگەڵ جێناوی خۆیی (خۆت) گرێیەکی ناوی دروستدەکەن و ئەرکی (تەواوکەری بەیاریدە) دەبینن.

٤. لەڕستەی چوارەمدا جێناوی (هی) لەشوێنی (خانوو) بەکارهاتووە، کە ئەوان خاوەنییەتی، لەم ڕستەیەدا جێناوی (هی) لەگەڵ جێناوی کەسی سەربەخۆیی ئەوان گرێیەکی ناوی دروستدەکەن و ئەرکی (نیهاد) دەبینن.

## دەستور

جێناوی هەیی (هی- ئی- یا- یێ- یێن) ئەو جێناوەیە کە بۆ خاوەنداریێتی بەکاردەهێنرێت و خاوەنەکەی دەشێت ناو، یان جێناو بێت و لە ڕستەدا ئەرکی ئەو ناوەی پێدەسپێررێت کە جێی دەگرێتەوە.

کاتێک جێناوی هەیی لەگەڵ وشەیەک دێت، ئەوا گرێی ناوی دروستدەکات، گرێی ناویش وەک ناو گشت ئەرکەکانی ناو دەبینێت. گرێی ناوی (هیی ئەوان) لە ڕستەدا ئەم ئەرکانە دەبینێت:

| | |
|---|---|
| ١- بکەر: | برای ئێمە هات، هیی ئەوان نەهات. |
| ٢- بەرکار: | هیی ئەوان بهێنە. |
| ٣- جێگری بکەر: | هیی ئەوان فرۆشراوە. |
| ٤- تەواوکەری بەیاریدە: | بە هیی ئەوان نامە دەنووسم. |
| ٥- نیهاد: | هیی ئەوان خوێندەوارە. |
| ٦- تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواو: | پارەکە هیی ئەوانە. |
| ٧- تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو: | ماڵی من لە هیی ئەوان جوانترە. |

## تێبینی

جێناوی هەیی نابێتە دیارخەر، چونکە خۆی دیارخراوە پێویستی بە دیارخەر هەیە.

## ڕاهێنان - ١

**جێناوی (هی) لەگەڵ دیارخەرەکەی لە سێ ڕستەدا بەکاربهێنە بە مەرجێك ببێتە:**

١. بکەر. ٢. بەرکار ٣. تەواوکەری بەیاریدە.

## ڕاهێنان - ٢

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

١. خانووی ئێوە کۆنە، هیی ئێمە تازەیە. ئەرکی (هیی ئێمە)

ئـ - بەرکار ب- دیارخەری ناو پ- جێگری بکەر ت- نیهاد

٢. ئەم کراسە لە هیی منە. ئەرکی (هیی من)

ئـ - تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو ب- تەواوکەری بەیاریدە

پ- نیهاد ت- بکەر

٣. ب پێنووسێ خۆ وانێ بنڤیسە. ئەگەر لە جیاتی (پێنووسێ) جێناوی هەیی دابنێین دەبێتە

ئـ- هیی ب- هین پ- یا ت- یێ

٤. ئەڤ هنارە یێن هەڵەبجەن. جێناوی (یێن) بەکاردێت بۆ ناوی:

ئـ- تاکی مێ ب- تاکی نێر پ- کۆی نێر و مێ ت- هەموویان

٥. کتێبا من نەخوینە، یا خۆ بخوینە. ئەرکی (یا خۆ): بریتییە لە:

ئـ- بکەر ب- بەرکار پ- نیهاد ت- جێگری بکەر

٦. کام لەم جێناوانە بێ دیارخەر لە ڕستەدا بەکارنایێت؟

ئـ - کەسی سەربەخۆ ب- پرس پ- هەیی ت- خۆیی

## ڕاهێنان - ٣

**ئەم ڕستانە شیبکەوە:**

١. وتاری یەکەم هیی هێمن بوو.

٢. باخچێ مە ژ یێ وە جوانترە.

# هاوەڵناوی بکەر

## یەکەم: هاوەڵناوی بکەری دارِێژراو

١. مرۆڤی نووسەر ڕوناکبیرە.

٢. دەردی کوشندە ئازاری زۆرە.

٣. ب دەستێن لەرزۆک و ب چاڤێن گریۆک ژینا خۆ نەبوورینە.

٤. مرۆڤی زانا خزمەتدەکات.

٥. کوڕە نانەواکە دەستپاکە.

٦. مرۆڤی نڤستی هایی ژ خۆ نینە.

٧. میوەی گەیشتوو بخۆن.

٨. منداڵی نابینا شایانی یارمەتیدانە.

٩. شەهید نەمرە.

١٠. خوای پەروەردگار کەسی دادگەر سەردەخات.

ئەگەر بەوردی ڕستەکان بخوێنینەوە و لێیان وردبینەوە، دەبینین لەهەر ڕستەیەکدا، پەیڤێک یان زیاتر لە پەیڤێک هەیە کە واتای بکەری دەبەخشێت و ئاماژە بە ئەنجامدەرەکە دەکات، بۆ نمونە:

١. لە ڕستەکانی یەکەم تا پێنجەم وشەکانی (نووسەر، کوشندە، لەرزۆک، گریۆک، زانا) کەسێک دەردەخەن کە سیفەتی هەمیشەیی دەبەخشن بە ئەنجامدەرەکەی و هەریەکەیان لە (ڕەگی کار + پاشگر) دروستکراون و هاوەڵناوی بکەری دارِێژراون.

٢. لە ڕستەی پێنجەمدا پەیڤی (نانەوا) ئاماژە بە کەسێک دەکات کە سیفەتێکی هەمیشەیی هەڵگرتووە و لە(ناوی بەرجەستە و پاشگرێک) دروستبووە و بووەتە هاوەڵناوی بکەری دارِێژراون.

٣. لە ڕستەی شەشەمدا پەیڤی (نڤستی) هەر ئەو مەبەستە دەبەخشێت کە پەیڤە دەستنیشانکراوەکان لەڕستەکانی پێشوودا دەیبەخشن، بەڵام لەڕووی دروستبوونەوە لە قەدی چاوگی (نڤستن) و پاشگری (ی) دروستبووە و ئاماژە بەو کەسە دەکات کە کاری نوستنەکەی ئەنجامداوە، بۆتە هاوەڵناوی بکەری دارِێژراو.

٤. لە ڕستەی حەوتەمدا دەبینین پاشگری(وو) یان (ی)دەخرێتە سەر قەدی چاوگی (گەیشتن) بۆ ئەوەی بیکات بە (گەیشتوو-گەیشتی) کە هاوەڵناوێکی بکەری داڕێژراوە.

٥. لە ڕستەی هەشتەمدا پەیڤی (نابینا)، هاوەڵناوی بکەری داڕێژراوە و لە (پێشگر و ڕەگی کار و پاشگر) دروستکراوە و سیفەتێکی هەمیشەیی بە کەسەکە دەدات.

٦. لە ڕستەی نۆیەمدا (نەمر)، هاوەڵناوی بکەری داڕێژراوە و لە پێشگر و ڕەگی کار هاتیە دروستکردن.

٧. لە ڕستەی دەیەمدا دوو پەیڤ هەن کو دبنە هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو، ئەو دوو پەیڤەش بریتین لە: (پەروەردگار) و (دادگەر)، کە هەردووکیان بە یەک دەستور دروستکراون ئەویش ناوی واتایی و پاشگرە.

## دەستور

**هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو:** پەیڤێکە کارێکی ئەنجامداوە بۆی بووەتە سیفەتێکی هەمیشەیی. سەرچاوەی دروستکردنی ئەڤ جۆرە هاوەڵناوە (چاوگ یا ناوە).

**چەند ڕێگایەکی دروستکردنی هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو.**

### یەکەم: ناوی واتایی + پاشگر

ئ- پاشگری (مەند) وەک: هۆشمەند، بەهرەمەند...

ب- پاشگری (بار) وەک: تاوانبار، ستەمبار...

پ- پاشگری (گەر) وەک: دادگەر، ستەمگەر...

ت- پاشگری (گار) وەک: پەروەردگار...

ج- پاشگری (وان، ڤان) وەک: مەلەوان، هۆزانڤان...

چ- پاشگری (ناک) وەکو: خەمناک.

ح- پاشگری (وەر) وەک: بەهرەوەر.

## دووەم رەگی کار + پاشگر

ئ- پاشگری (ەر) وەک: بینەر، خوێنەر.

ب- پاشگری (یار) وەک: بڕیار، زانیار.

پ- پاشگری (ندە) وەک: بەخشندە.

ت- پاشگری (ۆک) وەک: گەڕۆک، مژۆک.

ج- پاشگری (ەک) وەک: گیرەک.

چ- پاشگری (ا) وەک: بینا، زانا

## سێیەم ناوی بەرجەستە + پاشگر

هەندێکیشیان دەچنە سەر ناوی بەرجەستە و دەیانکەن بە هاوەڵناوی بکەری دارێژراو وەک.

ئ- ەوا، ەوان، ڤان، وەک: نانەوا، شاخەوان، دارڤان

ب- وەر، وەک: سەروەر.

## چوارەم پێشگر + رەگی کار + پاشگر

پێشگر + رەگی کار + پاشگر، وەک:

ب + خۆ + ەر = بخۆر، نەخۆر

ب + کە + ەر = بکەر، نەکەر

## پێنجەم پێشگر + رەگی کار

پێشگر + رەگی کار، وەک: بمر، بسۆت، بنووس، بگۆڕ، نەگۆڕ، نەکوژ

هەندێک رەگی کاری چاوگی دارژاوە دەبێتە هاوەڵناوی بکەری دارێژراو، وەک:

هەڵگر، راگر، هەڵبەز

## شەشەم قەد + پاشگر

ئ - پاشگری (وو، ی) کە دەچێتە سەر قەدی چاوگی تێنەپەڕی (تائی و دالی)وەک:

- نووســتن   نووست + وو = نووستوو / نوستی.

نووســـت+ ی = نووستی

- مردن   مــــرد + وو = مردوو / مردی.

مــــرد + ی = مردی

بەڵام ئەگەر چاوگەکە (یائی) بوو ئەوا پاشگر دەبێتە (و) لەجیاتی (وو) وەک:

- فڕین  فڕی  فڕیو  (فڕی).
- بەزین  بەزی  بەزیو  (بەزی).

ب- پاشگری (ەوار، ەڤان) دەچێتە سەر قەدی چاوگی تێپەڕ و دەیکا بە هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو وەک:

- خوێندن = خوێند + ەوار = خوێندەوار (خوێندەڤان)

## تێبینی

١. ئەو هاوەڵناوە بکەرییە داڕێژراوانەی کە بە پاشگری (ندە) کۆتاییان دێت و لە ڕەگی کارەوە دروستدەبن بە زۆری بۆ کار و سیفەتێکی ناجێگیر بەکاردێن، بۆ نمونە کە دەڵێین: (کوشندە) مەبەستمان کەسێکە یان شتێکە کە کاری کوشتنەکە ئەنجامدەدات و بە ئەنجامدانی کارەکە سیفەتەکەی لەسەر لادەچێت، ئەم جۆرە هاوەڵناوە بکەرانە لە کوردیدا بەکارهێنانیان دەگمەن و کەمە.

٢. ئەو هاوەڵناوە بکەر داڕێژراوانەی کە لە ڕەگی کار و پاشگری (ا) دروستدەکرێت جۆرە بەردەوامی و جێگیری و هێزێک لە کار و سیفەتیاندا هەیە، وەک (زانا)، واتە کەسێک ئەو سیفەتەی بە بەردەوامی تێدا هەبێت.

٣. پاشگری (گەر) کە دەخرێنە سەر ناوی واتایی و دەیکەنە هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو، جۆرە زێدەڕۆییەک لە سیفەتەکەیدا ڕوودەدات بۆ نمونە (ستەمگەر) کەسێکە کە زوڵم و ستەمێکی زۆری لێ چاوەڕوان دەکرێت.

٤. پاشـــگری (گــەر) ئەگەر خرایە ســـەر نــاوی بەرجەســـتە، نایکات بە هاوەڵنــاوی بکەری داڕێــژراو، بەڵکو دەیکاتە ناوی پیشـــە وەک: (ئاســـنگەر، دەرمانگەر، مســـگەر.....).

٥. هاوەڵنــاوی بکــەری داڕێــژراو لــە ڕســـتەدا دەبێتــە دیارخــەری نــاو یــان جێنــاو یان تەواوکــەری کاری ناتــەواو.

٦. ناوی بکەری داڕێژراو، گشت ئەرکەکانی ناو دەبینێت.

## ڕاهێنان - ١

**لەم چاوگانەی خوارەوە هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو دروست بکە و چۆنیەتی دروستکردنیان بنووسە:**

( سوتاندن- گۆڕین- نقستن- تێکردن- هەڵکەفتن )

## ڕاهێنان - ٢

**ئەم پرسیارانە وەڵامبدەوە:**

١. جیاوازی لەنێوان ئەو هاوەڵناوە بکەرە داڕێژراوانەی کە بەهۆی پاشگری (ەر) و پاشگری (گەر) دروست دەکرێن چییە؟ لەڕووی دروستبوون و سیفەتەکانیانەوە.

٢. جیاوازی لەنێوان هەردوو پەیڤی (ستەمگەر) و (ئاسنگەر) چییە؟ لە ڕووی:

ئـ - شێوەی دروستکردن.

ب- مەبەستی بەکارهێنان.

## ڕاهێنان - ٣

**لە ڕستەی (گەلی زانا و تێگەیشتوو بە ئامانج دەگات):**

١. وشەی زانا چییە و چۆن دروستکراوە؟

٢. وشەی تێگەیشتوو چییە و چۆن دروستکراوە؟

٣. وشەی (زانا)، (تێگەیشتوو) ئەرکیان چییە؟

٤. وشەیەکی تر بهێنە کە بەشێوەی وشەی (زانا) دروستکرابێت.

٥. وشەیەکی تر بهێنە کە بەشێوەی وشەی (تێگەیشتوو) دروستکرابێت.

## ڕاهێنان - ٤

**لە چاوگی (بەزین، بینین) بە چەند ڕێگا هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو دروست دەکرێت؟ دەستنیشانیان بکە لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە:**

# هاوەڵناوی بکەر

## دووەم: هاوەڵناوی بکەری لێکدراو

١. کەسی ڕۆژنامەنووس بەدوای هەواڵدا دەگەڕێت.

٢. سەرکردەی گەشبین ناڕوخێت.

٣. لاوە ڕاوکەرەکەم دیت.

٤. ئەو بەڕە خۆکردەکەی کڕی.

لەبابەتـی هاوەڵناوی بکەری داڕێژراودا ئەوەمان دەرخسـت، کە ئەو جۆرە هاوەڵناوە بـە پلـەی یەکـەم لە چاوگـەوە بـە یارمەتیـی پاشـگر و پێشـگر دروسـتدەکرێت، هەروەها هەندێکیشـیان لەڕووی دروسـتبوونەوە سـەرچاوەکەیان ناوی واتایی و بەرجەستەیە لەگەڵ پاشـگر. لەم وانەیەشـدا ئەگـەر ئـەم نمونانەی هێناومانـن بخوێننـەوە دەبینین:

١. لـە ڕسـتەی یەکەمدا پەیڤی ( ڕۆژنامەنووس) بەکارهاتووە کـە لە ناوی (ڕۆژنامە) و ڕەگی (نـووس) دروسـتبووە و سـەرچاوەی پەیڤەکـەش چاوگی لێکـدراوی (ڕۆژنامەنووسـین)ە، بـەم پێیـە پەیڤـی (ڕۆژنامەنـووس)وەک هاوەڵنـاوی بکـەری لێکـدراو بەکارهاتـووە و ئـەم هاوەڵنـاوە سـیفەتێکی هەمیشـەیی بـەو کەسـانە دەدات کـە کارو پیشـەی ئەمان ڕۆژنامەنووسـییە.

٢. لە ڕسـتەی دووەمدا (گەشـبین) بەکارهاتـووە ئەم پەیڤەش لە هاوەڵناوی سـادەی (گەش) و لەڕەگـی کاری چاوگـی (بیـن)ەوە دروسـتبووە و پەیڤەکـە وەسـفی ناوی (سـەرکردە) دەکات کـە لـە ڕسـتەدایە، ئەم پەیڤـەش وەکـو هاوەڵناوی بکـەری لێکـدراو بەکارهاتووە چونکە سـیفەتێکی بـەردەوام بەو کەسـانە دەدات کە گەشـبینن.

٣. لـە نمونەی سـێیەمدا پەیڤـی (ڕاوکەر) بەکارهاتـووە ئەم پەیڤەش لەنـاوی (ڕاو) و (ڕەگی کار)ی (کـە) و پاشـگری (ەر) دروسـتبووە و سـەرچاوەی دروسـتکردنی دەگەڕێتەوە بۆ چاوگی لێکدراوی (ڕاوکردن)و سـیفەتێکی هەمیشـەییش بە خاوەنەکـەی دەدات کە ئەویش سیفەتی ڕاوکردنە.

٤. لــە نمونــەی چوارەمــدا پەیڤــی (خۆکــرد) دێتــە بەرچــاو کە لــە جێناوی خۆیــی (خۆ) و قــەدی (کرد)ی چاوگی تێپەڕی (کردن)ەوە دروســتبووە و ئــەم پەیڤەش وەکو هاوەڵناوێکی بکەری لێکــدراو بەکارهاتووە.

## دەستور

**هاوەڵناوی بکەری لێکدراو:** پەیڤێکە سیفەتێکی هەمیشەیی و توانایەکی تایبەتی بە هەڵگرەکەی دەبەخشێت و ئەم جۆرە هاوەڵناوە بکەرانەش لە کوردیدا بە چەند شێوەیەک دروستدەکرێن، گرنگترینیان ئەمانەن:

١ ناو لەگەڵ ڕەگی کار وەک:

گوڵفرۆش، وتارنووس، سەرتاش

٢ هاوەڵناو لەگەڵ ڕەگی کار، وەک:

تیژڕۆ، ڕەشپۆش، گەشبین، خۆشنووس

٣ هاوەڵکار لەگەڵ ڕەگی کار لەگەڵ پاشگر، وەک:

کەمخۆر، زۆرخۆر

٤ هاوەڵکار لەگەڵ ڕەگی کار وەک:

زۆرزان، دووربین، کەمبین

٥ ناو لەگەڵ ڕەگی کار لەگەڵ پاشگر، وەک:

نانخۆر، ئیشکەر، ناندەر

٦ ناو یان جێناوی خۆیی لەگەڵ قەدی چاوگی تێپەڕ وەک:

دەستکرد، خۆکرد.

٧ جێناوی خۆیی لەگەڵ ڕەگی کار وەک:

خۆڕاگر، خۆهەڵکێش، خۆناس.

٨ ناو لەگەڵ قەدی چاوگی تێپەڕ لەگەڵ پاشگری (وو) یان (ی) یان (ە) وەک:

کارکردوو (کارکردی، کارکردە)

گۆشتخواردوو (گۆشتخواردی، گۆشتخواردە)

## تێبینی

هاوەڵنــاوی بکــەری لێکدراو وەک ناو لەڕســتەدا بەکاردێت و لەم بــارەدا دەتوانین ناوی لێبنێیــن (ناوی بکــەر)، هەروەها تایبەتمەندییەکانی ناویــش وەردەگرێت وەک:

ئـ . دەکرێ کۆبکرێتەوە وەک:

خواپەرستان لە پەرستگەکاندا دەژین.

گوڵفرۆشان شادی دەبەخشن.

ب. دەکرێت وەک ناو ناسراو و نەناسراو بێت:

دەرمانفرۆشەکە کۆمەڵێک دەرمانی بەسەرچووی فڕێدا.

دەرمانفرۆشێکم لەڕێگادا بینی.

پ. ئەرکەکانــی نــاو دەبینێــت، دەبێتــە (بکــەر، بــەرکار، نیهــاد، تەواوکــەری بەیاریــدە، دیارخــەری نــاو، جێگــری بکــەر، تەواوکــەری کاری ناتــەواو). وەک:

١. وێنەگرەکە دوو وێنەی بۆ گرتین. ← (بکەر)

٢. وێنەگرەکەمان لە ئاهەنگی نەورۆز دیت. ← (بەرکار)

٣. وێنەگرەکە شارەزایە. ← (نیهادە)

٤. پارەکە بۆ وێنەگرەکە دەنێرم. ← (تەواوکەری بەیاریدە)

٥. وێنەی وێنەگرەکە زۆر جوان بوو. ← (دیارخەری ناو)

٦. ئەمە وێنەگرەکەیە. ← (تەواوکەری کاری ناتەواوە)

٧. وێنەگرەکە بینرا. ← (جێگری بکەر)

ت. هاوەڵنــاوی بکــەری لێکــدراو، وەک هاوەڵناوێک دەبێتە دیارخــەری ناو و تەواوکەری کاری ناتەواو.

## ڕاهێنان - ١

**ئەم پرسیارانە وەڵامبدەوە:**

١. جیاوازی لەنێوان هاوەڵناوی بکەری داڕێژراو و لێکدراو چییە؟ لە ڕووی دروستبوونەوە؟

٢. کەی هاوەڵناوی بکەری لێکدراو وەکو ناو لەڕستەدا بەکاردێت و ئەو ئەرکانەش چین کە پێی دەسپێررێت؟

## ڕاهێنان - ٢

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە.**

١. نامەبەرەکە گەیشت. ئەرکی (نامەبەرەکە) بریتییە لە:

ئ – بەرکار ب– بکەر پ– جێگری بکەر ت– نیهاد

٢. کام لەم هاوەڵناوانە لە یاسای ڕەگی کاری چاوگی داڕێژراو دروستبووە؟

ئ – نەبەز ب– بوێر پ– نەخۆر ت– ڕاگر

٣. مرۆڤی خۆهەڵکێش ناپەسندە. یاسای دروستبوونی (خۆهەڵکێش) بریتییە لە:

ئ – ناو+ڕەگی کار ب– جێناوی خۆیی+ڕەگی کار+پاشگر
پ– جێناوی خۆیی+ڕەگی کار ت– هاوەڵناو+ڕەگی کار

٤. پاشگری (گەر) ئەگەر خرایە سەر ناوی بەرجەستە چ دروستدەکات؟

ئ– ناوی بکەر ب– ناوی تایبەتی پ– ناوی پیشە ت– هاوەڵناوی بکەر

٥. ئەمە برای تێکۆشەرە. ئەرکی (تێکۆشەر) بریتییە لە:

ئ– تەواوکەری کار ب– تەواوکەری کاری ناتەواو
پ– دیارخەری ناو ت– نیهاد

## ڕاهێنان - ٣

**لەم ڕستە و دێرە شیعرانەدا جۆری وشە هێڵ و بەژێردا هاتووەکان و چۆنیەتی دروستبوونیان و ئەرکەکانیان پیشانبدە:**

١. مرۆڤی کێم پرس زوو تشتی فێرنابت.

٢. چەرخی ستەمکار خراپی پێکردین.

٣. ئەوە موژگانی تۆیە یان تیرێکی دڵدۆزە.

٤. زاڵمەی لە خوا نەترسەی کافرەی بێ مروەتە
قاتلەی عاشقکوژەی جەللادەکەی خونخوارەکەم

## ڕاهێنان - ٤

**لەم چاوگانە (گرتن، ماڵین، کێشان، بردن) هاوەڵناوی بکەری لێکدراو دروستبکە و چۆنیەتی دروستبوونی بنووسە.**

## هاوەڵناوی کراو

### یەکەم: هاوەڵناوی کراوی داڕێژراو

١. نامەیەکی نووسراوم بۆ ئازاد نارد.

٢. زەویی کێڵراو دانەوێڵەی لێدەچێندرێت.

٣. نانی سووتاو و ماستی ترشاو مەخۆ.

٤. لە گەشت و سەیراندا خەڵک زیاتر گۆشتی برژاو دەخۆن.

٥. پارەی سێوە فرۆشراوەکانم وەرگرت.

٦. میوەی بژاردە بکڕە.

لەوانەکانی پێشوودا و لە باسی هاوەڵناوی بکەردا گوتمان ئەو جۆرە هاوەڵناوانە سیفەتێکی هەمیشەیی بە خاوەنەکانیان دەبەخشن و ئاماژە بە بکەرەکە دەکەن. لەم بابەتە تازەیەشدا ئەگەر بەوردی تەماشای ڕستەکان بکەین دەبینین کە:

١. لە ڕستەی یەکەمدا پەیڤی (نامە) ناوێکی گشتییە لەپاڵ پەیڤی (نووسراو)دا بەکارهاتووە کە لە چاوگی (نووسین) وەرگیراوە بووەتە سیفەتێکی هەمیشەیی بۆ پەیڤی (نامە)کە و کردەوەیەکی بەسەرداهاتووە و ئەم کردەوەیە، ئەو سیفەتە هەمیشەییەی پێبەخشیوە.

٢. لە ڕستەی دووەمدا پەیڤی (کێڵراو) و لەگەڵ پەیڤی (زەوی) بەکارهاتووە لەڕووی دروستبوونەوە لە چاوگی (کێڵان) دروستکراوە سیفەتێکی هەمیشەیی بە (زەوی)یەکە دەدات.

٣. لە ڕستەی سێیەم و چوارەمدا پەیڤی (سووتاو، ترشاو ، برژاو ) کردەوەیەکی بەسەرداهاتووە و بۆی بووە بە سیفەتێکی هەمیشەیی و وەسفی پەیڤی (نان ، ماست، گۆشت)ی کردووە.

ئەمە لەڕووی واتاوە، لەڕووی دروستبوونیشەوە وشەکە دەچێتە سەر چاوگی (سووتان، ترشان ، برژان )، کە چاوگی سادەی تێنەپەڕی ئەلفین.

٤. لە ڕستەی پێنجەمدا پەیڤی (فرۆشراو) هاوەڵناوی کراوی داڕێژراوە و لەڕووی

دروستکردنەوە لەچاوگی تێپەڕی (فرۆشتن)ەوە وەرگیراوە.

٥. لە ڕستەی شەشەمدا پەیڤی (بژاردە) هاوەڵناوی کراوی داڕێژراوە و لەڕووی دروستکردنەوە لەچاوگی تێپەڕی (بژاردن)ەوە وەرگیراوە.

## دەستور

**هاوەڵناوی کراوی داڕێژراو:** پەیڤێکە کردەوەیەکی بەسەردا هاتووە و ئەم کردەوەیە بۆی بووە بە سیفەتێکی هەمیشەیی بێ ئەوەی بزانین ئەوەی کردەوەکەی بەسەردا هێناوە کێیە یان چییە، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە ئەم جۆرە هاوەڵناوە داڕێژراوە بەزۆری لەو چاوگانە وەردەگیرێن کە تێپەڕ و نادیارن، هاوەڵناوە داڕێژراوەکەش وەسفی ناوێک یان جێناوێک دەکات کە لە پێشییەوە هاتووە، هەر کاتێکیش ئەم جۆرە پەیڤانە بەتەنیا لە ڕستەدا بەکاربێن و ناو و جێناویان لەگەڵدا نەیەت ئەوا دەبنە ناو و بە (ناوی کراو) دەناسرێن، بۆ نمونە:

١. نامە نووسراوەکەم بە دەست گەیشت. (نووسراو) هاوەڵناوی کراوی داڕێژراوە

٢. نووسراوەکەم بە دەست گەیشت. (نووسراو) ناوی کراوە

لە ڕستەی یەکەمدا وشەی (نووسراو) هاوەڵناوی کراوە و وەسفی ناوی (نامە)ی کردووە و دیارخەرییەتی. کەچی لە ڕستەی دووەمدا وشەکە دەبێتە (ناوی کراو) و وەک ناوێکی ئاسایی بەکارهاتووە، دیارە لەم بارەدا هەموو ئەرکەکانی ناویش دەبینێت و تایبەتییەکانیشی وەردەگرێت.

### دروستکردنی هاوەڵناوی کراوی داڕێژراو:

أ- ئەم هاوەڵناوە کراوە بەزۆری لە چاوگی سادە و داڕێژراوی تێپەڕ دروستدەکرێت (ڕەگی کار) وەردەگرین ئینجا پاشگری (راو)یان (رای) دەخەینە سەر ڕەگەکە وەک:

نووسین ← نووس ← نووسراو(نووسرای)

هەڵواسین ← هەڵواس ← هەڵواسراو (هەڵواسرای)

**٢-** قەدی چاوگی ئەلفی تێنەپەڕ + پاشگر وەک:

شکان ← شکا ← شکاو (شکای)

ڕژان ← ڕژا ← ڕژاو (ڕژاوی)

لکان ← لکا ← لکاو (لکای)

چاوگە تێنەپەڕەکان هاوەڵناوی کراویان لێ دروست نابێت (تەنها چاوگە ئەلفییەکان نەبێت)، ئەم چاوگە ئەلفییانە هەر چەند تێنەپەڕبن چونکە لە پێکهاتندا لە چاوگە تێپەڕە نادیارەکان دەچن کە ئەوانیش هەموویان دەبنە چاوگی ئەلفی بۆیە لە دروستکردنی هاوەڵناوی کراوی داڕێژراو لەم چاوگە ئەلفییە تێنەپەڕانە، هەمان دەستوری وەرگرتنیان لە چاوگە تێپەڕە نادیارەکان بەکاردەهێنن.

**٣-** لە چاوگی تێپەڕ دەتوانین هاوەڵناوی کراوی داڕێژراو دروست بکەین بە وەرگرتنی قەدی چاوگ و زیادکردنی پاشگری (ە) وەک:

کوشتن ← کوشت + ە = کوشتە

بردن ← برد+ ە = بردە

هەڵبژاردن ← هەڵبژارد + ە = هەڵبژاردە

**٤-** ئەرکی هاوەڵناوی کراوی داڕێژراو، دەبێتە دیارخەری ناو، یان تەواوکەری کاری ناتەواو.

**٥-** ئەرکی ناوی کراوی داڕێژراو، گشت ئەرکەکانی ناو دەبینێت.

## ڕاهێنان - ١

**لەم چاوگانە هاوەڵناوی کراوی داڕێژراو دروستبکە و لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە؟**

(بینین، پێچان، چەسپاندن، بەستن، فرۆشتن، چنین)

## ڕاهێنان - ٢

**هاوەڵناوی کراوی داڕێژراو لەم ڕستانەدا دەربهێنە:**

١- زەویی کێڵراو بە بڕشتە.

٢- گوندنشینەکان جۆی خوسێنراو دەدەن بە وڵاخەکانیان.

٣- کاڵای فرۆشراو وەرناگیرێتەوە.

٤- خوێندکارە بەخشراوەکان خەڵاتکران.

## ڕاهێنان - ٣

**ئەم ڕستانەی خوارەوە شیبکەوە:**

١. جۆگەی هەڵبەستراو بەسودە.

٢. نووسراوەکان کۆدەکاتەوە.

## هاوەڵناوی کراو
## دووەم/ هاوەڵناوی کراوی لێکدراو

(أ)

١. جوتیارە ستەملێکراوەکە هەژارە.

٢. مرۆڤی دڵسووتاو مەڕەنجێنە.

٣. پرچی ڕەشداگیرساو جوانە.

٤. گەلی مافخوراو تێدەکۆشێت.

٥. دوای کڵاوی بابردوو مەکەوە.

(ب)

١. دڵسووتاو و ماڵڕماوان یارمەتی دەدرێن.

٢. بەشخوراوان تێدەکۆشن.

٣. خەڵاتکراوەکانم بینی.

هاوەڵناوی کراوی لێکدراو، کردەوەیەکی بەسەرداهاتووە کردەوەکەش بۆی بووە بە سیفەتێکی هەمیشەیی، بەڵام بکەری کردەوەکە دیار نییە و نازانین کێیە یان چییە. ئەگەر چاوێک بە سەرجەم ڕستەکاندا بخشێنین دەبینین ئەو پەیڤانە بەپێی چەند بنەمایێک بوونەتە هاوەڵناوی کراوی لێکدراو.

أ

١. لە ڕستەی یەکەمدا، پەیڤی (ستەملێکراو) کە سیفەتێکی هەمیشەیی بە جوتیارەکە دەبەخشێت، لە ناوێک و ڕەگی کاری چاوگی (لێکردن) و پاشگری (راو) دروستبووە.

٢. لە ڕستەی دووەمدا، پەیڤی (دڵسوتاو) وەسفی ناوی (مرۆڤ)مان پێکردووە، ئەم پەیڤە بووە بە سیفەتێکی هەمیشەیی و جۆری دروستکردنەکەی بریتییە لە ناوێک و قەدی

چاوگی تێنەپەڕی (سووتان) و پاشگری (و)، لێرەدا پێویستە سەرنج لە چاوگەکە بدەین کە تێنەپەڕ و ئەلفییە، ئەمەش لەوانەی ڕابردوو ڕوونکرایەوە.

٣. لە ڕستەی سێیەمدا پەیڤێکی تێدایە کە سیفەتێکی هەمیشەیی بە پەیڤە وەسفکراوەکە دەبەخشێت و خۆشی وەک ناوێکی گشتی پیشاندەدات. ئەم پەیڤە دەبێت بە هاوەڵناوی کراوی لێکدراو بە پێی دەستورێکی تایبەتییەوە دروستبووە. پەیڤەکەش بریتییە لە (ڕەشداگیرساو) کە وەسفی ناوی (پرچ) دەکات و بووە بە سیفەتێکی هەمیشەیی بۆی، ئەم هاوەڵناوە کراوە لێکدراوەش لە هاوەڵناوێک و قەدی چاوگی داڕێژراوی تێنەپەڕی ئەلفی (داگیرسان) و پاشگری (و) دروستبووە.

لە ڕستەکانی تریش (مافخوراو، بابردوو) هاوەڵناوی کراوی لێکدراون.

## ب

ئەگەر سەرنج لە کۆمەڵە ڕستەی (ب) بدەین، دەبینین لە هەریەک لەم ڕستانەدا پەیڤێک یان زیاتر هەیە کە بەهەمان یاسای سەرەوە دروستکراون، ناوێک یان جێناوێکیان لەپێش نەهاتووە و ئەم پەیڤانە نەبوونەتە سیفەت بۆ پەیڤی تر، بۆیە ناکرێت ناویان بنێین (هاوەڵناوی کراوی لێکدراو) بەڵکو پێیان دەوترێت(ناوی کراوی لێکدراو) بۆ نمونە:

١- لە ڕستەی یەکەمدا هەردوو پەیڤی (دڵسووتاو) و (ماڵڕماو) وەکو ناوێک لە ڕستەکەدا بەکارهاتوون و ئەم دوو ناوەش ئەرکی (جێگری بکەریان) پێسپێردراوە لە دروستبوونیشیاندا لە ناوێک و قەدی چاوگێکی تێنەپەڕی ئەلفی و پاشگری (و) دروستکراون، بەڵام نەبوونەتە سیفەتێکی هەمیشەیی بۆ هیچ ناوێک یان جێناوێک، بۆیە لەم بارەدا دەکرێت پێیان بڵێین (ناوی کراوی لێکدراو).

٢- لە ڕستەی دووەمدا پەیڤی(بەشخوراوان) ئەرکی بکەری لەڕستەکەدا هەڵگرتووە و تایبەتمەندییەکی ناوی پێوەیە کە ئەویش (کۆ)یە، وەسفی هیچ ناوێک یان جێناوێک ناکات، تەنیا ئەرکە تایبەتییەکەی ناو دەبینێت، بۆیە ئەویش هەر پێی دەگوترێ (ناوی کراو) و لێکدراویشە، چونکە لەناوی (بەش)و ڕەگی کاری چاوگی (خواردن) و پاشگری (راو) دروستبووە.

٣- لە ڕستەی سێیەمدا پەیڤی (خەڵاتکراوەکان) ناوێکی کراوی لێکدراوە، ئەرکی بەرکاری بینیوە.

## دەستور

**هاوەڵناوی کراوی لێکدراو:** پەیڤێکە کردەوەیەکی بەسەرداهاتووە، ئەم کردەوەیە بۆی بووە بە سیفەتێکی هەمیشەیی، (بکەر)ی کردەوەکە دیار نییە، دیارە هاوەڵناوە کراوە لێکدراوەکە وەسفی ناوێک یان جێناوێک دەکات کە لەپێشییەوە هاتووە، کاتێکیش هاوەڵناوەکە بەتەنیا بەکارهات، واتە هیچ ناوێک یان جێناوێکی لەگەڵدا بەکارنەهات ئەوا دەبێتە (ناوی کراو) کە وەک ناوێک لە ڕستەدا بەکاردێت.

هاوەڵناوی کراوی لێکدراو یان (ناوی کراوی لێکدراو) بە زۆری لە چاوگی لێکدراوی تێپەڕ وەردەگیرێت، چونکە کاری تێپەڕ، بەرکار وەردەگرێت، هەرچەندە دەتوانین لە چاوگی تێنەپەڕی ئەلفیشەوە وەربیگرین هەروەک لەمەوبەر ئاماژەمان پێکرد.

دروستکردنی هاوەڵناوی کراوی لێکدراو، یان (ناو کراوی لێکدراو):

ئەم جۆرە هاوەڵناوە بەزۆری لە چاوگە تێپەڕە لێکدراوەکان دروست دەکرێت و ئەم دروستکردنە بەپێی چەند بنەمایێک جیبەجێدەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. ناوێک لەگەڵ (ڕەگی کار) و پاشگری (راو) یان (رای):

ناو + ڕەگی کار = هاوەڵناوی کراو

سەر + تاش + راو (رای) سەرتاشراو - سەرتاشرای

٢. ناوێک یان هاوەڵناوێک + قەدی چاوگی ئەلفی تێنەپەڕ + پاشگری (و) یان (ی) :

ناو + قەد + پاشگر = هاوەڵناوی کراو

ماڵ + سووتا + (و - ی) = ماڵسووتاو (ماڵسووتای)

٣. هاوەڵناو + قەد + پاشگری(و) یان (ی)

ڕەش + هەڵگەڕا + ی = ڕەشهەڵگەڕای.

ڕەش + هەڵگەڕا + و = ڕەشهەڵگەڕاو

٤. ناو + قەدی چاوگی تێپەڕی (دالی وتائیو واوی)+ پاشگری (وو) یان (ی، ە):

با + برد + وو(ی)، ە = با بردوو (بابردی، بابردە)

گورگ + خوارد + وو = گورگخواردووە

گورگ + خوارد + ی = گورگخواردی

گورگ + خوارد + ە = گورگخواردە

## ڕاهێنان - ١

**جۆرو شێوەی دروستکردنی ئەم هاوەڵناوانەی خوارەوە دیاربکە:**

(ببەز، فرۆشراو، خوێندەوار، گەشبین، دەستبڕ، دەستکرد، ستەمبار، مارانگەستی، نوسراو)

## ڕاهێنان - ٢

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە.**

١. نابێت پیاو دوای کڵاوی بابردوو بکەوێت. (بابردوو) دروستبووە بە دەستوری:

ئ - ناو + قەد | ب- ناو + ڕەگ + پاشگر

پ- هاوەڵناو + قەد + پاشگر | ت- ناو + قەد + پاشگر

٢. پیاوی بەرگدروو جلوبەرگی کوردی دەدروێت. پەیڤی (بەرگدروو) هاوەڵناوی:

ئ - بکەری داڕێژراو | ب- بکەری لێکدراو

پ- کراوی داڕێژراو | ت- کراوی لێکدراو

٣. بەکرێگیراوان ناگەن بەئامانج. ئەرکی (بەکرێگیراوان)بریتییە لە:

ئ - نیهاد | ب- بەرکار

پ- بکەر | ت- جێگری بکەر

٤. مرۆڤی دڵسووتاو دڵدانەوەی دەوێت. ئەرکی (دڵسووتاو) بریتییە لە:

ئ- دیارخەر | ب- بەرکار | پ- بکەر | ت- جێگری بکەر

٥. فرۆشراو وەرناگیرێتەوە. پەیڤی (فرۆشراو) بریتییە لە:

ئ- ناوی بکەری داڕێژراو | ب- هاوەڵناوی کراوی داڕێژراو

پ- ناوی کراوی داڕێژراو | ت- هاوەڵناوی لێکدراو

## ڕاهێنان - ٣

**لە چاوگی (بردن، خواردن) بە چەند ڕێگە هاوەڵناوی بکەری لێکدراو، هاوەڵناوی کراوی لێکدراو دروست دەکرێت؟ نیشانی بدە و لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە.**

## ڕاهێنان - ٤

**ئەم ڕستانەی خوارەوە شیبکەوە:**

١. گەلی بەشخوراو مافەکانی داوادەکات.

٢. چیرۆکێکی هەڵبژاردەم بەباشی خوێندەوە.

# هاوەڵکار

١. دوێنێ بەفر باری.

٢. وانەکەمان خێرا تەواوبوو.

٣. میوانەکە زۆر دانیشت.

ئەگەر سەیری ڕستەکانی سەرەوە بکەین و لە کارەکان وردبینەوە دەبینین:

١- لە ڕستەی یەکەمدا دەمانتوانی بڵێین (بەفر باری) بەڵام بۆ ئەوەی سنورێک بۆ دەمی ڕودانی کاری ڕستەکە دابنێین پەیڤی (دوێنێ)مان بەکارهێناوە بەهۆیەوە توانیمان ڕودانی کاتی کارەکە ئاشکرا بکەین.

٢- لە ڕستەی دووەمدا مەبەستمانە چۆنییەتی تەواوبوونی کارەکە دەربخەین لەبەرئەوە پەنامان بردە بەر پەیڤی (خێرا) و سنورێکمان بۆ واتای کارەکە دانا.

٣- لە ڕستەی سێیەمدا پەیڤی (زۆر) هاوەڵکارە چونکە وەسفی کاری (دانیشت)ی کردووە. چەندییە چونکە ئەندازەی (دانیشتنی میوانەکەی) بۆ دەرخستووین، ئەگەر ئەم پەیڤە لە ڕستەکەدا نەبوایە نەماندەزانی کە (میوانەکە) چەند (دانیشت)، لەبەرئەوە بەم پەیڤەیە دەگوترێت (هاوەڵکاری چەندی).

## دەستور

**هاوەڵکار:** پەیڤێکە یان گرێیەکە کاری ڕستە ڕووندەکاتەوە دەربارەی (چۆنییەتی، کاتی، شوێنی، چەندی، ڕێکخستن.....)ی دەردەخات و سنورێک بۆ تەواوکردنی واتاکەی دادەنێت و دەبێتە تەواوکەری کارکەکە.

## تەواوکردنی کار بە هاوەڵکاری کاتی

١- هەڵەبجە لەشازدەی ئازاردا کیمیابارانکرا.

٢- شڤان لەمێژە تێدەکۆشێت.

٣- ئاهەنگەکە دوێنێ بوو.

٤- مرۆڤ هەرگیز واز لە ئازادی ناهێنێت.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا کارەکان بە هاوەڵکار تەواوکراون.

١- لە ڕستەی یەکەمدا پەیڤی (لەشازدەی ئازاردا) کاتی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە پیشاندەدات و دەردەخات، بۆیە پێی دەگوترێت هاوەڵکاری کاتی و دەبێتە تەواوکەری کاری ڕستەکە.

٢- لە ڕستەی دووەمدا پەیڤی (لەمێژە) هاوەڵکارە تێکۆشانی گەلی کوردستان دەردەخات و دەبێتە تەواوکەری کاری ڕستەکە.

٣- لە ڕستەی سێیەمدا پەیڤی (دوێنێ) هاوەڵکارە چونکە کاتی گێڕانی ئاهەنگەکە دەردەخات تەواوکەری کاری ناتەواوی ڕستەکەیە.

٤- لە ڕستەی چوارەمدا پەیڤی (هەرگیز) ئەوە دەردەخات کە هیچ کاتێک مرۆڤ واز لە بیری ئازادی ناهێنێت بۆیە تەواوکەری کاری ڕستەکەیە.

### دەستور

**هاوەڵکاری کاتی:** ئەو هاوەڵکارەیە کاتی ڕوودانی کاری ڕستە دەردەخات و دەبێتە تەواوکەری کاری ڕستەکە چ ڕابردوو بێت یان ڕانەبردوو یان داخوازی، کاری ڕستەکە تێپەڕ بێت یان تێنەپەڕ، دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو... وەڵامی پرسیاری (کەی، کەنگی، لە کەیەوە، چ کاتێ) دەداتەوە. ئەمانەش بەشێکن لە هاوەڵکاری کاتی (ئێستا، ئەمڕۆ، سبەهی، پشتی نیڤرۆ، نهۆ، لەم ڕۆژانەدا، چەند ڕۆژێکی دی، بەم زووانە، بەهارێ، ئیرۆ، ئێڤارێ، جاران، ئەمساڵ، لەمێژە، هەمیشە، لەمەولا، تا بەیانی، لەوساوە، بەرێ، پێرێ، سوبەهی...هتد).

## ڕاهێنان - ١

هاوەڵكارەكانی (بەم زووانە- ئێستا- ئەمساڵ) لە ڕستەدا بەكاربهێنە بە مەرجێك هاوەڵكاری یەكەم ببێتە تەواوكەری كاری تێنەپەڕ و دووەم ببێت بە تەواوكەری كاری ناتەواو و هاوەڵكاری سێیەم ببێت بە تەواوكەری كاری تێپەڕ.

## ڕاهێنان - ٢

**لە ڕستەی (پێرێ ڕۆمانەكەی خوێندەوە.)**

١. (پێرێ) چییە؟ ئەركی چییە؟
٢. بكەری ڕستەكە دیاربكە؟
٣. (خوێندەوە) چ جۆرە كارێكە؟ چۆن دروستكراوە؟
٤. كاری ڕستەكە بگۆڕە بۆ ڕانەبردوو ئینجا ڕستەكە بنووسەوە.

## تەواوکردنی کار بە هاوەڵکاری شوێنی

١- ڕەوەندەکان لەژێر ڕەشماڵەکە دانیشتبوون.

٢- قەڵای بانەمان لەنێوان هەولێر و پیرمامە.

٣- قوتابییەکان بەناوباخەکەدا دەسوڕانەوە.

٤- کتێبەکەم لەسەرمێزەکە دانا.

لەم نمونانەی سەرەوەدا کارەکان بە هاوەڵکار تەواوکراون.

١- لە نمونەی یەکەمدا (لەژێر ڕەشماڵەکە) شوێنی ڕوودانی کارەکە دەردەخەن، بۆیە دەبنە هاوەڵکاری شوێنی و دەبنە تەواوکەری کارەکان.

٢- لە نمونەی دووەمدا (نێوان هەولێر و پیرمام) شوێنی کاری ڕستەکە دەردەخات بۆیە هاوەڵکاری شوێنییە و تەواوکەری کاری ڕستەکەیە.

٣- لە نمونەی سێیەمدا (بەناوباخەکە) شوێنی ڕوودانی کارەکە دەردەخات بۆیە هاوەڵکاری شوێنیە و دەبێتە تەواوکەری کاری ڕستەکە.

٤- لە نمونەی چوارەمدا دەستەواژەی (لەسەرمێزەکە) هاوەڵکاری شوێنییە و شوێنی ڕوودانی کارەکە دەردەخات و تەواوکەری کاری ڕستەکەیە.

### دەستور

**هاوەڵکاری شوێنی:** ئەو هاوەڵکارەیە شوێنی ڕودانی کاری ڕستە دەردەخات، وەڵامی وشەی پرسی (لەکوێ) دەداتەوە، دەبێتە تەواوکەری کاری تێپەر و تێنەپەڕ بە هەموو دەمەکانیەوە (رابردوو، رانەبردوو، داخوازی).

ئەمانەش بەشێکن لە هاوەڵکارە شوێنییەکان (لەسەر، لەژێر، لەخوار، لەبن، لەکن، پاش، پێش، لەسەرەوە، لەنێو، لەناو، لەتەنیشت، چەپ، ڕاست، لەوێ، لێرە، ژخارێ، ل نک، دناڤ ، خارێ، بنڕا، ل ژووری، ل ژێری، لەناو ئەشکەوتەکە، لەسەردارەکە، لەبنەوە...هتد).

## ڕاهێنان - ١

**ئەم هاوەڵکارانەی خوارەوە بەکاربێنە لە ڕستەدا بەمەرجێك ببنە:**

**( لەنزیك، لەتەنیشت، لێرە )**

١- تەواوکەری کاری تێپەڕ.

٢- تەواوکەری کاری تێنەپەڕ.

٣- تەواوکەری کاری داخوازی.

## ڕاهێنان - ٢

**لە ڕستەی (لەڕۆخ ڕوبارەکە دانیشتبوون).**

١- هاوەڵکارەکە دەربهێنە و شیبکەوە؟

٢- (ن) کۆتایی دانیشتبوون چییە و ئەرکی چییە؟

٣- کاری ڕستەکە دەربهێنە و شیبکەوە؟

٤- کاری ڕستەکە بگۆڕە بۆ ڕابردووی بەردەوام ئینجا ڕستەکە بنووسەوە؟

# تەواوکردنی کار بە هاوەڵکاری چۆنییەتی

١. جەژنی نەورۆزمان بەخۆشی بەسەربرد.

٢. ڕۆمانەکەم بەوردی خوێندەوە.

٣. کێشەکەم ژیرانە چارەسەرکرد.

٤. هەڤاڵ بەدڵخۆشی گەڕایەوە ماڵ.

٥. داڕشتنەکە جوان نووسرا.

لەم نمونانەی سەرەوەدا کارەکان بە هاوەڵکار تەواوکراون.

١- لە نمونەی یەکەمدا پەیڤی (بەخۆشی) چۆنیەتی بەسەربردنی جەژنی نەورۆز دەردەخات، بۆیە هاوەڵکاری چۆنیەتییە و تەواوکەری کاری ڕستەکەیە.

٢- لە نمونەی دووەمدا پەیڤی (بەوردی) چۆنیەتی گەڕانی کەسەکە پیشان دەدات بۆیە هاوەڵکاری چۆنیەتییە و تەواوکەری کاری ڕستەکەیە.

٣- لە نمونەی سێیەمدا پەیڤی (ژیرانە) چۆنیەتی چارەسەری کێشەکە دەردەخات بۆیە هاوەڵکاری چۆنیەتییە و تەواوکەری کاری ڕستەکەیە.

٤- لە نمونەی چوارەمدا پەیڤی (بەدڵخۆشی) چۆنییەتی گەڕانەوەی هەڤاڵ پیشاندەدات بۆ ماڵەوە بۆیە هاوەڵکاری چۆنیەتییە و تەواوکەری کارەکەیە.

٥- لە نمونەی پێنجەمدا پەیڤی (جوان) چۆنییەتی نووسینەوەی داڕشتنەکە دەردەخات بۆیە هاوەڵکاری چۆنیەتییە و تەواوکەری کاری ڕستەکەیە.

## دەستور

**هاوەڵـکاری چۆنییەتـی:** ئـەو هاوەڵکارەیە کـە چۆنییەتی ڕوودانی کاری ڕســتەکە پیشــاندەدات و وەســفی دەکات، وەڵامــی وشــەی پرســی (چۆن، چــاوان، چــاوان....) دەداتــەوە ئەم وشــانەش بەشــێکن لــە هاوەڵــکاری چۆنییەتی.

(شــێرانە، ئازایانــە، مەردانە، ژیرانە، بەگریان، بەڕاکردن، شــێتانە، بەگەرمی، بەســاردی، بەباشی، بەخۆشــی، بەناخۆشی، بەتوڕەیی، دەماودەم، پشتاوپشت، بقنجی، بەدروستی، مێرانە، بدینــی، بپاکی، بلەز،هتد).

## تێبینی

هەندێــک وشــە هــەن ئەگــەر لە ڕســتەدا وەســفی ناوێک یــان جێناوێــک بکەن، یاخــود ببنــە تەواوکــەری کارێکی ناتەواو ئــەوا دەبنە هاوەڵناوی چۆنیەتــی وەک:(جوان، بــاش، خــراپ، ڕێــک، بــەرز، چــاک، توند...هتــد) بــۆ نمونە:

نمرەکانم باش بوون.

نمرەیەکی باشی لە زمانی کوردی وەرگرتووە.

باخچەیەکی جوانیان هەیە.

شیعرەکانیان بەرزن.

چیا بڵندەکە دڵگیرە.

لە ڕستەکانی سەرەوەدا وشەکانی (باش، جوان، بەرز، بڵند) هاوەڵناوی چۆنیەتین، چونکە لە ڕســتە وەســفی ناوەکان دەکەن. ئەگەر ئەم وشــانە وەســفی کارێکی تەواو بکەن لە ڕســتەدا ئــەوا دەبنە هاوەڵــکاری چۆنییەتی و دەبنە تەواوکەری کاری ڕســتەکە وەک:

وانەکانم باش خوێند.

باخچەکەیان جوان ئاودابوو.

هۆنراوەکەی بەرز هەڵسەنگاندووە.

لەم ڕســتانەی ســەرەوەدا وشــەکانی (باش، جوان، بەرز) چونکە وەسفی کاری ڕستەکان دەکــەن و چۆنییەتــی ڕوودانــی کارەکان پیشــاندەدەن بۆیــە دەبــن بــە هاوەڵــکاری چۆنییەتــی و تەواوکەری کاری ڕســتەکان.

## ڕاهێنان - ١

**لە ڕستەی (زەویەکەی بەجوانی کێڵابوو).**

١- بکەری ڕستەکە دەربهێنە و شیبکەوە؟

٢- بەجوانی چییە؟ ئەرکی چییە؟

٣- هاوەڵکارەکە بە هاوەڵکاری کاتی بگۆڕە و ئینجا ڕستەکە بنووسەوە؟

٤- کاری ڕستەکە شیبکەوە؟

## ڕاهێنان - ٢

**ئەم وشانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە بە مەرجێك جارێك ببنە هاوەڵناو جارێك ببنە هاوەڵکاری چۆنییەتی:**

١. ڕێک

٢. چاک

٣. بەهێز

## ڕاهێنان - ٣

**ئەم ڕستانەی خوارەوە شیبکەوە:**

١. مەلەوانەکە بەمەلە لە ڕووبارەکە دەربازبوو.

٢. ڕاوکەرەکان بەسواری چوون بۆ ڕاو.

## تەواوکردنی کار بە هاوەڵکاری ڕێکخستن

١. پیاوەکان دەستە دەستە دەهاتن.

٢. باران نم نم دەبارێت.

٣. پێشمەرگەکان پۆل پۆل گەیشتن.

٤. زارۆ دوو دوو ڕۆیشتن.

ئەگەر ســەرنج بدەینە ڕستەکانی ســەرەوە دەبینین پەیڤی(دەستە دەستە، نم  نم، پۆل پۆل، دوو دوو) کە ڕێکخستن و ڕیزکردنیان تێدایە پێیان دەوترێت هاوەڵکاری ڕێکخستن چونکە:

١. لە ڕســتەی یەکەمدا پەیڤی (دەســتە دەســتە) هاوەڵکاری ڕێکخســتنە چونکــە واتای کاری (دەهــات)ی تەواوکــردووە و شــێوەی ڕوودانــی کارەکەی دەرخســتووە، ئەگەر وشــەی (دەســتە دەســتە) نەبوایــە نەمان دەزانــی کە کارەکە بــە چ شــێوەیەک ڕوویداوە.

٢. لە ڕســتەی دووەمدا پەیڤی (نم نم) هاوەڵکاری ڕێکخســتنە چونکــە واتای کاری (دەبارێت) تــەواودەکات و شــێوەی ڕوودانــی کارەکــە دەردەخــات، ئەگــەر پەیڤی (نم نــم) نەبێت لە ڕســتەکەدا نازانیــن کە کارەکە بە چ شــێوەیەک ڕوودەدات.

٣. لە ڕســتەی ســێیەمدا پەیڤی (پۆل پۆل) هاوەڵکاری ڕێکخســتنە، چونکە شــێوەی ڕوودانی کاری ( گەیشــت) دەردەخــات واتاشــی تەواوکــردووە، ئەگــەر پەیڤی (پۆل پــۆل) نەبوایە، نەمــان دەزانی کــە کارەکە بە چ شــێوەیەک ڕوویداوە.

٤. لە ڕســتەی چوارەمدا پەیڤی (دوو دوو) هاوەڵکاری ڕێکخســتنە، چونکە شــێوەی ڕوودانی کاری (ڕۆیشــت)ی دەرخستووە و واتاشی تەواوکردووە، ئەگەر پەیڤی (دوو دوو) نەبوایە، نەمــان دەزانی کە کارەکە بە چ شــێوەیەک ڕوویداوە.

### دەستور

**هاوەڵـکاری ڕێکخسـتن:** ئــەو هاوەڵکارەیــە کــە لــە ڕســتەدا شــێوەی ڕێکخســتنی ڕوودانــی کارەکــە دەردەخات و واتاشــی تەواودەکات، هەمیشــە دەبێتــە تەواوکەری کاری تەواو لە ڕســتەدا، وەکو: (دەســتە دەســتە، پۆل پۆل، کۆمەڵ کۆمەڵ، دوو دوو، شەش شــەش،....).

## ڕاهێنان - ١

**ئەم پرسیارانە بە هاوەڵکاری ڕێکخستن وەڵام بدەوە:**

١. میوانەکان چۆن دەهاتن؟

٢. گەنمەکە چۆن درویّنەکراوە؟

٣. یاریکەرەکان چۆن بە مەشق دەڕۆن؟

٤. سانا ئاوەکەی چۆن خواردەوە؟

## ڕاهێنان - ٢

**ئەم ڕستانەی خوارەوە شیبکەوە:**

١. یاریزانەکان دوو دوو هاتن.

٢. پێشمەرگەکان پۆل پۆل لەژێرباران بەدڵسۆزی مەشقیاندەکرد.

# تەواوکردنی کار بە هاوەڵکاری چەندی

١. ئەمساڵ باران زۆر باری.

٢. ڕۆژگاری سەختم گەلێ دیوە.

٣. پرسیارەکان نەختێ ئاسانکران.

٤. هێندە هەوڵمدا تا پێگەیشتم.

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم ڕستانەی لای سەرەوە دەبینین:

١. لە ڕستەی یەکەمدا پەیڤی (زۆر) هاوەڵکاری چەندییە و تەواوکەری کاری (باری)ە، چونکە چەندێتی ڕوودانی کارەکەی دەرخستووە.

٢. لە ڕستەی دووەمدا پەیڤی (گەلێ) هاوەڵکاری چەندییە و تەواوکەری (دیوە)یە، چونکە چەندێتی ڕوودانی کارەکەی دەرخستووە.

٣. لە ڕستەی سێیەمدا پەیڤی (نەختێ) هاوەڵکاری چەندییە و تەواوکەری کاری (ئاسانکران)، چونکە چەندێتی ڕوودانی کارەکە دەردەخات.

٤. لە ڕستەی شەشەمدا پەیڤی (هێندە) هاوەڵکاری چەندییە و تەواوکەری (پێگەیشتم)ە، چونکە چەندێتی ڕوودانی کاری (پێگەیشتم)ی دەرخستووە.

## دەستور

**هاوەڵکاری چەندی:** ئەو هاوەڵکارەیە کە لە ڕستەدا چەندێتی ڕوودانی کارێکی تەواو (تێپەڕ و تێنەپەڕ) پیشاندەدات و دەبێتە تەواوکەری کارەکە. ئەمانە بەشێکن لە هاوەڵکاری چەندی وەک: (زۆر، کەم، کێم، گەلێک، تۆزێ، هەندێک، نەختێ، پیچێک، فرە، کۆڵێ،...).

## تێبینی -١-

هەمان ئەم وشانە دەبنە هاوەڵناوی نادیاریش ئەگەر وەسفی ناوێک یان جێناوێک بکات یان ببنە تەواوکەری کاری ناتەواو.

١- میوەیەکی زۆرم کڕی.

٢- میوانەکان زۆر بوون.

## تێبینی - ٢ -

هاوەڵکاری چەندی دەبێتە دیارخەری هاوەڵکاری چۆنیەتی و کاتی و شوێنی.

١- وانەکەم زۆرباش خوێندووە.

٢. تاقیکردنەوەکە گەلێک زوو ئەنجامدرا.

٣. میوانەکە هەندێک دوور دانیشتووە.

## ڕاهێنان - ١

**ئەم هاوەڵكارە چەندییانە لە ڕستەدا بەكاربهێنە بە مەرجێك سێیانیان ببنە تەواوكەری كاری تێپەڕ، سێیانیان ببنە تەواوكەری كاری تێنەپەڕ:**

(کۆڵێ، فرە، هەندێک، پیچێک، گەلێک، کەم )

## ڕاهێنان - ٢

**لەڕستەی (بەڵێن شیعری زۆر لەبەركردووە):**

ئ- (ی) لەدوای وشەی شیعر چییە و ئەرکی چییە؟

ب- هاوەڵکار دەربهێنە و شیبکەوە؟

پ- کام وشە بەرکاری ڕستەکەیە؟

ت-کاری (لەبەرکردووە) بە چەند جۆرە هاوەڵکاری تر تەواو دەکرێت؟ بە نمونە پیشانی بدە.

## ڕاهێنان - ٣

**ئەم هاوەڵكارانە لە ڕستەدا بەكاربهێنە و جۆرەكانیان پیشانبدە:**

(هەمیشە، گەلێ، بەخێرایی، پێرار، تاوتاو، لەناوەڕاست)

# ئەرکی هاوەڵکار لە ڕستەدا

١. پار چووین بۆ دهۆک.
٢. ئاڤ گەلەک زوو کەلی.
٣. پێڵاوەکەم جوان لەپێکرد.
٤. من ماسی دناڤ گۆمێدا گرتن.
٥. باران نم نم دەبارێت.

هاوەڵکار ئەو وشەیە کە سنورێک بۆ ڕوودانی واتای کاری ڕستە دادەنێت و ڕوویەکی ڕوودانی ئەو کارە ئاشکرا دەکات و دەبێتە تەواوکەری واتای کارەکە.

١- لە ڕستەی یەکەمدا هاوەڵکاری (پار) سنورێکی بۆ کاتی ڕوودانی کاری ڕستەکە داناوە و بووە بە تەواوکەری کارەکە.

٢- لە ڕستەی دووەمدا هاوەڵکاری (زوو) تەواوکەری کاری (کەلی)یە، بەڵام بۆ دەرخستنی ئەندازەی ئەو (زوو)وە و دیارخستنی واتاکەی هاوەڵکاری (گەلەک)مان لە پێشەوە بەکارهێنا، لەم ڕستەیەدا هاوەڵکاری (گەلەک) دیارخەری هاوەڵکاری (زوو)وە و هەردوو پێکەوە دەبنە گرێی هاوەڵکاری و کارەکە تەواودەکەن.

ئەگەر جارێکی تر لە ڕستەکانی (٢،١) وردبینەوە، دەبینین هاوەڵکارەکان ئەرکی خۆیان وەک تەواوکەری کارەکان دەبینین.

٣- لە ڕستەی سێیەمدا پەیڤی (جوان) ئەرکی خۆی وەک هاوەڵکار دەبینێت و دەبێتە تەواوکەری کارەکە.

٤- لە ڕستەی چوارەمدا گرێی هاوەڵکاری (دناڤ گۆمێدا) تەواوکەری کاری ڕستەکەیە.

٥- لە ڕستەی پێنجەمدا پەیڤی (نم نم) دەوری خۆی وەک هاوەڵکار دەبینێت و دەبێتە تەواوکەری کارەکە.

## دەستور

**هاوەڵکار:** هاوەڵکار ئەو وشەیە کە سنورێک بۆ ڕوودانی واتای کاری ڕستە دادەنێت و ڕوویەکی ڕوودانی ئەو کارە ئاشکرا دەکات و دەبێتە تەواوکەری واتای کارەکە.
هاوەڵکار ئەرکی دەبێتە:
١- تەواوکەری کار
٢- دیارخەری هاوەڵکارێکی تر

## ڕاهێنان - ١

**نمونەی ڕستەیی بۆ ئەم داواكارییانە بهێنەوە:**

١. ڕستەیەک هاوەڵکارەکەی دیارخەری هاوەڵکارێکی تر بێت.
٢. ڕستەیەک هاوەڵکارەکەی لە پەیڤێک و پێشگرێک دروستکرابێت.
٣. ڕستەیەک هاوەڵکارێکی شوێنی تێدابێت.
٤. ڕستەیەک هاوەڵکارێکی چۆنییەتی تێدابێت.
٥. ڕستەیەک هاوەڵکارێکی ڕێکخستنی تێدابێت.

## ڕاهێنان - ٢

**لەڕستەی (پێشمەرگەکان زۆر بەخێرایی لە ڕوبارەکە دەپەڕینەوە):**

١- بکەری ڕستەکە شیبکەوە؟
٢- (زۆر بەخێرایی) چۆن شیدەکرێتەوە؟
٣- کاری ڕستەکە دیاربکە؟
٤- ئایا دەکرێت بێژەی (زۆر بەخێرایی) لە ڕستەدا لاببرێت؟ بۆچی؟
٥- ڕستەکە بە زاری کرمانجی سەروو بنووسەوە.

## ڕاهێنان - ٣

**ئەم هاوەڵکارانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە:**

(زۆرباش، گەلێک جوان، تۆزێک بەخێرایی، هەندێک بەهێواشی )

## ڕاهێنان - ٤

**ئەم ڕستەیەی خوارەوە شیبکەوە:**

مەلەوانەکە زۆر بەخێرایی منداڵەکەی ڕزگارکرد.

## ڕاهێنان - ٥

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە.**

١. هاوەڵکاری کاتی دەبێتە وەڵامی پرسیاری:

ئ- چۆن ب- لەکوێ پ- کەی ت- بە چ شێوەیەک

٢. دانا کەمێک درەنگ ڕۆیشت (کەمێک درەنگ) بریتییە لە:

ئ- گرێی ناوی ب- گرێی هاوەڵناوی پ- گرێی کاری ت- گرێی هاوەڵکاری

٣. یەکێک لەم هاوەڵکارانە دەبێتە دیارخەری هاوەڵکارێکی تر.

ئ- چەندی ب- ڕێکخستن پ- شوێنی ت- کاتی

٤. خۆر لەخۆرهەڵاتەوە هەڵدێت. (لەخۆرهەڵاتەوە) هاوەڵکاری:

ئ- چەندییە ب- چۆنییەتییە پ- شوێنییە ت- کاتییە

٥. بەڵێن هۆنراوەکەی باش لەبەرکردووە. ئەرکی (باش) بریتییە لە:

ئ- دیارخەری ناو ب- دیارخەری هاوەڵکار

پ- تەواوکەری کار ت- تەواوکەری کاری ناتەواو

٦. بەناو باخچەی پاشادا ورد گەڕام خواروژوور. لەم نیوە دێرەدا چەند جۆری هاوەڵکار هەن؟

ئ- یەک ب- دوو پ- سێ پ- چوار

٧. باران دەم دەم دەبارێت. وشەی (دەم دەم) بریتییە لە: هاوەڵکاری:

ئ- ڕێکخستن ب- چۆنییەتی پ- شوێنی ت- کاتی

٨. بەهارێ گەشت دەکەین. (بەهارێ) هاوەڵکاری:

ئ- چەندییە ب- چۆنییەتییە پ- شوێنییە ت- کاتییە


٩. ئەڤرۆ کوردستان پێشدکەڤیت. (ئەڤرۆ) هاوەڵکاری:

ئ- سادەیە ب- داڕێژراوە پ- لێکدراوە ت- هیچیان

١٠. نەخۆشەکە کەمێک دەکۆخێت. (کەمێک) بریتییە لە هاوەڵکاری:

ئ- چەندی ب- چۆنییەتی پ- شوێنی ت- کاتی

# بەشی ئەرەب



# ڕێبازە ئەدەبییەکان

## ڕێبازی ڕۆمانسیزم:

کە یەکەمجار وشەی ڕۆمانسیزم دەبیستین، شتی خودی و خەیاڵی و سۆز و شەیدابوونی سروشت و خۆشەویستیی شوێنەواری کۆنمان بە بیردادێت. ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە ئەوروپا نزیکەی (سەدە و نیوێک) دوای دەرکەوتنی ڕێبازی کلاسیزم سەریهەڵدا. ئەم ڕێبازە نوێیە شۆڕشێک بوو دژی دەستور و بنەما دەقگرتووەکانی کلاسیزم. بەهەمان شێوە شۆڕشێک بوو بۆ ڕزگارکردنی ئەدەب و هونەر لەژێر دەسەڵاتی داسەپاوی ئەدەبی گریکی و لاتینیی کۆن.

ڕێبازی ڕۆمانسیزم ئازادکردنی حەز و خولیا و ڕەهاکردنی سۆزی مرۆڤە، کردنەوەی جیهانی بێسنوری سۆز و گیانە لە بەرهەمی ئەدەبی و هونەریدا.

## سەرچاوەی زمانەوانیی ڕۆمانسیزم:

وشەی ڕۆمانسیزم لە وشەی (ڕۆمانیۆس – Romanius)ەوە هاتووە. ڕۆمانیۆسیش بەو زمانانە دەگوترا کە لە زمانی لاتینییەوە پەیدابووبوون و لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە زمانی ڕەمەکی دادەنران. لە سەرەتای چاخی بوژانەوە (ڕێنسانس)یشدا، وردە وردە بوونە زمانی نووسین و جێگەی زمانی لاتینییان گرتەوە. مەبەستی ڕۆمانسیزمییەکان لە هەڵبژاردنی ئەم وشەیەدا ئەوە بوو کە مێژو و ئەدەب و کولتوری نەتەوایەتیی خۆیان لە گریک و لاتینی جیابکەنەوە.

ئەو بۆچوونەش هەیە کە وشەکە لە (ڕۆمانس – Romance) ەوە هاتبێت کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بۆ چیرۆکی خەیاڵی و سوارچاکی بەکاردەهات. ڕۆمانس پەیوەندی بە چینی خانەدان (ئۆرستۆکرات)ەوە هەبوو، بەڵام زمانەکەی سادە و ساکار بوو، زمانی میللەت بوو.

## سەردەمی دەرکەوتنی ڕێبازی ڕۆمانسیزم:

ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە ئەورووپا سەریهەڵدا، بەڵام لە هەموو وڵاتانیدا لەیەک کاتدا نەبوو. یەکەمجار (فریدریک شلیگل)ی ئەڵمانی ڕۆمانسیزمی وەک ڕێبازێکی ئەدەبی دژ بە کلاسیزم پەیڕەوکرد. (مەدام دی ستایل) لەژێر کاریگەری شلیگلدا لە فەرەنسا بانگەشەی بۆ کرد. ماوەی (١٨٠٠ – ١٨٣٠)ز بە ماوەی خۆگرتن و پەرەسەندنی ئەم ڕێبازە لە فەرەنسا دادەنرێت. (ڤیکتۆر هۆگۆ) ڕۆڵی سەرەکی لە چەسپاندنی ئەم ڕێبازە لە فەرنسادا هەبوو. ساڵی (١٨٢٧)ز شانۆنامەی (کرۆمۆیل)ی بڵاوکردەوە، ئەم شانۆنامەیە بە بەیاننامەی ڕۆمانسیزم دادەنرێت.

## تایبەتمەندییەکانی ڕێبازی ڕۆمانسیزم

لەبەرئەوەی ڕۆمانسیزم کاردانەوەبوو دژی دەستورە داسەپاوەکانی کلاسیزم، ئەگەر تایبەتمەندییەکانی کلاسیزم هەڵبگێڕینەوە، ئەوا تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانسیزممان دەستدەکەوێت کە گرینگترینیان ئەمانەن:

١- ڕۆمانسیزم دەسەڵاتی (عەقڵ) بەلاوەدەنێت. بایەخ بە ئازادکردنی هەست و سۆز دەدات. لەجیاتی مێشک، دڵ دەکاتە سەرچاوەی سروش و هەست و ویژدان.

٢- ڕۆمانسیزم گەڕانەوەیە بۆ باوەشی سروشتی کپ و هێمن. شاعیر بە سروشتدا هەڵدەڵێت و حەزدەکات بە گۆشەگیری تێکەڵی سروشت ببێت و لە باوەشی سروشتدا رابمێنێت و جڵەوی ئەندێشەی بەربدات.

٣- ڕۆمانسیزم لە دەربڕینی هەست و سۆز و جۆشی ناوەوەدا، باوەڕی بە ئازادی هەیە، گوێ بە هیچ دەستور و قالبێکی چەسپاو نادات.

٤- ڕۆمانسیزم بایەخ بە تاک (من)ی شاعیر و تاقیکردنەوەی تایبەتیی دەدات. ئەم خودی و تاکییەتییە لە خۆشەویستییەکی قوڵی تاڕادەی شەیدابوون خۆی دەبینێتەوە.

٥- ڕۆمانسیزم لە بایەخدانی بە کات و شوێندا، تووشی نامۆیی دەبێت، لەگەڵ سەردەم و شوێنی خۆی ناگونجێت، بە خەیاڵ بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە، خەم بۆ ساتە خۆشەکانی ڕابردوو دەخوات. بۆ ڕزگاربوونیش لە شار کە شوێنی خۆیەتی، بەرەو سروشت ڕادەکات

٦- ڕۆمانسیزمییەکان هیواو ئاواتیان زۆر بوو، بەڵام توانای بەدیهێنانی ئەو ئاواتانەیان نەبوو، ئەمەش بەرەو وەڕسبوون لە ژیان دەیبردن و گلەییان لە بەختی خۆیان و جەور و ستەمی زەمانە دەکرد.

٧- لای ڕۆمانسیزمییەکان ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەتی، لاساییکردنەوەی سروشت و ژیانە، بگرە داهێنانە. ئامرازی داهێنانیش لەلایەنی ئەندێشەی داهێنەرانەیە.

٨- ڕۆمانسیزمی ئەوروپی هەموو شتێکیان دەکردە بابەتی نووسین، وەک: دیمەنەکانی سروشت، مێژووی نەتەوایەتی، مۆرکی ناوچەیی، شتی تایبەتی لە جیاتی گشتی، شتی نائاسایی، کەلاوە، شەو، مردن، گۆڕ و خەون ..... هتد.

٩- ڕۆمانسیزم لە دەربڕیندا پەنادەباتە بەر هەندێ سیمای تایبەتی، وەک: ڕزگاربوون لە دەستور و یاسا، ئاڵۆزی، تێکەڵکردنی هەستەکان، بەناویەکداچوونی ئەرکی هونەرە جوانەکان و ڕەچاوکردنی لایەنی خودی و لیریکی.

# ڕۆمانسیزم لە ئەدەبی کوردیدا

ڕۆمانسیزم لە ئەدەبی کوردی زیاتر لە شیعردا دەردەکەوێت، نەک لە پەخشان. هەندێک بابەت و ڕەگەزی ڕۆمانسیزم بەر لە سەدەی بیستەم لە شیعرەکانی (بێسارانی و مەولەوی و حاجی قادر) و شاعیرانی دیکەش دەبینرێت، بەڵام بەشێوەیەکی دیار ئەو بابەت و ڕەگەزانە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا گەڵاڵەبوون، بە تایبەتی لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا.

شیعری نەتەوە دراوسێکان، بە تایبەتی شیعری نوێی تورکی لەو سەردەمەدا کاریگەری زۆری کردە سەر ئەو جوڵانەوە تازەیەی ئەدەبی کوردی کە لە گەڵاڵەبووندا بوو. شیعری ئەورووپیش چ بە شێوەی ناڕاستەوخۆ بێت کە لە ڕێی شیعری تورکییەوە بووە، چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ بێت، کاریگەری زۆری کردە سەر گوڕپێدانی جوڵانەوەی نوێگەریی شیعری کوردی. پێشەنگانی ئەم نوێخوازییەش لە ئەدەبی کوردیدا بریتیبوون لە (شێخ نوری شێخ ساڵح، ڕەشید نەجیب، گۆران و پیرەمێرد.....).

## بنەماکانی شیعری ڕۆمانسیزمی کوردی:

١- پشتکردنە کێشی عەروز کە شیعری کلاسیزمی کوردی پێنووسراوە و گەڕانەوە بۆ کێشی (پەنجەی خۆماڵی) کە کێشێکی ڕەسەنی کوردییە و لەسەر بنەمای ژمارەی برگەی لەتەدێرەکان پێکهاتووە. هەموو شیعری فۆلکلۆری کوردی و زۆربەی شیعری زاری گۆران و لوڕ بەو کێشە نووسراون.

٢- وازهێنان لە یەکێتی سەروا و بەکارهێنانی (جوتسەروا)، کە شاعیر بەپێی پێویست بەکاریدەهێنێت، بۆ ئەوەی لەپاڵ کێشە ڕەسەنەکە، ئاوازێکی تایبەتیش بە شیعرەکە بدات.

٣- یەکێتی بابەت لە شیعری ڕۆمانسیزمدا بەسەر هەموو شیعرەکەدا دابەشدەبێت. هەموو دێرەکان یەکێتییەکی پتەویان لە نێوانیاندا و پەیوەندییەکی واتایی و ئەدەبیی پتەو بەیەکیان دەبەستێتەوە. لابردن و زیادکردنی هەر دێرێک هۆنراوەکە دەشێوێنێت.

٤- بەکارهێنانی زمانێکی سادە و ئاسان کە هەموو کەس تێیبگات، نەک کۆمەڵێکی دەستەبژێر. وشەکانی کوردی پەتین و شاعیر بەپێی توانا خۆی لە بەکارهێنانی وشەی بێگانە دووردەخاتەوە. سەرەڕای ئەمە، نووسینەکەشی بۆ هەموو کەسێکە.

٥- شاعیر بەپێی توانا خۆی لە هونەرە ڕەوانبێژییە باوەکان لادەدات و بەدوای (لێکچواندن و خوازە و هونەری جوانکاری نوێدا) دەگەڕێت.

٦- گەڕانەوە بۆ سروشت و گەڕان بەدوای جوانییەکانی و خەمخواردن لە دیمەنە ناخۆشەکانی، وەک: وەرینی گەڵای درەخت و ڕاکشانی ئەستێرە و ئاوابوونی مانگ و خۆر ..... هتد.

٧- خۆشەویستییەکی پاک و بێگەرد، زۆرجاریش نائومێدبوون لە خۆشەویستی و ڕوانینە دواڕۆژ بە چاوی ڕەشبینانە و پەسەندکردنی گۆشەگیری و خۆدوورخستنەوە لە خەڵک لە شیعری ڕۆمانسیزم ڕەنگیداوەتەوە.

٨- باسکردنی دەرد و ئازاری تایبەتی و خۆدوورخستنەوە لە بابەت و هەست و سۆزی گشتی.


٩- رابردوو دەبێتە بوارێکی فراوان، ئەندێشەی شاعیری بۆ دەگەڕێتەوە. بابەتی ئەدەبی و دیمەنی گەش و جوانی لێوەردەگرێت و دووبارە دروستیدەکاتەوە.

١٠- سوودوەرگرتن لە کەلەپوری میللی بە هەموو کەرەستەی زمان و بابەتی ئەدەبییەوە. ئەمەش بۆ نووسینی بەرهەمی وا کە گیانی میللی و نەتەوایەتی و نیشتیمانی تێدا بدرەوشێتەوە.

## نمونەی شیعری ڕۆمانسیزمی کوردی:

### ١- لە زاری کرمانجی خواروودا

لە زاری کرمانجی خواروودا، سەرەتای نوێکردنەوەی شیعری کوردی و شکاندنی کۆت و یاساکانی کلاسیزم، لە بیستەکانی سەدەی بیستەم دەستیپێکرد. یەکێ لە ڕابەرانی ئەم نوێکردنەوەیە (گۆران)ی شاعیر بوو. لێرەدا کورتەی ژیان و نمونەیەکی شیعری ڕۆمانسیزمی دەنووسین و شیدەکەینەوە.



# گۆران
# (١٩٠٤ - ١٩٦٢) j

گـۆران نـاوی عەبدوڵڵایـە کـوڕی سـلێمانە نـەوەی عەبدوڵـڵا بەگـە. سـاڵی (١٩٠٤)ز لـە هەڵەبجـە لەدایکبـووە. لـە هەڵەبجـە و کەرکـوک خوێندوویەتـی، ماوەیـەک مامۆسـتای سـەرەتایی بـوو. دوای شۆڕشـی (١٤ی تەممـوزی ١٩٥٨) و کردنـەوەی بەشـی زمانـی کـوردی لـە کۆلێـژی ئـاداب لـە زانکـۆی بەغـدا، گـۆران بووەتـە مامۆسـتای وانەبێـژ و (ئـەدەب و ڕەخنـەی ئەدەبی) گووتووەتـەوە. لـە ژیانیدا ناخۆشـی و گرتـن و ئـازاری زۆری دیتـووە.

لـە( ١٩٦٢/١١/١٨ )کۆچـی دواییکـردووە. ئەمـەش نمونەیەکـە لـە شـیعرێکی ڕۆمانسـیزمی گـۆران.

---

* تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

# پــایـــز!

پایز! پایز!
بوکی پرچ زەرد
من مات، تۆ زیز
هەردوو هاودەرد!
من فرمێسکم، تۆ بارانت؛
من هەناسەم، تۆ بای ساردت
من خەم، تۆ هەوری گریانت
دوایی نایە: دادم، دادت
هەرگیز، هەرگیز
پایز! پایز!

**************

پایز! پایز!
شان و مل ڕووت،
من مات، تۆ زیز،
هەردووکمان جووت
هەرچەند گوڵ سیس ئەبێ بگرین
ئاڵتوونی دار ئەڕژێ بگرین
پۆلی باڵدار ئەفڕێ بگرین
بگرین .. بگرین .. چاومان نەسڕین
هەرگیز، هەرگیز
پایز! پایز!

(کۆپڵەی یەکەم بۆ لەبەرکردنە)

گۆران لەم شیعرەدا دەگاتە ئەوپەڕی ڕۆمانسیزم، سۆزێکی خەست و قوڵ بە سروشتی دەبەستێتەوە، لە خەمناکترین وەرزی ساڵدا کە پایزە، شاعیر بە جۆرێکی وا لەگەڵ سروشت و پایزدا تێکەڵدەبێت کە هەردووکیان دەبنە یەک و سنورێک لە نێوانیاندا نامێنێت.

گۆران بۆیە پایزی هەڵبژاردووە و لەو وەرزە چووەتە باوەشی سروشتەوە، چونکە مەرگی (جوانی) تێدادەبینێت. جوانیش لای گۆران هەموو شتێکە، نەمانی جوانیش زۆر ئازاری دەدات، دەیخاتە دونیایەکی پڕ لە ژان و ئازارەوە.

لەم شیعرەدا گۆران پایز وەک خودی خۆی دەبینێت، هەردووکیان هاودەردن. ئەم هاوکێشەیە ئەو کاتە بەرەو تەواوی دەچێت کە گۆران بەراوردەکە فراوانتر دەکات. دیاردەی خەم و ئازاری خۆی و هی سروشت بەرانبەر یەکتر ڕادەگرێت:

فرمێسک = باران
هەناسە = بای سارد
خەم = هەوری گریان

ئەم دیاردانە لە ڕوانگەی (گۆران)ەوە بەردەوامن و هەرگیز دادی خۆی و سروشت لە دەست ئەم نەهامەتیانە کۆتایی نایەت، بۆیە بەرەو نائومێدی ڕۆمانسیزمییانەی دەبات و داوادەکات لەگەڵ پایز هەر بگرین و چاویان نەسڕن.

ئەم شیعرە لەسەر بنەمای دوولایەنە دانراوە: شاعیر و سروشت (پایز). شاعیر لەنێوان خودی خۆی و بابەتی پایزدا هاوکێشەیەک دروستدەکات. هەردووکیان بەیەکەوە هەڵدەچنێت و تێکەڵ بەیەک دەبن و بەیەکەوەش بەرەو کۆتایی دەچن کە نائومێدییە.

## گرینگترین ڕەگەزە ڕۆمانسیزمییەکانی ئەم شیعرە

١- گەڕانــەوە بـۆ سروشــت و تێکەڵبوونی گیانی بەگیانــی لەگەڵ دیــاردە خەمناکەکانی، کــە ســۆزێکی قــوڵ لــە دڵــی شــاعیردا دەبزوێنــن و هاودەردییــەک لــە نێوانیانــدا دروســتدەبێت.

٢- خەمخــواردن بــۆ نەمانــی جوانــی کە لەم شــیعرەدا لە سیســبوونی گــوڵ و وەرینی گــەڵای درەخــت و فڕینــی باڵنــدە دەردەکەوێــت و هەمووشــیان نیشــانەی مردنــن. مردنیــش یەکێکــە لــەو بابەتانــەی، کــە ڕۆمانســیزم جەختــی لێدەکاتەوە.

٣- خەیاڵێکــی ڕۆمانســیزمیانەی فراوانــی تێدایــە و بووەتــە مایەی دروســتکردنی زۆر وێنــەی هونەریــی جــوان، وەک (بوکی پــرچ زەرد، شــان و مل ڕوت، ڕژانــی ئاڵتونی دار).

٤- هۆنراوەکە بە کێشــی پەنجەی خۆماڵی نووســراوە و کێشــێکی ئازادە، چونکە شاعیر کێشــی چوار بڕگەیی کــردووە بە بنەما، واتــە (٤) یان (٨) بڕگە.

٥- گــۆران ســێ (چواریــن)ی پێشــەوەی بە ســەروای (نــۆرەدار) هێناوە کــە بەمجۆرە داڕێــژراوە (ا ب ا ب). (چواریــن)ی کۆتاییشــی هەموو لەتەکانی لەســەر یەک ســەروا دەڕوات، ئەمــەش پێــی دەگوترێت (چواریــنــەی تەواو)، واتە (گــۆران) خۆی بە یەکێتی سەروا نەبەســتووەتەوە.

٦- وشــەکانی هەمــوو کوردیــن و خۆی لە وشــەی بێگانە نەداوە. ســەراپای شــیعرەکە یەک وشــەی تورکــی تێدایە، ئەویــش (ئاڵتون)ە.

٧- دووبارەکردنــەوەی هەنــدێ وشــەی تایبەتــی وەک (پایــز) کە کرۆکــی هۆنراوەکەیە و بابەتەکــەی دیــار و قوڵکــردووە. جگــە لەو ئاوازە ناســکەی لە دەنگی وشــەکانەوە پەیدادەبێــت و پــڕ ئاوازی خەمناکــی دەکات.


## نموونەی شیعری ڕۆمانسیزمی کوردی:

### ٢- لە زاری گۆراندا

شیعری زاری گۆران هەر لە سەرەتاوە ڕێچکەی تایبەتیی خۆی گرتووە و خاوەنی تایبەتمەندی و سیمای خۆی بووە، کە لە زۆر لاوە لە شیعری زارەکانی دیکەی زمانی کوردیەوە جودایە.

یەکێک لە سیما هەرە دیارەکانی شیعری ئەم زارە ئەوەیە کە بە دەگمەن نەبێت، نەکەوتووەتە ژێر کاریگەری کێشی عەروز و سەرواى یەکگرتووەوە. زۆر شاعیری بەتوانا لە چوارچێوەی ئەم زارەدا هەڵکەوتوون، (مەولەوی) یەکێکە لە شاعیرە هەرە بەرزەکانیان. شیعرەکانی مەولەوی پڕن لە سۆزی خودی و خەم و باسی مەرگ و وەسفی سروشت و هەستی سۆفیزمانەی قووڵ و سوتان بە دەردی دوری و بێزاری لە ژیان و خۆزگە خواستن بە مردن. ئەمانەش ڕەگەزە سەرەکییەکانی ڕۆمانسیزمن.

هەرچەندە لە سەردەمی مەولەویدا لە سەدەی نۆزدەم، ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە ئەدەبی کوردیدا دەرنەکەوتبوو، بەڵام دەتوانین زۆربەی شیعرەکانی مەولەوی بە ڕۆمانسیزم دابنێین، بۆیە لێرەدا نموونەیەک لە شیعری ڕۆمانسیزمی مەولەوی وەردەگرین و شیدەکەینەوە.



# مەولەوی
## (١٨٠٦-١٨٨٢)ز *

نـــاوی عەبدەلڕەحیـم مەلا ســەعیدە، نازنـــاوی (مەعـدوم)ە و بــە (مەولەوی)ناوبانگی دەرکــردووە. ســاڵی (١٨٠٦)ز لــە دێی (تاوەگۆز)ی ناوچەی سەرشــاتە لەدایکبووە. ســەرەتا لای باوکی خوێندوویەتی، پاشــان بۆ خوێندن (مەریوان ، چوڕ ، نەنە ، ســنە ، بانە ، ســلێمانی و هەڵەبجــە) گــەڕاوە. بـۆ جــاری دووەم دەچێتــە ســنە و لــە مزگەوتی (دار الاحســان) لای حاجــی مەلا ئەحمەدی نۆتشــی دەخوێنێ و ســاڵی (١٨٤١)ز ئیجــازەی مەلایەتی وەرگرتووە و دەگەڕێتــەوە زێـدی خـۆی پاشــان تەریقــەت لە شــێخ وەســمانی تەوێڵــە وەردەگرێت، لە (چـۆرە و بێژاوە و بیاوێڵ) و ئینجا سەرشــاتەی پشـت قەڵای (شـمێران)ی ســەر ســیروان دەرس دەڵێتــەوە و ســاڵی (١٨٨٢)ز هەر لەوێ کۆچــی دوایکردووە.

---

* تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

## نمونەی شیعری ڕۆمانسیزمی مەولەوی:

ئیمشەو هەم دیسان دەروون پڕ خەمەن
ئەساسـەی ماتـەم جـە لامان جـەمەن
نـە تـاو دووری دڵ بـێ قــەرارەن
بینایـی دیـدەم جـە خـەفەت تـارەن
شـریخە و گرمـەی هـەور دووریی دۆس
وەفەنـا بـەردەن مەغـز و ڕەگ و پۆس
شــەرارەی گرپـەی نـاری مەهجوری
کـەردەن وە غوبـار کـۆگای سـەبووری
نـە تاقـەت مەندەن نـە تـۆی دەروونـدا
نـە «لەیلێ» مـدیۆ وەلای «مەجنووندا»
یاخـوا مەردەنـی بـۆ وە میهمانـم
ئیتــر نــەوینوون دووری یارانــم
بەڵکـم خەلاسـیم نـەدەس دووریم بۆ
بـەو زووخ زامـان نەشـوون وە گڵکـۆ

(لە سەرەتاوە سێ دێری بۆ لەبەرکردنە)

..................................................................

## هاو واتا:

ماتەم : شین، تازیە، بەهی
جەلامان : لە لامان
جەم : کۆ، گرد، جەمەن، کۆبوونەتەوە، گردبوونەتەوە
نەتاو دووری : لەتاوی دووری
دیدە : چاو
تار : تاریک
دۆس : دۆست، برادەر
فەنا : لەناوچوون، نەمان
مەغز : مێشک، مژی
ڕەگ : دەماری لەش،
پۆس : پێستە

## گرینگترین ڕەگەزە ڕۆمانسیزمییەکانی ئەم شیعرە

١- شاعیر شەوی هەڵبژاردووە، باسی خەفەتی خۆی لە شەودا دەکات. شاعیرانی ڕۆمانسیزم زۆرجار پەنادەبەنە بەر شەو کە دونیا کپ و بێدەنگ دەبێت و هێمنی باڵ بەسەر دونیادا دەکێشێت. لەو ساتە کپ و هێمنەدا دەچنە ناو دونیای تایبەتی و ناوەوەی خۆیان و بیر لە خۆشیی بەسەرچوو و ئایندەی خەیاڵاوی دەکەنەوە.

٢- شاعیر باسی دوورکەوتنەوە (غوربەت) دەکات و کاریگەری ئەم دوورییە لەسەر هەست و هۆش و مێشک و دەمارەکانی پیشاندەدات. ئەم دوورکەوتنەوەیە شاعیر ئازاردەدات و وای لێدەکات بیر لە ساتە خۆشەکانی ڕابردوو بکاتەوە، کە لەگەڵ یارەکەی خەفەتی بەبا دەدا و ئێستاش کە بە دەست ئازاری دوری یارەوە دەتلێتەوە.

٣- لەم بارە دەروونییە سەختەی کە شاعیر لە ئەنجامی دوری یارەکەی تێیدابووە، توشی سەرگەردانی و نائومێدی دەبێت، هیوای بە دیداری دۆست نامێنێت و ژیانیش مانای تێدا نامینێت، چونکە دۆست و ژیان لای شاعیر دەبن بەیەک، ئیدی ئەو نائومێدییە دەگاتە لوتکە.

٤- مەولەوی وەک هەموو شاعیرانی زاری گۆران، کێشی برگە (پەنجە)ی پەیڕەوکردووە، هەموو شیعرەکەی لەسەر کێشی (٥+٥=١٠) برگە نووسیوە. ئەمەش کێشێکی زۆرباوی کوردییە و تەنانەت گۆرانی شاعیر ئەمەی بە کێشی نەتەوەیی داناوە.

٥- مەولەوی یەکێتیی سەروای پەیڕەونەکردووە، جوتسەروای بەکارهێناوە. جوتسەروا بواری زیاتر بۆ شاعیر دەرەخسێنێت، کە درێژە بە دەربڕینی هەستی ناوەوەی بدات و وشەی باشتر و لەبارتر هەڵبژێرێت.

٦- وشەی ڕەسەنی کوردی بەکارهێناوە، ئەگەر وشەی بێگانەشی بەکارهێنابێت، ئەوانەی بەکارهێناوە کە زۆر باون و هەموو کەس تێیاندەگات.

٧- لێکچواندن و خوازەکانی زۆر باون و هەموو کەس تێیاندەگات، بەدوای دارشتنی ئاڵۆزدا نەگەڕاوە.


## نمونەی شیعری ڕۆمانسیزمی کوردی:

### ٣/ لە زاری کرمانجی سەروودا:

لە زاری کرمانجی سەرودا وەک زاری کرمانجی خوارو، شیعری کوردی لەنێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا، گۆڕانی بنچینەیی بەخۆیەوە بینیوە و سیما و تایبەتمەندیی نوێی وەرگرت. نوێکردنەوەی شیعری زاری کرمانجی سەرو بەشێوەیەکی دیار لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا گەڵاڵەبووە، بەتایبەتی لە گۆڤارەکانی (هاوار، ڕۆناهی، ستێر) کە مینبەری بڵاوکردنەوەی شیعری نوێی ئەو زارە بوون.

زۆر شاعیری زاری کرمانجی سەرو ڕۆڵیان لەو نوێکردنەوەیەدا هەبوو، وەک (قەدری جان، کامەران بەدرخان و جگەرخوێن). ئەمانە وازیان لە دەستورەکانی شیعری کلاسیزم هێنا، بە شێوازێ نوێ بابەتی تازەیان هێنایە کایەوە. شیعری لیریکی و شۆڕشگێڕی لەو سەردەمەدا برەویان سەند، چونکە ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی بارودۆخی ئەوسای نەتەوەی کورد بوون. بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکانی کورد و ئەو نسکۆیانەی توشی کورد بوون، ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لەسەر هەست و سۆزی شاعیران، زۆریان لە ئەنجامی تێکشکانی ئەو بزوتنەوانە، توشی گۆشەگیری و نائومێدی بوون، هەندێکیان دەیانڕوانییە دوارۆژ و بڕوایان بە سەرکەوتن هەبوو. ئەمانە هەمووی لە شیعری ئەو کاتەدا دیارە.

یەکێ لەم شاعیرانەی هەر لە سەرەتاوە بە چاوێکی نوێ دەیڕوانییە ژیان و دەوروبەر و ڕەخنەی لە کەم و کورتییەکان دەگرت و بە شەهیدەکانی هەڵدەگوت؛ (جگەرخوێن) بوو کە پایەی لەو نوێکردنەوەیەدا زۆر ئاشکرا و دیارە. بۆیە لێرەدا نمونەیەکی شیعری ڕۆمانسیزمی جگەرخوێن وەردەگرین و لێکیدەدەینەوە.



# جگەر خوین
## (١٩٠٣-١٩٨٤)ز

*

ناوی شێخموس کوڕی حەسەن شێخ محەمەد کوڕی مەحمودە، ساڵی (١٩٠٣)ز لە گوندی (حەسار)ی دەڤەری (مێردین) لەدایکبووە. جگەرخوێن بە منداڵی ژیانێکی ناخۆش و هەژارانە ژیاوە. درەنگ دەستی بە خوێندن کردووە. لەدوای سەرکوتکردنی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥ز ناچاربووە جزیرەی کوردستانی تورکیا جێبهێڵێت و ڕوبکاتە سوریا و لە (عامودە) نیشتەجێبێت. لە گۆڤاری (هاوار) شیعری بڵاوکردووەتەوە. دوای شۆڕشی (١٤تەممووزی١٩٥٨)ز، دێتە بەغدا، لە بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا وانەی گوتووەتەوە. ساڵی ١٩٦١ کە شۆڕشی (ئەیلول) هەڵگیرسا، جگەرخوێن گەرچی لە بەغدا بوو، بەڵام زۆر لایەنگیری شۆڕشی دەکرد. ساڵی ١٩٦٣ گەڕاوەتە سوریا. ساڵی ١٩٧٨ ڕوی کردووەتە هەندەران و لە سوید نیشتەجێبووە. خەریکی کاری ئەدەبی و چاپکردنی بەرهەمەکانی بووە. لە ١٩٨٤/١٠/٢٢ لە سوید کۆچی دواییکردووە و لەسەر ڕاسپاردەی خۆی تەرمەکەیان هێنایەوە کوردستان و لە قامیشلۆ لەناو باخچەی ماڵی خۆیان ناشتویانە.

* تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

## نمونەی شیعری ڕۆمانسیزمی جگەرخوێن:

سەرمەستی ئەڤینم
ئەی هەڤالا ئەڤیندار
تو ژی وەک من بریندار
کەنگی کۆ ئەم دگەین هەڤ
ب دڵخوەشی ڕۆژ و شەڤ
گول و چیچەک گەش دبن
دلی داران خوەش دبن
سونبول هاویر دهەژین
ئەڤ ستێرک دڕژین
چیا بڵند دبن ژۆر

جهان دبت کەسکە سۆر
با تێ بە ساز و لیلان
تەروەندە هاویر دلان
ئاڤێن گۆلا ددن پێل
ڕوێ ڕۆژێ دبت سێل
تلور کەسک و زەرد و سۆر
ب بازکان دچن ژۆر
وەکو لۆکس و چرا گەش
ڕۆنی ددن شەڤا گەش
پڕ گەش دبن گولێ من
تەڤ درەڤن کولێ من
گول و چیچەک ئەز و توو
قاز و ئۆردەک ئەز و توو
هەردوو ڕەوشا ڤێ ژینێ
دەنگێ سازا ئەڤینێ

(لە سەرەتاوە سێ دێری بۆ لەبەرکردنە)

### لێکدانەوەی وشەکان:

هەڤاڵ : دۆست، برادەر، هاوڕێ

ئەڤیندار : خۆشەویست، عاشق

کەنگی : کەی، چ کاتێ

دگەین : دەگەین

هەڤ : یەکتر

چیچەک : کولۆکی پشکوتو

## گرینگترین ڕەگەزە ڕۆمانسیزمییەکانی ئەم شیعرە

### یەکەم: لە ڕوی ناوەرۆکەوە:

١- شاعیر و هەڤاڵەکەی بریندارن، بریندارى دەردی جودابونەوەن، ئەمەش شاعیری توشی ئازارێکی وا کردووە کە دونیای لەبەرچاوخستووە، تەنیا بە گۆڕینی ئەم حالەتی جیابونەوەیە، شاعیر دەگەڕێتەوە سەر باری ئاسایی و دونیای لەبەرچاو جوانتر و گەشتر دەبێت.

٢- وەسفی جوانی سروشت کراوە، شاعیری ڕۆمانسیزم هەمیشە بەدوای جوانیدا عەودالە و ئەو جوانییە لە هەموو وردە دیمەنێکی سروشتدا دەبینێت. ئەم جوانییەش لەم دیمەنانە دەردەکەون (گەشانەوەی گوڵ و کولوک، هەژانی سونبول، بەرزبوونەوەی چیا، کەسک و سۆربوونی دونیا .....)

٣- شاعیر دەرمانی دەردی دڵی خۆی لەو سروشتە جوانە دەبینێت کە ئەم هەموو دیمەنانە شەوی تاریکی بۆ ڕۆشندەکەنەوە و دەرد و کەسەر و خەمی دڵی دەڕەوێننەوە.

٤- ئومێدی شاعیر لەوە بەرجەستە دەبێت کە خۆی و هەڤاڵەکەی لە سایەی ئەو سروشتە گیانبەخشە و دور لە خەم و کول و کۆڤان، باوەش بەیەکدا بکەن.

## دووەم: لە ڕووی ڕوخسارەوە

١- شـیعرەکە هەمووی بە کێشــی بڕگەیی (پەنجەیی) نووســراوە، کە (٤+٣= ٧) بڕگەیە. ئەمــەش یەکێکە لە کێشــە هەرە باوەکانی شـیعری کوردی.

٢ - شــاعیر بــە جوت ســەروا (مەســنەوی) شــیعرەکەی هۆنیوەتەوە، واتە هــەر دێڕێک لەتەکانــی هاوســەروان و پەیوەنــدی سەرواســازییان بــە دێرەکانــی دیکــەوە نییــە. ئەمەش لە ســەروا هەرە باوەکانی شــیعری کوردییە. داســتانە درێــژەکان و چیرۆکە شــیعرییەکان و شــیعری فۆلکلــۆری کوردی، بەمجۆرە ســەروایە نووســراون.

٣- وشــەکانی هەمــووی کــوردی پەتــی و ڕەســەنن، شــاعیر خــۆی لــە بەکارهێنانــی وشــەی بێگانــە دورخســتووەتەوە.

٤- داڕشــتنی ڕســتەکان ڕەوان و بێگرێ و گۆڵن. ڕستەی ســوک و کورتی بەکارهێناوە، ئەمــەش شــیعرەکەی ئاســانترکردووە و هەمــو کــەس خۆشــی لــە خوێندنــەوەی وەردەگرێــت و پێیــەوە ماندونابێت.

# ئەدەبی کوردی سۆڤێتی (جاران)

لـه بارودۆخــی تایبەتیی کـوردی یەکێتیی سـۆڤێتی جاراندا، ئەدەبی تــازەی کوردی سـۆڤێتی لەسـەر بناغەی ئەدەبـی فۆلکلۆری کوردی دامـەزراوە. گەشەسـەندنی ئەو ئەدەبە شانبەشـانی لێکۆڵینەوە و سـودبینین لە داسـتانی دەوڵەمەندی میللی ڕۆیشـتووە، بە یەکێک لە نیشـانە ئاشـکرا و بەرزەکانی پلەی گەشەسـەندنی ڕۆشـنبیری کوردی یەکێتیی سـۆڤێت دادەنرێـت. بـەم جـۆرە نووسـەران گەلێک بەرهەمــی ئەدەبی وایان نووسـی کـە ناویان لە مێـژوی ئەدەبی کوردی ئەم سـەردەمەدا تۆماربکرێت لەمانە: عەرەبی شـەمۆ، حاجی جندی، ئەمینـی ئەبـدال، وەزیـری نـادر، جاسـمی جەلیل، موسـەیی ئاخونـدۆڤ ، یوسـفی بەکۆ و باخچۆیی سـلۆ... هتـد، دیارن.

ئەگەر (عەرەبی شـەمۆ) بەرهەمدارترین و بەناوبانگترین نووسەری کوردی سۆڤێتی بێـت، ئـەوا (حاجـی جندی و ئەمینـی ئەبـداڵ) خەباتێکی زۆریان لـە ڕێـگای بووژاندنەوەی زمانـی کـوردی لە وڵاتی سـۆڤێتدا کـردووە. بەهۆی نووسـینەکانیانەوە نەتـەوەی کوردیان بـە گەلانـی سـۆڤێتی و گەلانی تر ناسـاندووە. بە هـاوکاری یەکتـر چیرۆکـی (لازۆ)یان لە ئەرمەنییـەوە وەرگێڕایـە سـەر کـوردی. یەکێک لـە پلە گرنگەکانـی گەشەسـەندنی ئەدەبی کـوردی سـۆڤێتی بـە بڵاوکردنـەوەی کۆمەڵـەی (فۆلکلۆری کوردی) دەسـت پێـدەکات کە لەسـاڵی (١٩٣٦)دا لە یەریڤان چاپکراوە، لەم کۆمەڵەدا گەلێک باسـی وەک: خۆشەویسـتی و باری خێزانی کورد و حاڵی ژنان، دەسـەڵاتی سـەرتیرە و خاوەن دەسـەڵاتەکان، میوانداری و ئازایەتـی... هتـد، ڕەنگیداوەتەوە.

لـە ئەدەبیاتـی کـوردی سـۆڤێتی ئەم سـەردەمەدا دەنگی شـیعری لیریـک و بابەتی داسـتان ئامێز دیارە. لە بەرهەمێکی حاجی جندیدا کە ناوی (شـارێ) بوو، باسـی یاسـای بە شـودان و شـیربایی دەکرد کە تا سـەردەمی شۆڕشـی ئۆکتۆبەر لە چیاکانی پشت قەفقاسدا لەنـاو نـەوەی کۆنـدا مابـوو. لـەو بەرهـەمـەدا نارەوایی و پەیـڕەوی کۆن بە ڕوخسـارێکی هونەرمەندانە دەربڕاوە. ئادگاری (شـارێ) کە قۆچی قوربانی دەسـتی (شـیربابیە) بەرامبەر بـەو باوکـە پیـرەی کە بە دەسـتی خـۆی کچـە خۆشەویسـتەکەی بـەرەو مـەرگ دەبات، هاوارێکـە بەرامبـەر بـەو ڕەفتـارە کۆنـە. شـاعیر زۆر سـادە باسـی ئازاردانـی کـچ و بە زۆر بـە شـودانی دەردەخـات کـە ئەمـە لەکۆندا سـەرەنجامی هەمـوو کچێکی کـورد بوو.


ئەدەبی گەلانی سۆڤێتی دەوروپشت کاریان کردووەتە سەر ئەدەبی تازەی کوردی. لە بەرهەمی تازەی نووسەراندا باسی پرسەکانی ئەم چەرخە دەبینین، وەک ئەوەی لەو کۆمەڵە شیعرەدا دیارە کە ناونراوە (شاعیرانی کوردی سۆڤێتی، یەریڤان، ١٩٥٦ز) یا لە کۆمەڵەی (ڕێگای نوێ)دا (تبلیس ١٩٥٨ز) یا لە کۆمەڵە شیعری شاعیری کورد باخچۆیی سلۆ (تبلیس ١٩٦١ز) دیارە.

ئەدەبیاتی کوردی سۆڤێتی نەوەیەکی تازەی لە نووسەران پێگەیاند، لەوانە: (میکایلی ڕەشید ، قاچاخی مراد ، عەزیزی سلۆ ، عەتاری جەردۆ ، کارلینی چاچان ، شکۆی حەسەن و ئۆردیخانی جەلیل). و چەند شاعیری تر کە بەردەوام کۆمەڵە شیعریان لە تبلیس و یەریڤان چاپدەکرا. هەر لەم ماوەیەدا نووسەرانی کورد بەرهەمی نووسەرانی ناوداری (ڕوسی) سۆڤیەتی جارانیان وەرگێڕا بۆ زمانی کوردی.

## بناغەی ئەدەبی کوردی سۆڤیەتی

لەبەرئەوەی ئەدەبی کوردی سۆڤیەتی لەسەر بناغەی ئەدەبیاتی کلاسیزمی کوردی دانەمەزراوە، ئەمە بۆتە هۆکاری ئەوەی زۆرجار ساکاری و سادەیی لە زمان و دەربڕیندا ببینرێت و ئەو چێژەی ئەدەبیاتی کلاسیزمی کوردی تێکەڵ بە بناغە و ڕەگەزەکانی ئەو شیعرانە نەبووە. ئەمە بۆ شیعر، بەڵام لە چیرۆکدا ئەوا ڕەوشی ئەوان و پێشکەوتنی وڵاتەکە وایکردووە گەلێک ڕەگەز و تەکنیکی هونەری چیرۆکنووسی ڕۆژئاوا تێکەڵ بە بەرهەمی چیرۆکیان ببێت و شتێکی تازە و بەنرخ بێتەکایەوە.

ئەم بەرهەمانەی باسمانکردن، لە بنەڕەتدا بە کرمانجی سەرو نووسراون ، بەڵام بەرەو پێشچوونی تایبەتی وایکردووە لە بناغەی کلاسیزمییەکەی کرمانجی سەروە دووربن و لەجیاتی عەرەبی و فارسی و تەنانەت تورکیش، زاراوەی تازەی زمانی تری تێکەڵببێت. لەگەڵ ئەوەشدا بەتایبەتی لەدوای شۆڕشی چواردەی تەموزی (١٩٥٨ز) لە عیراق، ڕوناکبیرانی کوردی سۆڤێتی، چ بۆ خۆیان و چ لەبەرهەمیاندا لە گەشەسەندنی ئەدەبی کوردی عێراق دانەبڕاون.



# عەرەبی شەمۆ
# (١٨٩٥ - ١٩٧٨)j

*

ئــەم نووســـەرە بلیمەتــە نــاوی (عـــەرەب)ە کوڕی (شـێخ شــەمۆ) لــە بنەماڵەیەکی کــوردی ئێزیدیانــە، لە ســاڵی (١٨٩٥)ز لە گوندی (سوســر) لە ناوچەی (قــارس) لەدایکبووە و ســەختی ژیانــی دیــوە و لــە هەمــوو مەیدانێکی ژیانــدا تێکۆشــاوە. لەســاڵی (١٩٧٨)ز لە یەریڤــان کۆچــی دواییکــردووە. ئەگەر ســەیری تۆمــاری بەرهــەم و نووســینەکانی بکەین، لەپــاڵ ئەوانــەدا کە باســکراون و لەپــاڵ گەلێک وتــار و نامیلکەی سیاســی و کۆمەڵایەتی و زمانەوانیــدا، ئــەم بەرهەمــە ئەدەبیانەی تریشــی دەبینین:

١. ڕەبەن (١٩٣٠)ز، چیرۆکێکی سەر شانۆیە.

٢. بەربانگ (١٩٥٧)ز ڕۆمانە.

٣. ژینا بەختەوەر (١٩٥٩)ز.

٤. کوردی ئەرمەنستان (١٩٦١)ز، سیناریۆیە بۆ سینەما.

---

* تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

٥. قەڵای دمدم (١٩٦٦)ز، ئەمەش ڕۆمانێکی گەورەیە لە مێژووی قەڵای دمدمەوە وەرگیراوە.

٦. حەکایەتی کوردی ناو خەڵک (١٩٦٧)ز.

٧. کۆمەڵێک بەرهەمی کۆکراوەی عەرەبی شەمۆ (١٩٦٩)ز.

لەناو نووسەرانی کوردی یەکێتی سۆڤێتدا، (عەرەبی شەمۆ) هەر ئەوە نییە کە لە یەکێتی سۆڤێتدا ناوبانگی هەبێت، بەڵکو لەدەرەوەش ناوبانگێکی زۆری هەیە. (عەرەبی شەمۆ) دەستی بە نووسینی وتار کرد لە بوارە جیاجیاکانی کاروباری ڕۆشنبیری کوردی و ژیانی کۆمەڵایەتی لەو گوندانەی کوردی ئێزدی لێ نیشتەجێبوون، لە بواری ئەدەب و ئامادەکردنی ڕۆژنامەی کازیوەی ڕۆژهەڵات (زاریا فۆستوکا) کاری کرد. نووسینەکانی عەرەبی شەمۆ بە زمانی ڕوسی بوون، چونکە ئەم نووسینانە بۆ ئەو زانا و ڕۆشنبیر و ڕۆژهەڵاتناسانەی ئەوروپی بوون کە گرنگییەکی تایبەت دەدەنە لێکۆڵینەوەی کوردی بە شێوەیەکی گشتی.

یەکێک لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی ڕۆمانی (شڤانی کورد)ە، لە ساڵی (١٩٣٥)ز بە کوردی بڵاوکرایەوە و زووبەزوو کرایە ئەرمەنی و ڕوسی و ئەڵمانی. لە ساڵی (١٩٥٧)ز دا بەزمانی گورجی بڵاوکرایەوە و پێش ئەوەش کرابوو بە فەرەنسی. گورجوگۆڵی ئەدەبی (عەرەبی شەمۆ) هەر لە سەرەتاوە دیاربوو، ڕۆمانەکانی (شڤانی کورد) و (کوردی ئەلەگەز) لە بەرهەمە کۆنەکانی کوردی ئەرمەنستانی سۆڤێتین.

لەم دوو بەرهەمەدا نووسەر ڕاستگۆیانە نەخشەی ژیانی زەحمەتکێشانی یەکێک لە ناوچە کوردنشینەکان دەکێشێت و سەختی ئەو ژیانە لەژێر دەسەڵاتی کۆندا پیشاندەدات و وێنەی ڕەنجخۆران دەکێشێت، ئەوەشمان پیشاندەدات چۆن ئەو ڕەنجخۆر و کۆنە پەرستانە لەسەرەتای دامەزراندنی ڕژێمی سۆشیالیستدا، دەبوونە بەربەستی جێنشین بوونی کوردانی کۆچەر. لەم دوو ڕۆمانەدا بە تەواوی پەیدابوونی شارەزا و کادیری کورد بەدیدەکرێت. عەرەبی شەمۆ لە ساڵی (١٩٣١)ز دا یەکەم چیرۆکی سەر شانۆی خۆی بەناوی (کۆچاکێ دەرەڤین)بڵاوکردەوە.



# جاسمی جەلیل
# (١٩٠٨-١٩٩٨)ز *

جاسمێ جەلیل لە ساڵی (١٩٠٨)ز لە گوندی (قزیلقوڵی)ی لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران لەدایکبووە. لە تەمەنی (١٠) ساڵیدا (٤٠ - ٥٠) کەس لە بنەماڵەکەیان دەکەونە بەر هێرشی عوسمانییەکان و هەموویان دەکوژرێن، لە شاری (باکۆ) دەستی بە خوێندن کردووە .

لە تەمەنی (٢٣) ساڵیدا جاسمی جەلیل دەستنیشانکراوە بۆ خزمەتکردنی بزاڤی رۆشنبیری کوردی لە وڵاتانی (ئەرمینیا، ئازەربیجان و جۆرجیا) کە دەرفەت بە خوێندن و نووسینی کوردی بە رێنووسی لاتینی دراوە، جاسمی جەلیل بەرپرسی سەرەکی ئامادەکردن و چاپکردنی کتێب بە زمانی کوردی بووە، هەروەها لە یەریڤان لە ئەنستیتۆی نێودەوڵەتی (کۆلێژی زمانەوانی) زمان و ئەدەب دەخوێنێ و بەسەرکەوتوویی دەردەچێت. جاسمی جەلیل یەکێک بوو لەو کەسانەی کە بناغەی ئەدەبی کوردی لە سۆڤیەت داناوە و زۆربەی شیعرەکانی ئەم شاعیرە کراون بە روسی و لە رێگەی رۆژنامەکانی (پراڤدا) و (ئەزڤیستیا) چاپکراون و بڵاوبوونەتەوە.

---

* تابلۆ: هونەرمەند رێبوار خالد

جاســمیێ جەلیــل باشــترین و نایابتریــن بەرهەمی بێگانــەی بۆ ســەر زمانی کوردی وەرگێــڕاوە بــۆ ئــەوەی خوێندەوارانــی کــورد ســودی لێوەربگــرن.

لــە بواری هونەریشــدا جاســمی جەللیــل توانــی (٧٠٠) گۆرانی و ئــاوازی کوردی لە ڕادیــۆی یەریڤــان تۆمــار و بڵاوبکاتــەوە و لــە فەوتــان ڕزگاریانبــکات.

جاســمی جەلیل لەکاتــی کیمیابارانکردنی شــاری هەڵەبجــەدا، وەک کوردێکی بریندار لــە ڕێگــەی نامەیەکــی کــراوەدا بــۆ ســەرۆکی ئــەو کاتــەی ســۆڤیەت داوا لــە حکومەت و ســەرکردایەتی ســۆڤیەت دەکات، هەڵوێست ســەبارەت بەم کارەســاتەی هەڵەبجە وەربگرن.

لــە ســاڵی (١٩٩٨)ز بــە بێدەنگــی ماڵاوایی دەکات و لە گۆڕســتانێک لە نزیک شــاری یەریڤــان نێــژراوە.

ئــەم بەرهەمانــەی لــە دوای خــۆی جێهێشــت (ڕۆژێــن مــن، کەلامــێ چیــا، ئودا کــوردا و زۆزان). ئەمــەش نمونەیەکــە لــە شــیعرێکی جاســمێ جلیــل:

## حوبا شڤان

شڤانی جاهـل رۆحـێ تـە نـازک
ڕۆحـێ تـە نـازک وەک زارۆک بێچـک
ڕۆحـێ تە هەڤـال، بۆی جـە و کانیانە
رۆحـی تـە خوسـیا کولیلـک، کارزیانە

***

شڤانێ جاهـل، زانـم رۆحـێ تـە
زمانـێ عەمـر، تەبیەتـێ زانـە
لـێ وەختـا ئـەزم، ئـەزم ل ڕمخ تـە
دەبێـی کلیتـم ئـەز بـۆی زارێ تـە

***

ئـو تـو بەنـد دبـی زمـان لا لۆمـە
بەڵـی فەعـم دکـەم ئـەز ژ رۆحـێ تـە
بەلـێ، کێم دبهێـم خەبەرێ تـە دوور
حــەزنا فکـراتـە، بەحرا بێ بوحــور

(کۆپلەی یەکەم لەبەربکرێت)

## لێکدانەوەی وشەکان:

| | |
|---|---|
| شڤان : | شوان |
| جاهل : | جەحێل، لاو |
| زارۆک : | منداڵ |
| بێچک : | بچوک |
| بۆی : | بۆ |
| جە : | جۆگە |
| خوسیا : | ڕاهاتوو |
| کولیلک : | کارژۆلە |
| کارزیان: | بەرخ زان |
| عەمر : | هەموو ژیان |
| تەبیەتێ : | تەبیعەتی سروشت |
| زانە : | دەزانێت |
| ئەزم : | منم |
| ل ڕەخ تە: | لەلای تۆ |
| دەبێی : | دەڵێی |
| کلیتم : | کلیم، قسە |
| زارێ تە: | دەمی تۆ، زمانی تۆ |
| تۆ بەند دبی: | تۆ دەوەستیت |
| فەعم دکەم: | فەهم دکەم، تێ دەگەم |
| کێم : | کەم |
| دبهێم : | دەبیستم |
| خەبەر : | قسە |

# پەخشانی کوردی

وشەی پەخشان لە فەرهەنگدا بە واتای (پەخش) یان (بڵاو) هاتووە، وەک زاراوەش وشەی پەخشان بۆ ئەو بەرهەمە ئەدەبی و زانستییانە بەکاردێت، کە نەخرابنە قالبی کێش و زمانی شیعرەوە. یەکەم دابەشکردنی ئەدەب لە ڕووی ڕوخسارەوە، دەکرێت بە (شیعر و پەخشان) : لەکۆنەوە شیعر و پەخشان هەبووە، لە زۆربەی ئەدەبی نەتەوەکان لە کۆندا پەخشان کەمتر و شیعر زیاتربووە، لەئێستادا پەخشان لە شیعر زیاتر دەنووسرێت. لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە ئایا شیعر کۆنترە یان پەخشان؟

## ڕای یەکەم: دەڵێت شیعر لە پەخشان کۆنترە بەم بەڵگانە

١. شیعر زمانی هەست و سۆزە و لە ویژدانی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێت، کەچی پەخشان زمانی ژیرییە و لە مێشکەوە پێدەگات، جا لەبەرئەوەی مرۆڤ زوتر هەست و سۆزی جوڵاوە و ویژدانی کەوتووەتە کار ئینجا گەشەی سەندووە .

٢. شیعر لەبەر کێش و سەروا و ئاوازەکەی لەبەرکردنی ئاسانە و دەکرێت بە دەقی خۆی پارێزگاری بکرێت، هەروا بێتە خوارێ، کەچی پەخشان لەبەرکردنی سەختتر و ڕاگرتنی دەقەکەی زەحمەتترە، مەگەر لە هەندێ ڕستەی کورتی سەروادار و کێشداری وەک قسەی نەستەق و پەندی پێشینان نەبێت.

٣. لەلای هەر نەتەوەیەک کۆنترین دەقی ئەدەبی بەردەست شیعرە نەک پەخشان، وەک داستانی (گلگامێشی سۆمەری ، ئەلیادە ، ئۆدێسای هۆمیرۆسی یۆنانی و دراما....) بەناوبانگەکانی یۆنان کە هەموو بە شیعر نووسراون.

## ڕای دووەم: دەڵێت پەخشان پێش شیعر هاتووە، بەم بەڵگانە

١. مرۆڤ یەکەمجار کە زمانی پژاوە و قسەیکردووە، بە ئازادی هەست و بیری خۆی دەربڕیوە، پاشان هەوڵیداوە ئەو هەست و بیرە بخاتە ناو قالبی کێش و سەرواوە، لە دونیا شتی ئازاد پێش شتی دەستووربەند دەکەوێت، بۆیە پەخشان کۆنترە، چونکە ئازادە و شیعر دواتر ڕاهێنراوە، چونکە بەپێی دەستوری تایبەتی دەنووسرێت.

٢. لە کۆنەوە پەخشان (پەخشانی سەروادار) لە پەرستگەکان نوسراووە و کتێبە ئاسمانییەکانیش زۆربەیان بە پەخشان نووسراون، جگە لەوەی نووسینی کورتی سەر دەرگە و دیواری کۆشک و قەڵا کۆنەکان و کێلی گۆڕەکان بە پەخشان نووسراون، بۆیە دەبێ پەخشان لە شیعر کۆنتربێت.

کارێکی زەحمەتە پرسی پێشکەوتنی شیعر، یان پەخشان بەپێی ئەم دوو ڕایە یەکلا بکرێتەوە، بەڵام لایەنگرانی ڕای یەکەم زیاترن و بەڵگەکانیان بەهێزترن. لە کوردیشدا کۆنترین بەرهەمی ئەدەبی، کە دۆزرابێتەوە تا ئێستا مابێتەوە، ئەوەیە کە بە شیعر نووسراوە، نەک پەخشان. دوور نییە دوا ڕۆژ دەقی شیعر، یان پەخشان لەوانەی ئێستا کۆنتر بدۆزرێتەوە. ئەمەش شتێکی ترە.

## جیاوازی نێوان شیعر و پەخشان:

### گرنگترین جیاوازییەکان:

١. شیعر لە ویژدان و سۆزەوە هەڵدەقوڵێت، بەڵام پەخشان زادەی هۆش و ژیرییە.

٢. زمان و دەربڕین لە شیعردا ئاوێتەیە کەچی لە پەخشاندا شیکارییە، شیعر پێویستی بە چڕی دەربڕین و کورتبڕی هەیە، لەکاتێکدا پەخشان پێویستی بە شیکردنەوە و درێژدادڕی و لێکدانەوە هەیە.

٣. کێش و سەروا دوو ڕەگەزی دیاری شیعرن، بەتایبەتی شیعری کلاسیک، کەچی ئەمانە لە پەخشاندا مەرج نین، تەنیا لە هەندێ پەند و قسەی نەستەقدا سەروا هەیە، ئەویش بۆ جوانییە.

٤. لە شیعردا زۆرجار کێش و سەروا شاعیر ناچاردەکەن ڕیزی وشەکان لە ڕستەدا تێکبدات و وشەکان پاش و پێش بکات، بۆیە شاعیر بۆی هەیە یاری بە وشە بکات و لە هەر شوێنێکی ڕستەی شیعر دایبنێت، کەچی لە پەخشاندا دەبێ وشەکان لە شوێنی خۆی بێت، بۆیە ڕستەی پەخشان ڕەوانتر و ئاساییترە لە هی شیعر.

٥. نەخشەی دابەشبوونی هەریەکە لە شیعر و پەخشان لەسەر لاپەڕەدا، جیایە. واتە تۆبۆگرافیای دەقی شیعر جیایە لە هی پەخشان. لە شیعری کلاسیکدا هەر دێرەی بەسەر دوو لەتدا دابەش دەبێت و سەرواش بەگوێرەی جۆری شیعرەکە دەگۆڕێت، کەچی پەخشان هەمووی بەسەر یەکەوە دەنوسرێت و تەنیا بە تەواوبوونی پارچەیەک، دێرێکی نوێ دەست پێدەکات.

# جۆرەکانی پەخشان

پەخشان بەپێی ناوەرۆک دوو جۆرە:

١. پەخشانی ئەدەبی ٢. پەخشانی زانستی

## ١. پەخشانی ئەدەبی:

ئەو پەخشانانە دەگرێتەوە کە هەست و سۆزی نوسەرەکەی پیشاندەدات، نووسەر لەم جۆرە پەخشانەدا لە ڕوانگەی خودی و تایبەتیی خۆیەوە سەیری ژیان دەکات. جۆرەکانی پەخشانی ئەدەبی: (وتاری ئەدەبی، چیرۆک و ڕۆمان... هتد) پێویستە ئەم جۆرە پەخشانە شێوازێکی بەرزی هەبێت، وشەکانی بژاردەبن و داڕشتنی پتەوبێت. پەخشانی ئەدەبی لە ڕووی ڕوخسارەوە دوو جۆرە:

ئ- پەخشانی سەروادار ب- پەخشانی بێ سەروا

### ئ پەخشانی سەروادار

ئەو پەخشانە ئەدەبییەیە کە بەشەکانی ڕستەی (دوو دوو سێ سێ یان....) هاوسەروا دەبن. ئەم سەرواداریيە هەنگاوێک لە شیعر نزیکی دەکاتەوە. تەنانەت هەندێ لەوانەی باسی سەرەتاکانی شیعریان کردووە، دەڵێن لە پەخشانی سەرواداراوە پەرەی سەندووە و پێگەیشتووە، کە لە پەرستگەکان باوبووە. نمونەی پەخشانی سەروادار، عەلائەدین سەجادی لە پێشەکی باسی مەلای جەباری، دەڵێت:

(پیری مەیخانەی خەیاڵ شناسان، بادە ئەنۆشێ لە جەرگەی خاسان، ڕشتەی مرواری قسە و باسیە، نەوای قومرییان وێنەی ڕازییە. بێنی هەناسەی شنەی شەماڵە، تێکەڵ بە بیری بەرزی خەیاڵە...)

(تەنها بۆ خوێندنەوەیە)

لەم جۆرە پەخشانەدا، دەبێت پارچەکانی هەر ڕستەیەک سەروایان یەک بێت، جا پارچەکان لە درێژیدا بەقەد یەک بن یان نا گرنگ نییە.

### ئـ پەخشانی بێ سەروا

ئـەم جۆرە پەخشـانە بایەخ بە سـەروای پارچەکانی ڕسـتە نادات، نووسـینەکە بـێ سـەروا و گـرێ دەڕوات. پەخشـانی بـێ سـەروا دەبێت لە تێگەیشـتنی فـراوان و خەیاڵێکـی ئـازاد و داڕشـتنێکی سـفت و پتـەوەوە هاتبێـت.

نمونەی پەخشانی بێ سەروا وەک شاکر فەتاح، لە (ژینی نوێ)دا دەڵێ:

(جیهان بەرەو چاکی ئەڕوات: لەگەڵ ئەم هەموو شـەڕ و شـۆڕ و بەدکردارییەشـدا کـە ئیمـرۆ لـە جیهاندا ئەیبینین، من بـاوەڕم وایە کە جیهان بـەرەو چاکی ئەڕوات و دوایـی هـەر ئەگاتـە ئـەو ئامانجـەی ئاواتـی بـۆ ئەخوازیـن، واتـە ئەبێتە یەک خێـزان لەنـاو یەک خانـودا، بەڵام خێزانێکـی بەختیار لە خانویەکی نـاوازەدا...)

(تەنها بۆ خوێندنەوەیە)

## ٢. پەخشانی زانستی:

ئـەم جۆرە پەخشـانەیە کە باس لە بابەتێکی زانسـتی دەکات و بایەخ بە هەسـت و سـۆز نـادات وەک ( بیـرکاری، فیزیـا، کیمیـا و جوگرافیـا... هتـد) .

نمونەیەک بۆ پەخشانی زانستی وەک مەحمود نوری قەرەداغی لە باسی کۆمپیوتەردا دەڵێت:

(مێشـکی ئەلکترۆنـی پێکهاتووە لـە ژمارەیەکـی زۆر لە دەمەوانـەی ئەلەکترۆنی یان ترانسسـتەر و لـە پارچەی زۆر وردی ئەلەکتریک کە کۆمـەڵ کۆمەڵ داڕێژراون و کۆکراونەتـەوە. زمانـی ئـەم ئامێـرە لە وشـەی (بەڵـێ- و - نە) پتـری نییە، بە مانـای زانیاریـی ئەلەکتریـک، تەزوی ئەلەکتریک (بڕوات) و (نـەڕوات) و هیچ جۆرە ئامانجێـک ناداتە دەسـت ئەگەر سەرپەرشـتی نەکرێت...)

(تەنها بۆ خوێندنەوەیە)

نووسـەر بایەخـی بەهەڵبژاردنـی وشـە نـەداوە، زمانـی خـوازە و ڕەوانبێـژی بەکارنەهێنـاوە، تەنانـەت هەوڵینـەداوە، ڕسـتەکانی ئەوەنـدە توکمە و ڕێک بـن، چونکە گەیاندنـی زانیـاری لەلای ئەو لەسـەروی هەموو شـتێکەوەیە، لەگەڵ ئەوەشـدا ڕەخنەی ئـەوەی لێدەگیرێـت کە دەیتوانی هەر بەو وشـانە ڕسـتەی ڕێکتر دروسـتبکات و ئەگەر نەختـێ وشـەکانی پـاش و پێـش بکردایە، هەنـدێ ڕسـتەی ڕەسـەنتر دەردەچوون.

## هونەرەکانی (ژانر) پەخشان

ئـەدەب بـە هـەردوو شـێوەی شـیعر و پەخشـان، لـە کۆنـەوە تا ئەمـڕۆ زۆر گۆڕانیـان بەسـەردا هاتووە، لە گەشەسـەندنی ئەدەبـی جیهاندا، هەندێ جـۆری ئەدەبی گـۆڕاوە وەک: درامـا کۆنـەکان هەموویـان بە شـیعر نووسـراون، کەچی ئێسـتا دراما بـە پەخشـان دەنووسـرێت، یان هەندێ جـۆری ئەدەب ڕۆڵیـان کزبووە وەک داسـتانی (پاڵەوانێتـی و دڵـداری) هەندێکی تر تازە داهاتوون و تەمەنیان لە چەند سـەدەیەک زیاتر نییـە بـۆ نموونە (کورتە چیـرۆک و ڕۆمان...)، جگـە لەوەی ڕۆژنامەگـەری زۆر جۆری تـازەی هێنایـە کایەوە و گەشـەی پێـدان، لەوانـە (وتاری ئەدەبـی ، بیری ڕاگـوزاری ، گاڵتـە و گـەپ و...هتد).

ئەمانە هەندێکن لەو ژانرە ئەدەبیانەی کە بە پەخشان نووسراون:

هەقایەت، ئەفسـانە، وتـاری ئەدەبی، وتاری ئاینـی، کورتە چیرۆک، شـانۆنامە، ژیننامە، بیـری ڕاگـوزاری (خاطرە)، لێکۆڵینـەوە ، ڕەخنەی ئەدەبی، نامـە، گوتووێژ، گاڵتەوگەپ و پەندی پێشینان...هتد.

هەریەکـە لـەم جۆرانـە، لە ئەدەبـی کوردیدا مێـژوی پەیدابوون و گەشەسـەندنی خۆی هەیـە، خاوەنـی تایبەتمەندی و دەسـتور و شـێوازی نووسـینی خۆیانن.

## سەرەتای سەرهەڵدانی پەخشانی کوردی

لـە ئەدەبـی کوردیشـدا، لـەو میراتـە ئەدەبیـەی بۆمان ماوەتـەوە، شـیعر کۆنترە و پەخشـان بـە قـەد ئـەو کـۆن نییـە.

### یەکەم

کۆنترین پەخشـانی کوردی کە تا ئێسـتا دۆزرابێتەوە و لەبەر دەسـتدابێت کتێبەکەی (عەلـی تەرەماخی)یـە کـە لەسـاڵی (١٥٩١- ١٥٩٢)ز لـە ژیاندا بـووە. کتێبەکـەی دەربارەی ڕێزمانـی عەرەبـی ، فارسـی و کـوردی نووسـراوە و نـاوی (سـەرفا کورمانجی)یە.
کتێبەکە پێشـەکییەک و سـی و یەک بەشە. چواردە بەشی پێشەوەی لەبارەی ڕێزمانی عەرەبییە و شـازدە بەشـەکەی دوای ئەو لەبارەی ڕێزمانی فارسـییە و لـە کۆتایی زۆربەی بەشـەکاندا هەمـان بابەتـی لە کوردیشـدا باسـکردووە. بەشـی کۆتایـش بووە بـە (خاتمە). زمانـی نووسـینی کتێبەکە کوردییەکی پڕ وشـە و دەسـتەواژەی عەرەبییە. ئـەو زمانەیە کە مەلاکانـی کوردسـتان لە حوجرەکانـدا وانەی عیلم و شـەرعیان پێدەگووتەوە.
نمونەیەک لە پەخشانەکە:

- فەسـل د. بەحسـا فیعـلا موزاریعدایـە: د زمانـێ کورمانجیـدا پێنـج سـیغە بدەر دکەڤن، زێدە نابی وەکو نها: (دچی)، (دچە)، (دچن)، (دچم)، (دچین). ئەفعالێدمایی ژی لڤـان قیاس بکە...)
- فەسـل د بەحسـا ئەمـری حازریدایـە: بزمانـێ کرمانجـی دیسـانی پێنج سـیغە د ئەمـری حازریـدا ژی دبـە، مەسـەلا وەکو نها: (بـدە)، یانـی موفـرەدی موخاتەبە، چەموزەککەر چە موئەننەسە (بدن) یانی هون تەسنیەو جەمعا غایبان چەموزەککەر چـە موئەننـەس، (بـدم) یانی ئەز کـو موتەککەلیمی وەحدەمە، (بدەیـن) یانی ئەم کو موتەکەللیـم مەعەلغەیرین، ئـەم (بدەین).

(تەنها بۆ خوێندنەوەیە)

## دووەم

مەولانا خالید لەدوای عەلی تەرەماخی (عەقیدەی کوردی) نووسیوە کە بە (ئاقیەی مەولانا) یان (ئاقیەی کوردی) ناسراوە. بێگومان مێژووی بۆ پێش (١٨٢٧)ز دەگەڕێتەوە کە مەولانا خالد لەو ساڵەدا کۆچی دواییکردووە، ئاقیەکە باسی پێنج ڕوکنی ئیسلام و شەش ئەسلی ئیمان دەکات. لەباسی (پردی قیامەت)دا دەڵێ:

(پردی قیامەت کە پردێکە لە موو باریکترە، لە تیغ تیژترە، بە ئەمری خودای تەعالا دەینێنە سەر پشتی جەهەننەمی، ئەمر دەکەنە هەمووان بەسەریدا ڕابوورن، هەر کەسێ بەهەشتی بێ، هێندێک وەک بروسکە، هێندێک وەک با، هێندێک وەک ئەسپی لنگ بەسەریدا ڕادەبوورن). هەر کەسێ جەهەننەمی بێ پێی هەڵدەخلیسکێ دەکەوێتە جەهەننەمەوە.

(تەنها بۆ خوێندنەوەیە)

گرنگی ئەو بەرهەمە لەوەدایە یەکەمین هەنگاوە بۆ جێبەجێکردنی داخوازی گیانی و کولتوری کۆمەڵی کوردەواری بەزمانی خۆی. هەندێ تێبینی لەسەر شێوازی بەرهەمەکە:

- هەندێ دیاردەی وشەسازی لەبەرهەمەکەدا هەن، جێگای لێوردبوونەوەن، وەک بەکارهێنانی (دە) لەجیاتی (ئە)ی کاری ڕانەبردوو. مانەوەی (ت) لە کۆتایی کاری ڕانەبردوو بۆ کەسی سێیەمی تاک. بەکارهێنانی (دی) لەجیاتی (تر)ی ئێستای ناوچەی سلێمانی.

## سێیەم

مەلا مەحمودی بایەزیدی لەساڵی (١٨٥٦)ز مەم و زینی نووسیوە.

(مەمو زین)ی مەلا مەحمودی بایەزیدی کورتکراوەی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانییە کە بە شیعر نووسراوە. نمونەیەک لە دەقی پەخشانەکە:

(دویَ وەقت و زەمانێدا، ل وان کناران، عادەتەکی قەدیم بوو کو سالێ جارەکی، دووەقتێ نەورۆزێدا سەری سال دکرن. ویَ ڕۆژێ، ئەهلی و خەڵکی باژێر حەموو، فەقیر و دەوڵەمەند، مەزن و بچوک، نێر و مێ، عمومی، ژبۆ گەشت و گەڕیانێ، ب دەرڤە دچوونە دەشت و سەحرایێ. جنس جنس و ڕەف ڕەف، ژ دەرڤە ڕەسمی کەیفخۆشی نەورۆزێ ل ویَ دەرێ ئیجرا دکرن، لەورا ویَ زەمانێ قسمێ تایفا ژنێد موسڵمانان حەموو مەستورە و ڤەشێرتی بوون، بەڕوویێ نامەحرەم و بیانیان نەدکەتن. لاکن ڕۆژا کو ئەو عیدا نەورۆزێ دبوو، حیجاب و پەردە ژتایفا ژنان ڕادبوو، مێر و ژن ویَ ڕۆژێ بە هەڤ خویا دبوون...)

(تەنها بۆ خوێندنەوەیە)

## چوارەم

شێخ حوسێنی قازی مەولودنامەیەکی سەرواداری بەزاری کرمانجی خواروو لە ساڵی (١٨٦٠) نووسیوە.

ئەمەش نمونەیەکە لەو مەولودنامەیە :

(حکایەت کراوە لە زەمانی ئەمیری ڕەشید- هارونە ڕەشید- لە شاری بەسرە جوانێک هەبوو پیس و پەلید، لە فاسقیدا شاگردی ئەوی بوو یەزید، چ چاکەی نەبوو لەپاش ئیمان، فەقەت کە مانگی مەولود دادەهات غەسل و تۆبەی دەکرد تەعامێکی لێ دەنا دەیخوێند مەولودی حەزرەتی پێغەمبەری ئینس و جان. وەختێ کە مرد لەبەر خراپی یان فڕێیان دایە سەر گوفەکان، نەیانبردە سەرقەبران، بانگێک هات لە ئاسمان، ئەی ئەهلی بەسرە حازر ببنە سەر جەنازەی فلان جوان، کە ولییێکە لە ئەولیای خوداوەندی ڕەحمان. ئەهلی شار جوان و پیر و پادشا و دەروێش و گەداو فەقیر، حازری جەنازە بوون دەفنیان کرد بێ تەئخیر. لە خەویان دیت ئەوەل شەو لەسەر تەختی بەهەشتی دانیشتییە ڕووی وەک مانگ دەدا پڕقەو، پێیان وت ئەتۆ لە دونیا زۆر فاسق بووی و ئەحمەق، بەچی سەبەب شادبووی بەحوور و قوسوور و لیباسی سوندوس و ئیستبرەق، گوتی بەسەبەبی تەعزیمی مەولودی ئەو حەزرەتەی کە بەئیشارەتی ئەنگوستی مانگی دەکرد شەق).

(تەنها بۆ خوێندنەوەیە)

## ئەم مەولودنامەیە لەم شتانە دەدوێت

١- چۆنیەتی دروستکردنی دونیا .
٢- هەندێ چیرۆکی کورتی تێدایە، گەورەیی و کاریگەری لەدایکبوونی پێغەمبەر پیشان دەدەن و نمونەی سەرەوە یەکێکە لەو چیرۆکانە.
٣- باسی چۆنیەتی لەدایکبوونی پێغەمبەر دەکات.
٤- مەولودنامەکە بە پەخشان نووسراوە و جاروبار پارچە شیعرێکی تێهەڵکێش کراوە.
٥- زۆربەی هەرە زۆری بە پەخشانی سەروادار نووسراوە.
٦- زمانەکەی پڕە لە وشەی فارسی و عەرەبی. هەر ئەو زمانەیە کە شاعیرانی سەدەی نۆزدەمی ناوچەی سلێمانی شیعریان پێنووسیوە.

دوای ئەم بەرهەمانە کە بە پەخشان نووسراون و لەبەرەبەری کۆتایی سەدەی نۆزدەدا پەخشانی کوردی دەرگایەکی زۆر گەورەی لێکرایەوە و بە فراوانی بڵاوبووەوە و گەشەیکرد، دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بوو لە (١٨٩٨/٤/٢٢)ز لە قاهیرە و لەلایەن (میقداد مەدحەت بەدرخان) بۆ ماوەی چوارساڵ بەردەوام بوو. نمونەیەک لە پەخشانێکی ڕۆژنامەی کوردستان:

(وەک ئەز دبهیسم کوردا گەلەک دەولەمەند هەنە، گەلی دەولەمەندێن کوردا، بابێن وە ب دوو گاز جاوی سپی چوون بەر ڕەحما خودێ، ئون ژی وی ولی بچن لەوان زێڕ و زیڤێن عولبەکرین وە دەرێخن، ڕێیا خودێدە مەکتەب و مەدرەسا چێ کەن، زارویێن بێ دی و باب بدن خوندن دا ئون دنیا و ئاخرەتی ڕاحەت بکن، خودێ ژ وە ڕازی ببە. دەرێن ئەز لێ گەڕابیم من گەلەک مرۆڤێن دەوڵەمەند دیتنە زارویێن فەقیر دانە خوێندن ڕێ کرنە ئەستانبولێ، مەکتەب و مەدرەسەیێن مەزن، نهۆ حەمی مەزن بینە، حەمی ژی مەئمور و زابتێن دەولەتێنە...).

(تەنها بۆ خوێندنەوەیە)

لەوساوە تا ئێستا چی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی دەرچووە، هەموو دەوریان لەپێش خستنی پەخشانی کوردیدا هەبووە، چونکە ڕۆژنامەگەری هەموو دونیا هەر پەخشانە و تەنیا جاروبار دەقی شیعری بڵاودەکاتەوە، ئەویش ڕێژەیەکی زۆر کەمە لەچاو هەموو نووسینەکانی دی. جگە لەوەی پەرەسەندنی زیاتری چاپ و چاپەمەنی وایکرد پەخشان زیاتر گەشەبکات و هەمو جۆرەکانی پەخشان بە کتێبیش بکەونە بەر دەستی خوێنەران. لەباسی ڕۆژنامەگەریدا، ڕۆڵی ڕۆژنامە لە گەشەسەندنی پەخشان ڕونتر دەکرێتەوە، لە جۆرەکانی تری پەخشاندا وەک وتار و چیرۆک و ڕۆمان. هەر یەکە لە شوێنی خۆیدا باسی لێدەکرێت.

# هەندێ جۆری پەخشان

## یەکەم وتـــــار

پارچە نووسینێکە بە پەخشان دەنووسرێ، درێژییەکەی دیاریکراو نییە، دەشێت یەک دوو لاپەڕە بێت و دەشێت بیست سی لاپەڕە بێت، بە شێوازێکی ڕون و بەزمانێکی پاک و پاراو باسی بابەتێک دەکات و بیر و باوەڕ و هەست و سۆزی نووسەرەکەی دەردەبڕێت.

## کورتە مێژویەکی وتار

وتار مێژوویەکی کۆنی هەیە بۆ یۆنانەنییەکان دەگەڕێتەوە، بۆ یەکەمجار لە مێژودا (مۆنتێن)ی فەرەنسی (١٥٣٣- ١٥٩٢)ز یاسا و بنەماکانی گەڵاڵەکرد، ئەو کاتەی کە ساڵی (١٥٨٠)ز دوو بەرگی وتاری ئەدەبی بەناوی (هەوڵەکان- les essaies) بڵاوکردەوە، وتارەکانی درێژبوون و دەگەیشتنە چەند هەزار وشەیەک، بابەتەکانی بە زۆری دەربارەی شتی وەک: درۆزنەکان، دەستوری جلوبەرگ و هونەری بوو. لەدوای مۆنتێنی (باکۆن)ی ئینگلیزی لەژێر کاریگەری مۆنتێنیدا کۆمەڵە وتارێکی بڵاوکردەوە. لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، نووسینی وتار لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە سەریهەڵدا و چەسپا، ئەگەر پێشتر ڕەگەز و بنەماکانی وتار لە هەندێ نووسیندا هەبووبێت، بەو جۆرە نەبوو، ببێ بە جۆرێکی سەربەخۆ.

## جۆرەکانی وتار

### ١. وتاری خودی :

پەیوەندی بە خودی نووسەرەوە هەیە و هەست و سۆزی نووسەری بەسەردا زاڵە و کەسێتی نووسەرەکەی بەڕونی پێوە دیارە.

### ٢. وتاری بابەتی:

جەخت لەسەر لایەنی بابەتی دەکات و هەوڵدەدات ڕاستەقینەی چەسپاو بخاتە ڕوو، بۆیە ڕێگە بە هەست و سۆزی خۆی نادات تێکەڵی نووسینەکەی ببێ و کەسێیەتی نووسەر لەم جۆرە وتارەدا دەرناکەوێت.

## هەندێ سیمای وتاری چاک

١. وتار نووسینێکی سەربەخۆیە، نە زۆر کورتە و نە زۆر درێژە، واتە نە لێکدانەوەی بیرێکی کورت و چڕە و نەکورتکرانەوەی باسێکی درێژە.
٢. وتار بنیادی تایبەتی خۆی هەیە. لە پێشەکی و چەند پەرەگرافێک و ئەنجام پێکدێت. بیری گشتی وتارەکە: بەپێی گرنگی، بەسەر پەرەگرافەکاندا دابەشدەبێت.
٣. وشە و ڕستەکانی رون و پوخت و بژاردەن، هەریەکە وەک خشتی دیوار لەشوێنی خۆی هاتووە.
٤. ئامانجی سەرەکیی وتار بزواندنی هەست و سۆزی خوێنەرە.
٥. وتار ناونیشانی هەیە و دەبێت ناونیشانەکە لەگەڵ ناوەرۆکەکەی بگونجێت.

## نمونەیەکی وتار

وتارێک لە ژمارە (٩)ی ڕۆژنامەی (کوردستان) بەناوی (وڵات) بڵاوکراوەتەوە، نزیکەی سێ ستونی داگرتووە. لە پێشەکیدا دەڵێ:

(وەتەن، ئانکو ولاتی مرۆ، جسمەک وەیە کوێێن ژ وی جسمی موتەئەسیر دبن خەلقێن وێ دەرێنە. دە وێجا هنگی مرۆیین وڵاتەکی خوێ قووەت ببن هەوقاس ئاخ و بەرێ وی ولاتی خوێ دبە. هنگی بابێ من ژ کوردستانێ ڕابی ئەو مەئمورێن حکومەت ڕێ دکە سەر گوند و باژارێن کوردستانێ وەک مارا، خونا خەلقێن کوردستانێ ڤەدخۆن...)

(تەنها بۆ خوێندنەوەیە)

ئەم وتارە بە کوردییەکی ڕەوان نووسراوە، ئەگەرچی جاروبار وشەی بێگانەشی تێکەوتووە، بەڵام دارشتنەکەی رون و ڕەوانە. ئەم وتارە هاندانە بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی کورد یەکبگرن و دژی داگیرکەر بجەنگن.

## دووەم چیرۆک

چیـرۆک لـە ئەدەبـی جیهانـدا زۆر کۆنـە و لە قاڵبـی هەقایەتی فۆلکلۆی و ئەفسـانە و داسـتان و چیرۆکی گیاندارانیدا دەردەکەوێت، بەڵام کورتە چیرۆک وەک جۆرێکی سـەربەخۆ لە سـەدەی نۆزدەهەمدا لەسەردەسـتی (ئەدگار ئالان پۆ و گی دی مۆپاسـان و چیخوف.....) قالبی هونەری خـۆی وەرگرت.

بەشـێوەیەکی گشـتی کورتە چیرۆک لـەم بنیادانـە پێکدێت: (کـەس، کات، ڕووداو و شـوێن)، هەر یەکە لەم بنیادانە خاسیەتی تایبەتی هەیە بۆ ئەوەی چیرۆکەکە سەرکەوتووبێت.
لـە ئەدەبـی کوردیشـدا، وەک ئەدەبی نەتەوەکانـی دی، کورتە چیرۆک بـۆ چیرۆکی میللی و ئەفسـانە و داسـتان...هتد. دەگەڕێتەوە، بەڵام وەک جۆرێکی ئەدەبی سـەربەخۆ لە سـەدەی بیسـتەم سـەریهەڵدا و گەشەیکرد.

ئەگەرچـی بیـروڕای جیاجیـا هەیـە، ئاخۆ یەکـەم کورتـە چیرۆکی کـوردی کامەیە و کـەی بڵاوبووەتـەوە، بـەڵام بـەزۆری توێـژەران لەسـەر ئـەوە ڕێکن کە یەکـەم چیرۆک ئـەوەی (فوئـادی تەمۆ)یە کە لەژمـارە (١-٣)ی گۆڤاری (ڕۆژی کـورد) (١٩١٣) لەژێر ناوی (شـەویش)دا بڵاوکراوەتـەوە.

پارچەیەک لەم چیرۆکە:

(شـویش کـوڕێ شـڤانەکییە، ب خـوە دەهــ ساڵییە، زارۆکە، بەلێ پـڕ چاڤێ وی گرییـە، شـەویش دیا خـوە نەدییە، ڕەبەن و بەلەنگازە، قەت تشـتەکی وان تونینە. تنێ مەتەکی شـەویش هەبوو، ئەو ژی پیرەک بوو، شـەویش جارنا بال وێ دچە، دلـێ مەتا خوە هنـک دکر...)

(تەنها بۆ خوێندنەوەیە)

ئـەم چیرۆکـە وێنـەی ژیانـی کوێـرەوەری شـوانێکی کـورد دەخاتە بەرچـاو کە لە باوکێکـی پیـر و منداڵێکـی دە سـاڵان پێکهاتـووە نـاوی (شـویش)ە.
ڕۆژێکیـان باوکـە پیـرەی نەخـۆش دەکەوێـت و ناتوانـێ بچێتـە بەر مـەڕێ، ڕدێن سـپییەکی گونـد، بە نەخۆشـییەکەی دەزانێ، دێت (شـویش)ە دەباتە ماڵی خۆیـان، خواردنی

دەداتێ و هەندێ خواردنیش بۆ باوکی شویش دەنێرێ و ڕزقۆی کوڕی خۆی ڕادەسپێرێ لەباتی باوکی شویش بچێتە بەر مەڕ تا لە نەخۆشییەکەی چاکدەبێتەوە.

ئەم چیرۆکە بە دوو زنجیرە بڵاوکراوەتەوە و لەکۆتاییدا نوسراوە (داوی هەیە واتا ماویەتی).

لە ژمارە سێی هەمان گۆڤاردا چیرۆکێکی دی بە ناوی (کندو) بڵاوکراوەتەوە، ئەمە زیاتر چیرۆکێکی میللییە و لەناو خەڵکدا باوە، زۆر لە چیرۆکێکی مەلا مەحمودی بایەزیدی دەچێت. دوور نییە هەر ئەوبێ و داڕێژرابێتەوە.

دوای ئەمە چیرۆکی (لەخەومـا)ی جەمیل سائیب دێت، لە (١٩٢٥)ز بەزنجیرە لە ڕۆژنامەی (ژیان)دا بڵاوکراوەتەوە. ئەم چیرۆکە ڕەخنەیە لە فەرمانڕەوایی شێخ مەحمود.

## سێیەم شانۆنامە

شانۆنامە جۆرێکی ئەدەبە، ئەگەر لەسەر تەختی شانۆ پێشکەشکرا، دەبێتە شانۆگەری. کۆنترین شانۆگەری یۆنانییەکان لە بۆنە ئاینییەکاندا پێشکەشکراوە، شانۆگەری ئەوسا بە شیعر بووە، و لە شانۆی کراوەی نیمچە بازنەییدا پێشاندراوە. دوای یۆنانییەکان، ڕۆمانەکان پەرەیانپێداوە. لە سەدەکانی ناوەڕاستیش زمانی لاتینی بەسەر نووسیندا زاڵبوو و شانۆگەری خرایە خزمەت بیروباوەڕی ئایینی. لە سەدەی شازدەم و حەڤدەمدا لە ئینگلتەرە (شکسپیر) و لە سەدەی حەڤدەمیشدا (کۆڕنێ و مۆلێر و ڕاسین) لە فەرەنسا گەشەیان بە شانۆگەری دا. لە سەدەی هەژدەم و نۆزدەم و بیستەمدا ڕێبازی جیاجیا لە نووسین و پێشکەشکردنی شانۆگەریدا سەریهەڵدا، لە کوردیدا جگە لەوەی ڕەگەزی شانۆگەری لە زۆر یاریی میللی ناو کوردەواری هەیە، وەکو (میرو ئاشەوان، ئاغا ئاغایانێ) و.... هتد. یەکەم شانۆنامەی کوردی ئەوەیە کە عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری (١٨٩٠- ١٩٥٨) بەناوی (مەمی ئالان) نووسیویەتی و لەژمارە (١٥)ی گۆڤاری (ژین)ی ساڵی ١٩١٩ بڵاوکراوەتەوە.

پارچەیەک لە شانۆنامەکە:

(مەمـۆ: بەلـێ... ئیرۆکـە میر عەمر کرییـە غەزایە، نەیاران سـەر حـەد گرتنە، زارێ کـوردان مەعازەڵلاهــ دێ دبــەر دەسـت و پێیێـن دژمنـان بچت... ئـەز ژی کێمترم! مـا ئـەز کورمانـج نیم! ما ناموسـا هـەر کوردەکێ ناموسـا من نیینـە! ئەلبەت، ئەلبـەت ئـەزێ بچـم قیامەت ڕابت دیسـا ئەز دچم، خوین سـەران ببت دیسـا ئەز خـوە ناگـرم. هەتتـا خـەزال ژی مـن مانـع بکەت دیسـا ئەز ناوەسـتم. ئـەز مەمێ ئالانـم. میـرێ هەکارییان ئەمـر کرییە...)

(تەنها بۆ خوێندنەوەیە)

هـەر چەنـدە کەسـی سـەرەکی ئـەم شـانۆنامەیە نـاوی (مەمـی ئـالان)ە، بـەڵام هیچ پەیوەنـدی بەداسـتانی مەمـی ئالانـی نـاو کوردەوارییـەوە نییـە و وەک هـەر ناوێکـی تـر بۆ کەسـی سـەرەکی شـانۆگەرییەکە دانـدراوە.

شـانۆنامەکە بیـری نەتەوەیـی و ئایینی پێکەوە گرێداوە و هەڵوێسـتێکی پڕ سـۆزی لـە کۆتاییـدا نوانـدووە کـە لـە ئەدەبـی بیهودەیـی کامـۆی فرەنسـی نزیـک دەبێتـەوە.

مەمـی ئـالان گەنجێکـە تـازە ژنـی هێنـاوە. (خـەزال) و پیـرە دایکێکـی هەیـە کـە جـارِی شـەڕی قڕالـی دەدرێ و سـەلاحەدینی ئەیوبـی بـەرەو ڕووی کریسـتیانەکان دەبێتـەوە، مەمـی ئـالان بـەدوای جارِدانەکـە دەچـێ و دوای سـاڵێک دەگەڕێتـەوەو لەگـەڵ خەزالـی ژنـی بـاوەش بەیەکـدا دەکـەنو ڕادەکشـێنو خـەو دەیانباتـەوە و ئـەو دەمـە دایکـی لـە مـاڵ نابـێ کـە ئـەم دێتـەوە، پاشـان دایکـی بەسـەردا دێتـەوە و دەبینـێ پیاوێـک لەگـەڵ خەزالـی بوکـی ڕاکشـاوە، ئەویـش یـەک ڕمـی لێـدەدا و دەیکـوژێ و خـەزال بـە ئـاگادێ و هـاوار دەکات (تـە چاڤـێ خـوە کۆرکـر).

ئـەم کۆتاییـە دڵتەزێنـە لـە چیرۆکـی (مەمـۆ)ی فۆلکۆریـدا هەیـەو شـانۆگەری (تێـک نەگەیشـتن)ی کامـۆی فەرەنسـی لەسـەر هەمـان بنەمـا هاتـووە.

# خونوی ئورەب



# عەلی حەریری
## (١٥٣٠-١٦٠٠)ز

عەلـی حەریـری ئێکـە ژ هۆزانڤانێـن کلاسـیزمی یێـن کـورد لـە سـالا (١٥٣٠)ز ژ دایکبووە ناڤێ وی (عەلی)یە ب ناڤێ گوندێ وی (حەریر) جهێ ژ دایکبوونێ ب ناڤ کرییە. (حەریر) گوندەکە ل ناحیا (شەمزینان) یاکو دکەڤیتە دەڤەرا (هەکاری)یا.

نـاڤ و دەنگێـن دەسـت هەلـی و هۆسـتایی و ئێخسـتنە بەرێـک و سـەنگاندنێ ب ئاوازەکـێ خـۆش و دلڤەکـەر د کوردسـتانێدا ناڤـدار بوویـە.

عەلـی حەریـری خوێنـدکارێ جهـێ هەکاریـان بوویـە. زانـاو ڕۆشـنبیر بوویـە، مێژوونووسـێ کورد (شـەرەفخانێ بەدلیسـێ) د (شـەرەفنامێ)دا خوێندکارێن هەکاری یا ب سـەر خوێندکارێـن کـورد ئێخسـتینە. پەسـنا زیرەکـی و جوامێرییـا وان کرییـە.

هەروەسـا شـاعیرێ کـوردێ ب نـاڤ و دەنـگ (حاجی قـادرێ کۆیـێ) گەورەیی و شـاعیرییا عەلی حەریری دەردئێخیت، چونکە ل پاڵ وان شـاعیراندا یێ کو باسـێ وان دکەت ناڤـێ عەلـی حەریـری ڤی جـۆری دهێنیـت دەمـی دبێژیت:

* تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

ئــەوی جامــی گوتوویەتی ئەمــەیە
لەو قسە و مەدحە مەقسەد ئەمەیە
پیرە مــەردێ بـدیدە ئـــەم ژ جـەزیر
نیک مــەردێ بدیــدە ئـــەم ژ حـەریر

( بۆ خوێندنەوە)

عەلــی حەریری پێـش ئەحمەدێ خانی یێ ژیــای، چونکە خانی د کتێبــا (مەم‌و زین)ێدا ناڤــێ حەریــری ب یــێ (مــری) و ئینیت دەمــێ دبێژیت:

من دی عەلەما کەلامێ مەوزوون
عالی بکـــــرا ل بـانێ گـــەردوون
بیناڤـــــە ڕوحــــــا مەلێ جزیری
پێ حــــەی بکـرا عـەلی حەریری
کەیفەک وە بدا فەقێ تـەیــــران
حـەتا ب ئـەبەد بمایە حەیــــران

( بۆ لەبەرکردنە)

واتە:

(ئـەز دا ئالایێ هۆزانــێ و تۆرێ کوردی ل هەرچوار ڕەخێن جیهانــێ بەرزکەم. گیانێ مەلای جزیــری زینـدو کەمەڤــە، دا عەلــی حەریری ب گیان ئێخــم. ب زیندوکرنا جزیــری و ب جان ئێخســتنا حەریری ب ڕادەکێ وەســا فەقێ تەیــران دلگەش و بەختیارکەم تاکـو هەتا هەتایێ ئەو دلگەش‌و شــادمان مابا).

عەلــی حەریــری هــوزان ب دیالێکتــا کرمانجی ســەرو ڤەهاندینــە، تا ئێســتا ژ چەند پارچــە هۆزانــێ، حەریــری زێدەتــر ب دەســت نەکەفتینــە.

هۆزانێــن حەریری پەیوەندی ب ناڤەرۆک و ڕوخســارێ وی چەشــنێ ئەدەبا کلاســیزمی ڤە هەبوویــە ل ســالا (١٦٠٠) ێ کۆچا دواییکردووە.

## ژ هۆزانێن عەلی حەریری

دیســـان ژ نـــوو عیشـــقا بەری، پـڕ ئەنـدەروونـم ئاتەشـە
زولفـــا مـــوزەییەن عـــەنبەری، دەعـــوا د گـەل خالا ڕەشە

خـالا ل دێمـی دل ڕەڤـــا، ســـەد رووح و جانـم بن فیدا
ســـۆتم گـــەلۆ چـوم تێ نەمـا، تەرکـم کرن عەقل و هووشـە

عەقـل و هووشـم بوونە ئەسـیر، دونیا کـو گەهـ گەهـ تێتە بیر
دێم شـــوبهەتا بـــەدرا مـونیر، زولفـان ژ وەردێ بێن خوەشـە

وەردان ژ نێڤ زولفـــا دەریـن، شـوعلا بنەفشـــێ تێ وەریـن
بـالا و قـــەددا عەرعـــەرین، هـــەژیان ل ســەر مارێ ڕەشـە

دیســـانێ حـــەی تێت و دچێت، ئەحـیایی ئـەمـــواتان دبێت
وەجهان مودام نـوو ژێ دچێت، دێم شوبهەتی شـــەمعا گەشە

شەمعـــا شـــەبســـتانێ ئـــەوە، وەردا گولســـــتانێ ئـــەوە
ســـرڕی تەبســـــتانێ ئـــەوە، شـــۆخا حـــەریـرێ دل گەشـە

(لەسەرەتاوە سێ دێری بۆ لەبەرکردنە)


## لێکدانا پەیڤان

| | | |
|---|---|---|
| ژ نوو | : | سەر لەنوێ |
| بەری | : | پێشوو |
| ئەندەروون | : | دەروون |
| ئاتەش | : | ئاگر |
| موزەیەن | : | ڕازاوە، خەملاندی |
| دەعوا | : | شەڕ، جەنگ |
| د گەل | : | لەگەڵ |
| دێم | : | دەم و چاو |
| دل ڕەڤا | : | دڵی رفاند |
| گەلۆ | : | خەڵکینە |
| چو | : | هیچ |

## لێکدانەوەی شیعرەکە

١. دیسان سەر لەنوێ عەشقەکەی پێشوو سەری هەڵدایەوە و دەروونی پڕ کرد لە ئاگر. ئەو زوڵفەی بە عەنبەری بۆنخۆش ڕازاوەتەوە، شەڕ لەگەڵ خاڵی ڕەشی دەم و چاوی یار دەکات.

٢. ئەو خاڵەی وا بەدەم و چاوییەوە دڵمی ڕفاند، با سەد ڕۆح و گیانم فیدای بێت، ئای خەڵکینە ئەو منی سوتاند و هیچم تێدا نەما و عەقڵ و هۆشی منیان بەجێهێشت.



# مەحوی
# (١٨٣١-١٩٠٦)ز

مەحوی ناوی (محەمەد کوڕی شێخ عوسمانی باڵخییە)، لەساڵی (١٨٣١)ز لە سلێمانی لەدایکبووە، ماوەیەک لای باوکی کتێبە وردەکانی خوێندووە، پاشان بە فەقێیەتی بۆ خوێندن چووەتە شارەکانی (سنە و سابلاغ)، پاشان چووەتە بەغدا و لای زانای بەناوبانگی کورد (مفتی زەهاوی) خوێندوویەتی و ئیجازەی مەلایەتی پێداوە و کردوویەتی بە مامۆستای مزگەوتی (ئیمام ئەعزەم) لە بەغدا. لە ساڵی (١٨٦٢)ز بەغدای بەجێهێشتووە و گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و بووەتە ئەندامی دادگا. لەساڵی (١٨٦٨)ز بەهۆی مردنی باوکییەوە دەستی لە کاری میری کێشاوەتەوە و بووەتە مەلا و دەستیکردووە بە دەرس وتنەوە بە فەقێیان. لەساڵی (١٨٨٣)ز مەحوی چووەتە حەج و لەوێوە چووەتە ئەستەمبوڵ، چاوی بە سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی کەوتووە، سوڵتان ڕێزێکی زۆری لێگرتووە و فەرمانیداوە کە خانەقایەکی لە سلێمانی بۆ بکەنەوە، بەناوی (خانەقای مەحوی)یەوە. کە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی خەریکی دەرسوتنەوەی زانست و ئاین و ڕابەریکردنی خەڵک لەبارەی سۆفیگەری بووە.

* تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

لــە ســاڵی (١٩٠٦)ز کۆچی دواییکردووە، لــە خانەقاکەی خۆیدا بەخاک ســپێردراوە. مەحــوی بە یەکێک لە شــاعیرە بەرزەکانی کلاســیزمی کوردی دادەنرێت و لەســەر ڕێڕەوی نالی ڕۆیشــتووە و ســۆفییەکی مەزن بوو.

## ڕوخساری شیعرەکانی

١. کێشی عەروزی بەکارهێناوە.
٢. یەکێتی سەروای پاراستووە.
٣. وشەی عەرەبی و فارسی لە شیعرەکانی هەیە.
٤. وشەکاری و وردەکاری زۆری کردووە بەدوای وشە و دەربڕینی گران گەڕاوە.

## ناوەرۆکی شیعرەکانی

لـەڕووی ناوەرۆکـەوە شـیعرەکانی دەربـارەی (ئایین، فەلسـەفە، سۆفیگەری و هەسـتی نەتەوایەتـی) بـوون.

### ١. شیعری سۆفیگەری

دیـارم دەیـری عیشـقە، جێ بـەسـووتن بێ لـەوێ دەگــرم
کە من مشـتێ چڵ و چێوم بەچی بـم، کەلکی کێ دەگـرم

نـەگەییە دامـەنی دەســتی دوعــا، جا دەبمــە خاکی ڕێـی
تەریقــەی گۆشــەگیری بــەردەدەم، ئەمـجارە ڕێ دەگـرم

کە دادی یەئســی خـۆمـم بردەلا، ئەم عاریفـە توند بـوو
وتی ئـاخــر ســبەینێ جــەژنــە، خوێنی تــۆ لەپێ دەگرم

لە ڕوو سوری عیبادەت لام و لە ڕووزەردیی خەجاڵەت مام
بە نــاوی ســێوی نــاوم بـاغـەوان و مـن بەهـێ دەگــرم

لەســەرخــۆچوونــە، شەیدابوونە، قـورپێوانە، ســووتانـە
هــەتا مـردن، مەحـەببەت ئیشـی زۆرە، ڕیزی لێ دەگـرم

چ شــۆخـە ئاگـرم تێبـەر دەدات و پێم دەڵــێ: یـا شــێخ!
بە خاشــاکی دەوت شـوعلە، عەسامە دەستی پێ دەگـرم

(لەسەرەتاوە دوو دێڕی بۆ لەبەرکردنە)

## ٢ - شیعری نیشتیمانپەروەری

مەحوی لە مەیدانی کوردایەتی لەم چوارینانەی خوارەوەدا هەستی نیشتمانپەروەری دەربڕیوە و شانازی پێوە کردووە. دەڵێت:


لە دەوری دڵمی کە دی ئەم هەموو غەم و تەعەبە
دەروونی کەیلە لە زووخاو و دەرد و تابە لەبە
وتی: ببێ دڵە! وەک تۆ خەراب و شیفتە حاڵ؟
بەڵێ هەیە لە من ئاشفتە تر: وڵاتی بەبە

بنووسە، پیری دڵم ئەمری کرد، ئیتاعەم کرد
لە ئیبتیداوە کە بەیتێ موناسبی دیوان
گەدایەکی وەکو مەحوی، قەلەندەرێکی کورد
میسالی پادشەهی فورسە، ساحێبی دیوان.

(کۆپڵەی دووەم بۆ لەبەرکردنە)

### واتای وشەکان:

| | | |
|---|---|---|
| دیار | : | کۆی دارە بە واتا شوێن و وڵات |
| دەیر | : | شوێنی ڕەبەنە بۆ مەسیحییەکان |
| گۆشەگیری | : | دوورە پەرێزی |
| لام | : | تەریک بێ بەش |
| شۆخ | : | عەیار و زۆرزان |
| چڵو چێو | : | ئێسک و پروسک |



# شێخ ڕەزای تاڵەبانی
# (١٨٣٧ - ١٩١٠)ز

شـاعیر نـاوی (ڕەزا)یـە و کوڕی عبدولڕەحمانی کوری شـێخ ئەحمـەدی تاڵەبانییە و لـە سـاڵی (١٨٣٧)ز لە گونـدی (قرخ)ی نزیک شـارۆچکەی چەمچەماڵ سـەر بە پارێزگای کەرکـوک لەدایکبـووە، لە مزگەوتدا خوێندوویەتـی، جگە لە زمانی دایـک زمانەکانی عەرەبی و فارسـی تورکی بە باشـی زانیـوە، هۆنراوەی بە چوار زمانە نووسـیوە تێیاندا باڵادەسـت بـووە، شـارەزای ئەدەبـی (فارسـی، عەرەبـی، تورکـی) بـووە، ماوەیـەک ژیانـی خۆی لە ئەسـتەنبۆڵ بەسەربردووە لەسـاڵی (١٩١٠)ز کۆچی دواییکردووە و لە گۆڕستانی مزگەوتی شـێخ عەبدولقادری گەیلانـی نێژراوە.

دیوانەکـەی تاکـو ئێسـتا چەند جار لە کوردسـتان و لـە دەرەوەی کوردسـتاندا چاپکراوە و کراوە بەسـێ بەش (کوردی و فارسـی و تورکی) لە هەر سـێ زمانیشـدا شـاعیرێکی زۆر سـەرکەوتووە، تەنانەت وای لێهاتووە هەندێک لە شـارەزایانی ئەدەبی تورکی بە شـاعیرێکی گـەورەی نەتەوەی تورکـی دابنێن کە ئەمەش ڕاسـت نییە.

---

* تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

## ناوەرۆکی شیعرەکانی

### ١. داشۆرین

زۆربەی هۆنراوەکانی داشـۆرینن، ئەم بابەتە بابەتی سـەرەکی شـیعرەکانی شـێخ ڕەزا بووە، بە هونەرێکی بەرز و زمانێکی ئاگرینەوە دایڕشـتوون، قسـەی سـەیر و سـەمەرەن کە نەک هەر پسـپۆر و شیعردۆسـتان بەڵکو بەگشـتی زۆربەی خەڵکەکە حەزیان لێیبووە، بۆتە مایـەی ناوبانـگ پەیداکردنـی شـاعیر، بۆیە شـانازی بە زمانـی خۆی دەکات لـەم بارەیەوە دەڵێت:

تۆ هەتە تیغی دەبان، مـن هـەمـە تیغی زبــــان
فەرقی ئەم دوو تیغە هەروەک ئاسمان و ڕێسمان

(بۆ لەبەرکردنە)

شـێخ ڕەزا لەم دێرەدا زمانی شـیعرەکانی خۆی بە تیـغ دادەنێت بەرامبەر خەنجەری دەبانـی خەڵـک واتـە تیغی ئـەو تیژتـرە لە هیـی ئەوان.

شـیعرە شـەڕە جنێوەکانـی نێوان شـێخ ڕەزا و شـاعیری گـەورە (جەمیـل صدقی زەهـاوی) لەلایەک و شـێخ ڕەزا و شـوکری فەزلی لەلایەکی ترەوە هەر لەو شـەڕە جنێوانە دەچێـت کـە لـە نێـوان شـاعیرانی عـەرەب (جەریـر) و (فـەرەزدەق) کراوە.
لێرەدا تەنها ئەم شیعرەی دەخەینە ڕوو کە زەمی (شێخ عەلی) دەکات و دەڵێت:

بێگانە هـەموو سـاحیبی جـاهـ و جـەبەڕووتـن
بێچارە برای (شـێخ عەلی) موفـلیس و ڕووتـن

ئەی شـێخ عـەلی چاکە و سـوووقت بـەبرا بێ
باوەڕ مەکە بەم خەڵقە کە وەک توولە لەدووتن

(بۆ خوێندنەوە)

## ٢. نیشتمانپەروەری

شێخ ڕەزا لە شیعری نیشتمانپەروەریشدا شاعیرێکی بە توانا بووە، لەدیوانەکەیدا کۆمەڵێک شیعری وا دەبینرێت کە لوتکەی هەستی نیشتمانپەروەرییە و شانازی بە سەردەمی میرنیشی بابان دەکات ئەویش وەک ڕۆشنبیرێکی هۆشیار ئەوەی زانیوە کە لەناوچوونی میرنشینی بابان زیانی خۆی و نەتەوەکەیەتی، بۆیە هەناسەی ساردی بۆ هەڵدەکێشێ و لە هەستێکی نەتەوەییەوە لە باسی (سلێمانی)ی پایتەختی بابان دەنووسێت:

لە بیرم دێ سلێمانی کە دارولمولکی بابان بوو
نە مەحکومی عەجەم نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو

لەبەرقاپی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مەلا و زاهید
مەتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو

لەبەر تابوری عەسکەر ڕێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا
سەدای موسیقا و نەققارە تا ئەیوانی کەیوان بوو

درێغ بوو ئەو زەمانە، ئەو دەمە، ئەو عەسرە، ئەو ڕۆژە
کە مەیدانی جریدبازی لە دەوری کانی ئاسکان بوو

بەزەربی حەملەیێ بەغدایی تەسخیر کرد و تێی هەڵدا
سلێمانی زەمان ڕاستت ئەوێ باوکی سلێمان بوو

عەرەب ئینکاری فەزڵی ئێوە ناکەم ئەفزەڵن ئەمما
سەلاحەددین کە دنیای گرت لە زومرەی کوردی بابان بوو

(لەسەرەتاوە سێ دێڕ بۆ لەبەرکردنە)

### ٣. ستایش

شێخ ڕەزا لە ستایشکردنیشدا دەستێکی باڵای هەبوو، کە هەندێک کەسی ستایشکردووە، کەم شاعیر هەیە لەم بابەتەشدا بیگاتێ، ئەوەتە کە ستایشی کاک ئەحمەدی شێخ دەکات دەنووسێت:

١. مەڕبووتە حەیاتم بە سولەیمانی و خاکی
خۆزگەم بە سەگی قاپییەکەی ئەحمەدی کاکی

٢. ئەو قیدوەتی ساداتە کە سوککانی سەماوات
شەڕیانە لەسەر سەجدە لەبەر مەرقەدی پاکی

(بۆ خوێندنەوە)

### ٤. دڵداری

شێخ ڕەزا وەک هەموو شاعیرە کلاسیکییەکان، شیعری دڵداری نووسیوە، بە سۆزێکی ڕاستەقینەوە، زۆر ڕاستگۆیانە، کۆمەڵێک شیعری دڵداری لە دیوانەکەیدا دەبینرێت، یەکێک لە شیعرە ناسکەکانی دەخەینە ڕوو، کە پێنج خشتەکییەکە لەسەر شیعرێکی مستەفا بەگی کوردی:

دڵی بردم بەناز و عیشوە دیسان شۆخێ عەییارێ
فریبی دام بە سیحری چاوی خۆی مەحبووبێ سەحارێ
لە هیجرانا تەقەم کرد ئەی ڕەفیقان کوا مەدەد کارێ
(ئەمان مردم عیلاجێ سا لە ڕێی پێغەمبەرا چارێ
ویسالێ یا قەتل و یا تەسکین، لە هەرسێ بۆم بکەن کارێ)

(بۆ خوێندنەوە)

## ڕوخساری شیعرەکانی


١. بەزمانێکی کوردی تێکەڵ بە وشەی عەرەبی و فارسی و تورکی شیعرەکانی نووسیوە.

٢. بەکارهێنانی کێشی عەروز.

٣. لەڕووی سەرواوە پەیڕەوی شیعری کلاسیزمی کوردی کردووە،

٤. پاراستنی بابەتەکانی غەزەل و قەسیدە لە شیعردا .

٥. بەکارهێنانی زۆربەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی.



# نــاری
# (١٨٧٤ - ١٩٤٤) j

نــاوی (کاکــە حەمە)یــە و کــوڕی مەلا ئەحمــەدی کوڕی مەلا محەمەدە، لەســاڵی (١٨٧٤ )ز لــە گوندی (ســاوجێ کۆن) ی ســەر بە مەریــوان هاتووەتە دونیاوە، ســەرەتا لای باوکــی دەســتی بــە خوێندن کــردووە، قورئــان و کتێبە وردەکانــی تەواوکــردووە، ئینجا بە فەقێیەتــی بەدوای خوێندن لەم شــوێنانە (مەریوان، ســنە، پێنجوین، ســلێمانی، بانە، ســابلاغ، وان، باشــقەڵا، هەولێــر و ڕەوانــدز) گــەڕاوە. لە ڕەواندزێ لای مامۆســتا ئەســعەد ئەفەندی خەیلانــی ئیجازەی مەلایەتــی لەســاڵی (١٨٩٧)ز وەرگرتووە.

پاشان گەڕاوەتەوە بۆ مەریوان و لەوێ چووەتە گوندی (بێلو)ی نزیک مەریوان، بەوانەگوتنەوە خەریکبووە، تا لەساڵی (١٩٤٤)ز کۆچی دواییکردووە و لە دێی (بێلو)دا بەخاک سپێردراوە.

شــیعرەکانی نالــی و مەحــوی کاریــان کردووەتــە ســەر نــاری و تەلی ســۆزی شــاعیریان بزواندووە و مێشــکیان زاخاوداوە. وشــەی (ناری)ی هەڵبژاردووە و کردوویەتی بە نازناوی شــیعری خۆی. کە بــە مانای ( ئاگریــن) هاتووە.

---

* تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

## ناوەڕۆکی شیعرەکانی

### ١. شیعری دڵداری

نـاری شـیعری دڵـداری و خۆشەویسـتی هەیە، ئەمجا ئـەو دڵدارییـە حەقیقی بێت یان مەجـازی بێـت، گرنگ ئەوەیە بە دڵ و دەروونێکی پڕ بەجۆشـی عەشـقەوە ئەم شـیعرانەی نووسیوە.

چـاوەکەم بـۆیە بە دایـم کار و  پیشـــەم زاریی یـــە
حـاکمی چـاوت لـەگـەڵ مـن مـایلی غـەداری یـــە

شـۆڕش و نـاڵینی کەس بێ وەجهـ و بێ عیللـەت نییە
ئـاهی من فەریادی بولبول ئیشـی بێ غـەم خـواری یە

مـن هەر ئەو ڕۆژە دەسم شۆری لە ڕۆحی خۆم کە دیم
حـەزرەتی خونخواری ئەبرۆت مەشرەبی خون خوارییـــە

گـەر دەپرسـی بۆچی بێ نەشئە و مـەلوول و عـاجزم
ڕوومـەتی زەردم عـەزیزم شـاهیدی بێ یـــاری یـــە

کـــەم بـە خـەندە بێ بـەلامـۆ حـەیفە تانەم لێ مەدە
لێـم گـەڕێ تـوو بی خـــودا، ئـەمجـارە دەردم کاری یـە

دڵ لە شـــامی پــــەرچـــەمی ڕووتا بە دایم بێ خـەوە
چـــونکە کێشــــکچی بە شــەودا عـــــادەتی بێ دارییە

(سێ دێڕ بۆ لەبەرکردنە)

### ٢. شیعری ئاینی

ناری بەدڵێکی پڕ جۆش و خرۆشەوە، بە دەروونێکی بە سۆزەوە هاتووەتە سەر باسی ستایشی ئاینی و نووسیویەتی:

سورەتی یاسین کە وەسفی حەزرەتی لەولا دەکا
ئەهلی دڵ مایل بە جیلوەی سوورەتی تاها دەکا

خاکی بەر دەرگاهی قەسری گەر بەسەرداکا گەدا
هەر نەفس نەفرەت لە تاجی قەیسەر و دارا دەکا

ئاسمان وەک موشتەری هەر دەم بە میزانی وەفا
کەسبی هەر شامێ بەیادی دەوڵەتی ئیسرا دەکا

گەر تەصەورکا مەسیحی تەختی عەرشی ئەعزەمی
تا ئەبەد تەرکی بەیانی ڕەفعەتی عیسا دەکا

نووری عیشقی تۆ لەسەر طوری دڵی موسا مەگەر
دای لەسەر سینەی بە شەوقی دڵ یەدی بەیزا دەکا

بۆ خەلیلان گەر نەسیمی گوڵشەنی لوتفت بێ
ناری نەمردووی بە سەحنەی (جەننەت و المأوی) دەکا

(بۆ خوێندنەوە)

### ٣. شیعری نیشتمانپەروەری

ناری بەناوی سۆزی ئایینیەوە باسی نیشتمان دەکات و لەناخی دەروونییەوە ئاخ بۆ نیشتمان هەڵدەکێشێت کە بەو شێوەیەی دەیبینێت:

ئەی خاکی وەتەن بۆچی نەما سەیر و سەفاکەت؟
بۆ زێڕ و زەبەر بوو بەدەمێ، قەسری وەفاکەت؟

بۆ گوڵشەنی ئادابی مەحەببەت نییە ئەمڕۆ؟
بۆ سازە لە بۆ نەشتەری دڵ خاری جەفاکەت؟

بۆ دڵ بە دڵێ مـەیلی نەمـاوە لە (وەتـەن)ـدا؟
بۆ ڕووی لەتەرەف قیبلە نەما قیبلە نومـاکەت؟


بۆ قـاعیدەیی بوغز و حەســەد سـازە لە تـۆدا؟
بۆ پاکی شـکا، پەنجـەیی ئیحسـان و عەتـاکەت؟

سـا بۆچـی نـەبی تۆ بە زرێباری مەجووسـی؟
تـا چیهـرەیی تۆ دیـدە نـەبینێ بـە عەبووسی؟

(سێ دێری یەکەم بۆ لەبەرکردنە)

## واتای وشەکان:

کارو پیشەم زارییە : کارو پیشەم گریانە
خون خواری : خوونکاری، خوێن ڕشتن
زێڕو زەبەر : مەبەست شاری زرێبارە کە ڕۆچوو، ئێستا دەریاچەیە بەناوی زرێبار ناسراوە لەناوچەی مەریوان لە کوردستانی ئیران



# زێوەر
## (١٨٧٥ - ١٩٤٨)ز

شاعیر ناوی عەبدوڵڵا محەمەد مەلا ڕەسوڵە، نازناوی (زێوەر)ی بۆخۆی هەڵبژاردووە، لە ساڵی (١٨٧٥)ز لە شاری سلێمانیدا لەدایکبووە، حوجرە و مزگەوت کانگای بەهرەی خوێندنی بووە، جگە لە زمانی کوردی، فارسی و تورکی و عەرەبی زانیوە.

زێوەر هەر لەتەمەنی لاویەتیدا دیمەنە ڕەنگاوڕەنگەکانی کوردستان کاریان کردووەتە سەر دڵ و دەروونی و هەستی ناسکیان جوڵاندووە و تام و بۆنی شیعرەکانی مەولەوی و نالی لە هەموو دەمارەکانیدا هاتوچۆیان کردووە و تەلی سۆزیان بزواندووە. کارانگازە بە شیعری فارسی.

ستەم و زۆرداری ڕۆژگار و چەوساندنەوەی نەتەوەی کورد، ئەوەندەی تر دڵیان هێناوەتە جۆشی و ئیلهامی شیعریان پێبەخشیوە.

لە ساڵی (١٩٤٨)ز لە شاری سلێمانیدا کۆچی دواییکردووە و لە گردی سەیوان نێژراوە.

* تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

## ناوەڕۆکی شیعرەکانی

شـیعرەکانی دەربـارەی (دڵـداری، وەسـفی سروشـت، کۆمەڵایەتـی، نیشـتمانپەروەری، نەتەوەیی، فێرکردن و هاندان بۆ خوێندن و پێشکەوتن و فەلسـەفە) بـوون، واتـە لـە ڕووی مەبەسـتەوە دەکرێـن بـەم جۆرانـە:

### ١. شیعری دڵداری

زێـوەر وەک شــاعیرەکانی تـر لەســەرەتادا دەکەوێتــە مەیدانــی دڵداری و لــەو بوارەدا ئەسـپی خەیاڵی تاوداوە، یەکێکە لە شــاعیرەکانی ڕیزی پێشــەوەی بابەتی شـیعری دڵدارییە لــە ئەدەبی کلاسـیکی کوردیدا.

شاعیر وەسفی یارەکەی دەکات و دەڵێت:

تکـانـی ئابـڕووی چـەمـەن بــە ڕووی ئـابــدارەوە
شـکاندی نرخی نەسـتەرەن بە زولفی موشـک بارەوە

چمە لە مەی لە نەی! لە جام، ئەگەر بەلەنجە بێتە لام
بـــەڕوویی تـابـــدارەوە، بەچـــاوی پڕ خـومـارەوە

عـــەرەق نییە لە عـــالەما، کە لابەرێ لە دڵ غـــەما
جگــە لە قەتــرە ئارەقێ لە ڕووت کە دێتە خـوارەوە

نیشـــاتی من جەمالی تۆ بەراتی من ویســاڵی تــۆ
خـــەیاڵی من لە خاڵی تۆ بە عیشوە لێم مـەشــارەوە

عـــەزیزەکەی حەبیبی مـــن، نیگارەکـەی تەبیبی من
کە شــەق بەرێ ڕەقیبی مـن، وەرە بەسـەد ویقارەوە

فیدایی، خەد و قەدی تۆ چەمەن بە فـەوجی گوڵیەوە
بە بـــولبول و بە چـڵیەوە، بە قــومری و هـــوزارەوە

(دوو دێری یەکەم بۆ لەبەرکردنە)

## ٢. جوانی سروشت

زێوەر باسی جوانیی سروشتی کردووە کە بەدەستی کردگار نەخشاوە، سەیری ئەو دیمەنەی کردووە کە لە بەهاردا هاتووەتە کایەوە، لەم بارەیەوە دەڵێ:

بنوارە ئەو بەهار و هەوای تەڕاوەتی
نووساندنی پێکەوە لەبی غونچەی حەلاوەتی

هێنایە شەوق و زەمزەمە، تەیرانی سەر زەمین
سەرما بڕایەوە، هەموو توندی و سەلابەتی

هەورە تریشقە بووتە سەقا ئاوڕشێن ئەکا
تا، سەبزە زاری ئەرزی موجەللا بێ سەفوەتی

ئەم عەردە مردووە هەموو ڕۆحی کرایە بەر
گۆڕاوە سەربەسەر هەموو دونیا قیافەتی

بادی سەبا بەجیلوە قەدی گوڵبەنی لەران
گوڵ زاری کردەوە کە بکا شوکری نیعمەتی

(بۆ خوێندنەوەیە)

## ٣. شیعری کۆمەڵایەتی

لەبارەی کۆمەڵایەتییەوە بینویەتی شیرازەی کۆمەڵگە لەیەکتر ترازاوە و هەر لایەک کە تۆ دەیگری و دەتەوێ بچیتە ناویانەوە، سەیر دەکەیت لەوانی تر خراپترن، هەموو ئامانجێک هاتووەتە سەر پارە پەرستی و لە ویژدان دوورکەوتنەوە، لەم بارەیەوە وەک شارەزایەک ئامۆژگاری خەڵک دەکات و دەڵێت:

یەک عەیبی خەڵک ئەبینی خۆت ساحیبی هەزاری
خەڵکت لە لا خەراە خۆشت وەکو دەواری

زاهیر فەقیر و سالم بەڕەنگ و بەرگی عالم
ئەمما لەناو دەروونا مارێکی زەهرداری

(بۆ خوێندنەوەیە)

## ٤. نیشتمانپەروەری

لەبارەی هەسـتی نیشـتمانپەروەری و نەتەوەییەوە، زێـوەر بینیویەتی وا نەتەوەکەی لەژێـر باری سـتەمی زەمان و ناحەزی ڕۆژگار دەچەوسـێنرێتەوە، دووره لـە هەموو ناز و نیعمەتێک، دووره لەژیانی خۆشـی و ئازادی، بۆ ڕزگاربوون لەم جۆرە ژیانە، شـاعیر داوای تێکۆشـان و برایەتـی و زانسـت و خوێنـدەواری کـردووە، ئەمانەی بە بناغەی سـەرکەوتن دانـاوەو گوتوویەتی:

وەتــەنێ مە کوردســتانە یادگاری ئـــــــەجدادمـانە
بەهەشتی سەر ڕووی زەمین خاکی پاکی کوردسـتانە

با هەموومان وەک برابین، ڕەفیقی دین و دونـیابین
با لەوەحشـەت تەوەلابین، نۆبەتی عیلم و عیرفـانە


کورد میللەتێکی ناسراوە، لە مەعاریف بـەجێ مـاوە
ڕۆژی سەعی و تێکۆشینە بۆ ئەو کەسەی کورد زمانە

کورد میللەتێکی قـەدیمە، ساحیبی تەبعی سەلیمـە
شـاهیدی ئەم مـوددەعایە سـەلاحەدینی سـوڵتانـە

(بۆ لەبەرکردنە)

### واتای وشەکان:

تکاندی : ئاوی لێ هاتە خوارەوە
ئابڕو : حەیا
چەمەن : باخچە
ئابدار : ئاوی پێوەبێت، ئاودار
شکاندی : نرخی کەم کردەوە
نەستەرەن : گوڵێکی بۆن خۆشە، ڕەنگی سوورە یا سپییە.
موشکبار : بۆنی مسکی لێ بێت.
تابدار : هەتاو، هەتاڤ
خومار : نازو عیشوە



# شێرکۆ بێکەس
# (١٩٤٠ - ٢٠١٣)ز

شێرکۆ کوڕی شاعیری بەناوبانگ (فایەق بێکەس)ە لەساڵی(١٩٤٠)ز لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، یەکەمین شیعری خۆی لەتەمەنی حەڤدە ساڵیدا بڵاوکردووەتەوە. لەساڵی (١٩٦٨)ز دا یەکەمین کۆمەڵە شیعری خۆی بەناوی (تریفەی هەڵبەست)ەوە لە بەغدا چاپکردووە. لەساڵی(١٩٧٠)ز، لەگەڵ دەستەیەک شاعیر و نووسەری دیکەدا بانگەوازی ئەدەبیی(ڕوانگە)یان بڵاوکردەوە، نوێکردنەوە لە ڕوخسار و ناوەرۆکدا مەبەستی سەرەکی ڕوانگەییەکان بوو.

لە شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلەکەیدا بەشدارییکردووە. زیاتر لە چواردە کۆمەڵە شیعری بەزمانی کوردی بڵاوکردووەتەوە، شانۆنامە، چیرۆکە شیعر، داستانی شیعریی نووسیوە. لەساڵی(١٩٨٧/١٩٨٨)ز دا لەلایەن یانەی قەڵەمی سویدییەوە خەڵاتی ئەدەبیی (تۆخۆلسکی) پێبەخشراوە، لە ٢٠١٣/٨/٤ لە وڵاتی سوید کۆچی دوایکرد. هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی بۆ گەلێک زمانی بیانی وەرگێڕاوە، وەک (ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەرەنسی، ئیتاڵی، سویدی، تورکی، عەرەبی و فارسی) هی تریش.

* تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

ئەمەش چەند نمونەیەکە لە شیعرەکانی:

### ١- خاک

دەستم برد بۆ چڵی دارێ
لەتاو ئازار لق داچڵەکی
کە دەستم برد بۆ لقەکە
ناو قەدی دار کەوتە هاوار
کە باوەشم کرد بە قەدا
خاک لەرییەوە لەژێر پێمدا
بەرد ناڵاندی
ئەمجارەیان کە دانەویم
خۆڵم هەڵگرت
گشت کوردستان زریکانی

(بۆ لەبەرکردنە)

### ٢. خۆشەویستی

گوێم نا بەدڵی خاکەوە
باسی دڵداری باران و خۆی بۆ کردم
گوێم نا بەدڵی ئاوەوە
باسی خۆشەویستی خۆی و
سەرچاوەکانی بۆ کردم
گوێم نا بەدڵی دارەوە
باسی خۆشەویستی خۆی و
گەڵاکانی بۆ ئەکردم
کە گوێشم نا بەدڵی خۆشەویستی خۆیەوە، ئەوسا
باسی سەربەستی بۆ کردم!

(بۆ لەبەرکردنە)

## ٣. سێ زمان و چوار قامچی

لەناو ئاپورەی مەراقی گشت دنیادا
هەر لە دوور ڕا
مەراقی خۆم ئەناسمەوە
مەراقی من!
قژی سەوزە و
ڕیش خوێناوی و
چوار خاچی وا بە کۆڵەوە
مەرگیش بە سێ زمانی جیا و
چوار قامچیی بەدوایەوە و
تەوق لە گەردن
کەچی نەچۆک دا ئەدات و
نەبێ دەنگی ئەکات مردن!

(بۆ خوێندنەوەیە)



# شێخ غەیاسەدین نەقشبەندی
# j(١٩٤٤-١٨٩٠)

غەیاسـەدین کـوڕێ بەهائەدیـن کوڕێ شـێخ محەمەدە. ئـەڤ بنەماڵە ل دەڤـەرا بەهدینا ب بنەماڵـەکا ڕۆشـنبیر و ئۆلدار و ژ خودێ تـرس ناڤدارە.

شـێخ غەیاسـەدین ل سـالا (١٨٩٠)ز ل گونـدێ بامەڕنـێ ژ دایکبوویـە، هـەر ل وێ مـالا ئۆلـدار ژیایـە و پـەروەردە بوویە، ئەو ژی وەکـی هەمی خوێندکاران ل دەسـتپێکا خواندنا خـۆ دەسـت ب خوێندنـا کتێبێـن ئایینی ژ (شـەریعەتێ و فقهـێ) ل جەم زانایێـن دەڤەرێ وەکـی مـەلا نەجمەدینێ ئیمـام و سـەیدایێ تەکیایـێ، ل بامەڕنێ خوێندییە. پاشـی چوویە ئامێدیـێ ئیجـازا عالمیـێ ژ دەسـتێ (محەمەد شـوکری) مفتیێ ئامێدیـێ وەرگرتییە.

د ژیێ پیرییێدا دەست ب هۆزان ڤەهاندنێ کردییە. هۆزانین وی ڤەهاندین هەرچەندە د کێمن، لێ هەمی د پڕ واتان، ب شارەزایی ڤەهاندینە ژ بۆ ئامۆژگاری و ڕێنیشاندان و پەسەندکرنا ڕۆشنبیریێ.

غەیاسەدین مرۆڤەکی تێگەهشتی و زانا و دووربین بوویە، دزانی پێشکەوتن و ڤەژینا مللەتی ب خواندن و بەلاڤکرنا ڕۆشنبیریێ و قڕکرن و نەهێلانا نەزانینێ و یەکبوونێ ڤەگرێدایە، دەمێ دبێژیت:

ئەگەر هوین موتەفق بن علم و فەن و سنعەتا بخوینن
چو شک نینە سـەعادەت بۆ وە دێ هێن بێ زەحمەت

کورێ بابێ ئەوە، دەستێ هـەڤالی بگریت و ڕاکـەت
هـەکە کەفتە کوورا تەنگا ڤێ خشـیانە سـەر زیقـەت

کورێت بابا تفـەنگا دانن و دەسـتا سـڤک هەلدەی
هــەوە ئـەڤرۆ قەلەم لازمترە داکو بهـێت فەرسـەت

کورێت بابا ئەگـەر هـوین بوونە زانـا و تفـاق ژیەک
دهێت تەیارە بۆ وە پێش تڤـەنگێڤە نەکەن حەسـرەت

(لەسەرەتاوە دوو دێری بۆ لەبەرکردنە)

خەبـات کرییـە داکو ملەت و نەتەوەیا کـورد بۆ لاوێن کورد بدەت نیاسـین دەمێ دبێژیت:

کورێت بابـا بـزانن حـەق چییە مـەوتـەن چییـە ئەڤـرۆ
هـەوەل سـەر لازمە هوین تێبگەهن عنوانە قـەومیەت

چو گازاندا ژ زەمانی هوین نەکەن ئەو هەر شەڤ و ڕۆژن
وەکی خۆیە بەلێ سـویچا مەیە ئەم بـووینە بێ قیمەت

گـەلی لاوا وەتـەن دەینێ خۆیێ دخـازیت چ دێ دەینێ
هەچی تشـتێ بـدەین مـالێ وییە بێ خێر و بێ مـنەت

(بۆ خوێندنەوە)

غەیاسـەدین ل سـالا (١٩٣٠)ێ ز بـوو بـە نوێنـەرێ قـەزا ئامێدیـێ و ل ئەنجومەنێ عێراقـی. دەمـێ جەنـگا دووێ یـا جیهانـی ل سـالا (١٩٤٤)ز چوویـە بـەر دلۆڤانیـا خـودێ. غەیاسـەدین د ڤەهاندنـا هۆزانـادا ڕێـگا هۆزانڤانێـن کلاسـیکی گرتبـوو، ئاخفتـن و زاراوێـن بیانـی بـکار ئینابنـە.

نمونەیەک ژ هۆزانێ. غەیاسـەدینی یاکو ب خەباتـا نەڤییێن بەدرخانی و بەلاڤکرنا کەلتورو ڕۆشـنبیرییا کـوردی ڤەهاندییە ب ناڤێ بەدرخانی.

خـۆشی ئەڤـە هــات و هـەمیا مل ل ســەمایە
کـەیف و کـەنییە ئەڤــرۆ چ نعمــەت خودێ دایە

علـم ئەدەبا گرتی ســـەراســەر جهێ کــــوردا
بــــەر بــــوونە دوڕ و ئــاخ هــەمی زێڕی سەفایە


خۆشـی نە ئــەوە پاخلێ تــژی کــەی ژ دراڤــــا
دل خــــۆشی نەبیت مـــال هەمی دەرد و بەلایە

کا خــۆشــی وەکی فکــرە ئەسیر مـــا ل دەمـاغا
مـا بۆچییە ژیـــن وەقتێ کو ئـــەزمانێ بــــڕایە

ســـەربەســـتییە ئینسـانی دگێریت ب ســـەعادەت
ئـــەمنیەتە بۆ بـــزنێ دکـــەت گـــورگی بـــرایە

ئەڤرۆ خەبەرێ خۆش مە گوهـ لێ بوو کو بەدرخان
ســــاخبوو ڤە دشـــەخســـێ نــەڤیادا ڤەگەڕایە

( تەنیا دوو دێر بۆ لەبەرکردنە)



# شێخ محەمەدی خاڵ
# (١٩٠٤-١٩٨٩)j

زانا و نوسەری گەورە ناوی (محەمەد شێخ عەلی حاجی شێخ ئەمین شێخ محەمەدی خاڵ)ە لەساڵی(١٩٠٤) ی زاینی لە شاری (سلێمانی) لە گەڕەکی گۆیژە لەدایکبووە لە (١٩٨٩)ز هەر لە شاری (سلێمانی) کۆچی دواییکردووە و لە گردی سەیوان بە خاک سپێردراوە.

شێخ محەمەدی خاڵ لە بنەماڵەیەکی ئاینپەروەر و زانا هەڵکەوتووە، هەر لەمنداڵییەوە خەریکی دەرسخوێندن و مزگەوت بووە، ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، بووەتە مامۆستا لە مزگەوتی خۆیان کە بە مزگەوتی حاجی شێخ ئەمین بەناوبانگە، لە ساڵی (١٩٣٩)ز بووەتە (قازی) لە شارەکانی (سلێمانی، کەرکوک، موسڵ)دا قازییەتی کردووە، لە ساڵی(١٩٦٧)ز وازی لەو کارە هێناوە. لە ساڵەکانی (١٩٧٠- ١٩٨٩)ز ئەندامی کۆڕی زانیاریی عێراق و کۆڕی زانیاریی کورد بووە لە بەغدا.

* تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

## بەرهەمەکانی

شـێخ محەمــەدی خــاڵ کــە زانایەکــی کارامــە و دانایەکــی بــە توانابــوو، ڕێبــازی ڕۆشــنبیری و خزمەتکردنــی زمان و ئەدەبــی نەتەوەی کوردی گرتەبەر، لەســەر ئەم ڕێبازە نەوەســتا تا دوا هەناســەکانی ژیانی، باوەڕی بە دوو شــت هەبووە: یەکەم: ئیســلام بەگشتی دووەم: نەتــەوەی کــورد بەتایبەتــی، کێڵگــەی پیــرۆزی ڕۆشــنبیری (خاڵ)ی زانــا خەرمانی هەمــە جۆری کەلەپــوری کــوردی تێــدا قوڵبووەتــەوە، لــەم ڕووەوە مامۆســتا خــاڵ گەلێ بەرهەمــی بەنرخــی هەیــە چ بەزمانــی کــوردی چ بەزمانــی عەرەبــی لەوانە (شــێخ معروف النودهــی) کە بــە زمانی عەرەبییە، باس لــە بەرهەم و خزمەتەکانــی زانایەکی گەورەی کورد دەکات. هەروەهــا کتێبێکــی دیکــەی بــە زمانی عەرەبــی لەســەر (المفتی الزهــاوی) هەیە.

هەروەها بە زمانی کوردیش کۆمەڵێک بەرهەمی هەیە، لەوانە (فەرهەنگی خاڵ) کە بەسێ بەرگ چاپیکردووە و فەرهەنگێکی کوردی کوردییە، بەرگی یەکەمی لە ساڵی (١٩٦٠)ز چاپکردووە لــە ســلێمانی، بەرگی دووەمیشــی لە ســاڵی (١٩٦٤)ز هەر لە ســلێمانی چاپکــردووە، بەرگی سێیەمیشــی لــە ســاڵی (١٩٧٦)ز چاپکــردووە تا ئێســتا بــە یەکێک لــە فەرهەنگە باشــەکانی زمانــی کــوردی دادەنرێــت کــە توانیویەتــی زۆرترین وشــەی زارەکانی زمانی کــوردی لەم فەرهەنگــەدا کۆبکاتــەوە، بەمــەش بــوو بــە گەنجینەیەکــی دەوڵەمەندی زمانی کــوردی و بە ســەرچاوەیەکی گــەورە دەژمێردرێــت بــۆ فەرهەنگەکانی تر کــە لەپاش ئــەو چاپکراون.

بەرهەمێکی تری مامۆســتا خاڵ کتێبی (پەندی پێشــینان)ە کە تا ئێســتا چەند جارێک چاپکــراوە، جاری یەکەم لەســاڵی(١٩٥٧)ز دا بڵاویکردەوە. مامۆســتا (خــاڵ) بە دەیان وتاری لــە گۆڤــار و ڕۆژنامە کوردییەکانــدا بڵاوکردووەتەوە دەربارەی زمان و ئــەدەب و ڕەخنە و ئاییــن و ســۆفیگەری، جگە لــەو بەرهەمانەی کە باســمانکردن.

### ئەم بەرهەمانەشی هەیە:

١. فەلسەفەی ئاینی ئیسلام
٢. تەفسیری خاڵ - بەرگی یەکەم
٣. تەفسیری خاڵ - بەرگی دووەم
٤. مەولود نامە
٥. ناڵەی دەروون

جگــە لــەم بەرهەمانــە، شــێخ محەمــەدی خــاڵ دەســتنووس و چاپەمەنــی دەگمەنی کتێبخانــەی خۆی بڵاوکردووەتەوە، هاتووە چی دەســتنووسو چاپکراوی دەگمەنی بەهاداری

کتێبخانەکەی هەیە بەزمانی (کوردی، عەرەبی، فارسی و تورکی) هەموویانی بە شێوەی لیست بڵاوکردووەتەوە، کە تیایا خەتەکەی خۆشە یا ناخوێنرێتەوە، کارەکە تەواوە یان کەموکوڕی هەیە، ژمارەی لاپەڕەکانی چەندە، کە ئەمەش بە بەشێک لە گرنگیدان بە کەلەپوری نەتەوایەتی دەژمێردرێت.


شێخ محەمەدی خاڵ یەکێک بوو لە پەخشاننووسە بەتواناکان کە بە زمانێکی پوخت و سفت و ڕەوان دەینووسی. لێرەدا پارچە نووسینێکی بڵاودەکەینەوە کە وتارێکی ڕەخنەییە دەربارەی دیوانی شاعیری پایەبەرز شێخ ڕەزای تاڵەبانی نووسیویەتی، کە لە گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عێراق - دەستەی کورد بەرگی بیستەم بڵاویکردووەتەوە بەر لە مردنی لە ساڵی (١٩٨٩)ز.

(داخی گیانم ئەگەر شیعری هەموو شاعیرەکانمان کۆبکرانایەتەوە لە وەختی خۆیا، ئێستا بەسەدەها دیوانمان ئەبوو، بەڵام بەداخەوە لە هەزارا یەکێکیان شیعریان نە نووسراوە کۆنەکراوەتەوە، چاپنەکراوە لەگەڵ مردنی خۆیان، شیعرەکانیشیان مردوون و نێژراون و بەبێ ناونیشان چونەتەوە بیابانی نەبوونی، تەنانەت ناوی شاعیرەکانیشمان پێنەگەیشتووە ئەم دەپانزە بیست دیوانەی کە ئێستا لەناومان هەن بە چاپکراو و دەست نووسەوە هەر شاعیری ناوچەی خۆمانن لە دوو سەد ساڵ لەمەو پێشەوە، ئینجا ئەبێ شاعیرانی کوردستانی گەورە لەدەوروبەری بابا تاهیری هەمەدانییەوە، کە هەزار ساڵ لەمەو پێش بووین و چەندبووبن و چۆن بووین، ئەمە مەگەر هەر خوا بزانێ.

باشە شاعیرە کۆنەکانی دەوری بابەتاهیری هەمەدانی ئەگەر فەوتابن لەبەر دووری ڕۆژگار، ئەی شاعیرەکانی دەوری خۆمان بۆچی شیعرەکانیان فەوتاون؟!

زۆر دوور نەڕۆین ئەوە شێخ ڕەزای تاڵەبانی کە پێچی مێزەرێکە کۆچی دواییکردووە، تا ئێستا دووجار دیوانەکەی لە چاپدراوە بەڵام بەداخەوە لە دە یەکێکی کۆکراوەتەوە؟ ئەوی کۆشکراوەتەوە هەمووی پڕە لە هەڵە و کەموکوڕی، بێگومانم شێخ ڕەزا بەقەد (کەلیم) شیعری فارسی و بەقەد نامق کەمال شیعری تورکی و بەقەد نالی و سالم شیعری کوردی وتووە، بەڵام بەداخەوە بەشی زۆریان لەناو چوون و کوا شیعرەکانی بەهەر چوار زارەکە چییان لێهات؟ بۆچی مەردێک لە خزمەکانی خۆی شیعرەکانی کۆنەکردۆتەوە؟ یا بۆ خۆی لە دەفتەرێک هەمووی تۆمار نەکردووە؟ دیوانم نەدیوە بەقەد دیوانی شێخ ڕەزا بەدبەخت و وێران بێ و هەڵەی تیابێ...!).

(تەنها بۆ خوێندنەوەیە)



# ڕەوشەن بەدرخان
# (۱۹۰۹-۱۹۹۲)ز

(یەکگرتنا گەلێ کورد بدە من ئەزێ کوردستانەک سەربەخۆ بدەم تە)

ڕەوشەن بەدرخان

ڕەوشەن بەدرخان کچا (مەحمود صالح بەدرخان)، هەڤژینا جەلادەت عالی بەدرخانە. ڕەوشەن بەدرخان ل(۱۹۰۹)ز ل باژێرێ (قەیسەری) ل تورکیا ژ دایکبوویە، ژیێ وێ گەهشتە دوو سالا، خێزانا وێ بۆ ئەستەنبۆلی هاتە ڤەگوهاستن، ل سالا (۱۹۱۳)ز دەمێ بنەمالا بەدرخانیان بۆ گەلەک وەلاتێن ڕۆژهەلاتا ناڤین هاتینە دوورئێخستن، بابێ وێ نەچاربوو مالا خۆ برە (شام)ێ و ل سالا (۱۹۱۵)ز بابێ وێ ژ ئەگەرا نەخۆشییا گرانەتا دچیتە بەردلۆڤانیا خودێ. خواندنا سەرەتایی ل قوتابخانا (شوعلەت ئەلتەرەقی) یا تورکی دەسپێکر.

* تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

پشتی سەربازێن تورکی ژ (شام)ێ هاتینە ڤەکێشان و خواندن ل قوتابخانێن سوریێ ب زمانێن (عەرەبیو ئینگلیزی)بووە خواندنا خۆ، ل (خانەی مامۆستایان)ب داوی ئینایە و ل سالا (١٩٢٥)ز ل باژێرێ (کەرک) ل ئوردنێ بوویە فەرمانبەر.

ل سالا (١٩٢٧)ز جارەکا دی ڕەوشەن بەدرخان ڤەگەڕیایە شامێ و وەک مامۆستایا زمانێ عەرەبی ل قوتابخانا (ئەللائق) دەست ب کارێ خوە کریە ب شێوەیەکی فەرمی.

ل سالا (١٩٣٥)ز شو ب میر جەلادەت بەدرخان کریە و کچەک بناڤێ (سینەم خان) و کورەک بناڤێ (جەمشید) ژێ هەبوون و ل سالا (١٩٥١)ز میر جەلادەت چوویە بەردلۆڤانیا خودێ.

ل سالا (١٩٥٦)ز دگەل (نوری دێرسمی، حەسەن هشیار، حەیدەر حەیدەری و ئوسمان ئەفەندی) کۆمەلا زانست و ڕۆشنبیری ل (حەلەب)ێ پێک ئینایە (دامەزراندییە).

هەتا سالا (١٩٦٤)ز یێ درێژی ب کارێ خۆ وەک مامۆستا دایە و ل سالا (١٩٦٥)ز ێ هاتیە خانەنشینکردن. ل سالا (١٩٧٢)ز ێ بەشداری د کۆنگرێ سێ یێ ئێکەتیا ئافرەتێن کوردستانێدا کریە یا ل کوردستانا عیراقێ هاتیە بەستن.

هەتا سالا (١٩٧٢)ز ل شامێ ژیایە پاشان ژیانا خوە ل (بانیاس) بریە سەر.

ل سالا (١٩٩٢)ز چوویە بەر دلۆڤانیا خودێ، ل هەمان سالدا ژ لاوەکێ کورد ڕە دبێژیت:

(کورێ من دەمێ ئەم هەین هوون هێشت پێ نەگەهشتبوون، ئیرۆ هوون پێ گەهشتنە ئەم ل سەر دارێ ژیانێ نامێنن، کورێ من حەز ژ هەڤ بکن، دگەل هەڤ هاریکاربن، یەک بگرن و ژ هەڤ جودا نەبن، کورێ من یەکگرتنا گەلێ کورد بدە من ئەزێ کوردستانەک سەربەخۆ بدەم تە).

## خزمەتا ڕەوشەن بەدرخان د وارێ رۆشنبیری و دۆزا کوردیدا:

ئافرەتا ئێکەمین بوو کو وتار ژ گۆڤارا هەوار ب ئەلفابێیا لاتینی بلاڤکرینە، و ل سالا (١٩٧١)ز ێ وەک ئەندامەکا شاناز بۆ کۆڕێ زانیاری کورد هاتییە هەلبژارتن.

ئەڤە پارچە نڤیسنەکا ڕەوشەن بەدرخانە کو د کۆڤارا هاوار ژمارە (٣٧) یا ١٥ی نیسانا (١٩٤١) ز ێ دا بەلاڤبووی ل ژێر ناڤێ ستوونا کابانیان کابانی و مامۆستا:

(( خوەهێن من ئێن دەلال، هەروەکی هوون ژی دزانن دەردێ مللەتێ مە ئێ مەزن و غەدار نەزانییە، نەزانین نەخوەشییەک و دەرمانێ وێ زانینە. نک مللەتێن خودان حکومەتو تەشکیلات ڤێ نەخوەشیێ دخستەخانەیێن خسوسی دە دەرمان دکن و ژوان خەستەخانان ڕە (دبستان) دبێژن. مامۆستە پزیشکێن وێ خەستەخانەیێ نە، مللەتێ مە نەخوە دیێ وان خەستەخانانە، مللەتێ مەمللەتەکی بێ تەشکیلات، بێ خەوەدی و سەری، مللەتەکی بەلاوەلایە و دبن حکمێ مللەتێن دوژمن دن، مللەتێن دوژمن دەیە، لێ دوژمنێ مە ئێ مەزن، ئێ مەزنتر نەزانییە. دڤێت ئەم شەڕێ وی دوژمنی غەدار بکن. دڤی شەڕی دە ژی ژ مە ژنێن کوردمانج ڕە دڤێت کۆ ئاریکاری مێرێن خوە بکن زارۆیێن خوە بعەلمینن خوەندن و نڤیساندنێ و وان ژ نەخوەشییا نەزانیێ خەلاس بکن)).
(تەنها بۆ خوێندنەوەیە)

### لێکدانەوەی وشەکان

| | | |
|---|---|---|
| دبستان | : | قوتابخانە |
| نەخوە دیێ وانە: | | خاوەنو خودانی وان ینیە |
| نڤیساندن | : | نووسین |
| زارۆیێن خوە | : | منداڵەکانتان |
| هوون ژی | : | ئێوەش، ئەنگۆش |

# بەشی خوێندنەوە






# کوردی پەتی

(ا)

زمانی کوردی، هەر لەسەرەتای نووسینیەوە، کەوتبووە ژێر کاریگەری زمانی دراوسێکانی و بەتایبەتیش زمانی عەرەبی، بە سەدان وشە و دەستەواژەی عەرەبی لە کوردیدا بەکاردەهاتن، وای لێهاتبوو زۆرجار تەنیا دارشتنی ڕێزمانی ڕستە بە کوردی دەمایەوە، دەنا هەموو وشەکان عەرەبی بوون. ئەگەر چاوێکی خێرا بە نووسینەکانی ڕۆژنامەی (کوردستان)و (ڕۆژی کورد) و (ڕۆژی کوردستان)و...هتد. بگێڕین ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت.

لەدوای هاتنی ئینگلیز بۆ عیراق و کوردستان، مێجەرسۆن خاوەن دەسەڵاتێکی زۆربوو، سەرەتا لە بەغدا ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) دەرکرد و پاشان لە سلێمانی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)ی دەرکرد (١٩٢٠- ١٩٢٢) سۆن جگە لەوەی کە خۆی کوردییەکی باشی دەزانی و زۆر بەرهەمی ڕاستەوخۆ لە ئینگلیزییەوە کردووە بە کوردی و لە

رۆژنامەی پێشکەوتندا بڵاویکردۆتەوە. لە پاڵ ئەوەشدا هەوڵیدەدا زمانی کوردی لە وشەی بیانی پاکبکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە نووسەرانی هان دەدا بەکوردی پەتی بنووسن و پێشبڕکێیەکی ئەنجامدا سێ کەس خەڵاتەکەیان بردەوە: یەکەم: شێخ نووری شێخ سالح بە شیعری (جوت و گا شتێکی چاکە)، دووەم: زەکی سائیب بە پەخشانی (بۆ چروک)و سێیەم: جەمیل سائیب بە پەخشانی (ڕۆژەوە بوونێک)، هەرسێکیان لەژمارەی (٣٠) پێشکەوتندا بڵاوکراونەتەوە.

ئەمەش نمونەیەکە لە(بۆ چروک)ی زەکی سائیب:

(هەچ وەختێ ئەم قامیشە دوو لەتە، ئەم ئاسنە دوو کەرتە ئەگرم بەدەستەوە، زمانم توێ توێ ئەبێ. خوێنی دڵ، ئەو دڵۆپە سورانە لە هەموو شاڕەگی لەشمەوە کۆ ئەبێتەوە و ئەتکێ، حەوزێکی سوور دەخاتە بەرچاوم، تنۆک تنۆک لە چاومەوە فرمێسک ئەڕژێ و لەبەر پێما بیرێک پەیدا ئەبێ سەرم وەکو مزراحێکی دگ دگە بەگوڕ دایکوتی، گێژ و سووڕ ئەخواو لەبنیا ئەمێنێتەوە. ئەو هەنسکانەی لە بنکی دڵەوە هەڵئەکشێ لە گەروما کۆ دەبێتەوە، هەناسەم لێدەبڕێ، دەمەوێ نەختێ لەم کاسە لێو ڕێژەی دڵم بڕێژم و سوک کەم...)

دیارە ئەم وتارە بە کوردییەکی پەتی نووسراوە، وشەی بیانی زۆر کەم تێدایە، ڕستەکانی ڕێک و ڕەوانن، دارشتنی پوختە و بێگرێیە. ناوەرۆکیشی بابەتێکی خودییە. نووسەر باسی باری دەروونی خۆی دەکات و دەیەوێ بۆ کروز و بۆ چر و دڵەی سوتاوی بە گەروی شمشاڵ دەردەبڕێت.

**(٢)**

حسـێن حوزنـی موکریانی، کە زمانـزان و مێژوونـووس و هونەرمەندێکی گەورەی کورد بوو، لەسـاڵی ١٩١٥ لە حەلەب چاپخانەیەکی کڕی و سـاڵی ١٩٢٦ هێنایە ڕواندز، دەسـتی بە بڵاوکردنـەوەی کتێبـی کوردی کرد و ڕۆژنامەی (زاری کرمانجی)یشـی دەرکرد کە لەماوەی (١٩٢٦-١٩٣٢)، (٢٤) ژمـارەی لـێ دەرچوو. لەژمارە (٥)ی سـاڵی دووەمـدا (١٩٢٨) وتارێکی بڵاوکردۆتـەوە بەنـاوی (دەوری ئیسـتیعباد) (ل٨- ١٥)، باسـی زولـم و زۆر و کوشـتاری (محەمـەدی قاجـار) دەکات دژی گەلی کـورد و نەبەردی کورد پێشـان دەدا لەبەرگریکردنی دەسـتدرێژییەکانی محەمەد ئاغادا.

ئەمەش نمونەیەکە لەو نووسینە:

(لـە کوردەکانـی تاڵـش، سـێ کـەس دەسـتیان هاوێژتـە خەنجـەری پیاوەتـی، لە شـەوی شـەمە، بیسـت و یەکەمی زیلحیجە، سـاڵی ١٢١٢دا، نزیک بە سـپێدە، لەناو چـادردا چوونە سـەر ئاغا محەمەد بـە خەنجەران پارچەیان کرد و سـندوقی پڕ گەوهەر و بـازوو بەنـد و شـیری گەوهەر بەنو دەریای نوور و تاجـی ماه و گەلێک چتی بەنرخ، کـە ئاغـا محەمەد لـە حکومەتـی کوردەکانـی زەندی دەسـت کەوتبـوو، هەموویان هەڵگـرت و چوونـە کـن سـادق خانی شـکاک، ئەو سـێ کوردانە تۆڵـەی کوردەکانی تاڵـشو زەندیان لـە ئاغا محەمەد کـردەوە...).



# خەج و سیامەند

داستانی دڵداریی کوردی، لەگەڵ باسی ئازایی و کۆڵنەدانـدا، وێنەی وەفاداری و قسە و پەیمانبردنە گەڕەوەن. لە هەموو داستانێکی دڵداریی کوردیدا سۆزی ئەڤین و دڵدارییەکەی ڕۆژهەڵات بەدیدەکرێت، لەناو ئەمانیشدا، دیسان دیمەنی کێشەیەک هەر دیارە. کێشەی نێوان چاکە و خراپە، نێوان پاکی و ناپاکی، وەفاداری و سەرڕاستی لەگەڵ بێ پەیمانیدا.

لێرەشدا گیانی میللەت دەردەکەوێت و کێشەکە لە لایەکی ترەوە دەبەسترێتەوە بەو کێشەیەی کە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەیە. بۆیە زۆرجار دەبینین قارەمانەکانی داستانی دڵداری، پیاوی ڕەنجدەر و زەحمەتکێشن لەهەموو خاسییەتێکی ئەم کەسانەدا لە ڕەوشت و کردار و سەر ئەنجامیدا، وێنەی مەردایەتی و ئازایەتی و وەفاداری و خۆبەختکردن دیارە.

چەند داستانی کوردی هەیە، کە چیرۆکی حەزکردنی کوڕە جوتیارمان لە کچە ئاغا بۆ ئەگێڕێتەوە، ئایا دەتوانین باسی دڵدارییەکە کەلا بخەین و ئەمە بکەینە نمونەیەک بۆ ئاواتە هەمیشەییەکەی ئادامیزاد. ئاواتی بە ژیانی باشتر و خۆشتر گەیشتن؟ زۆرجاریش

هەیە کە هەر ئەو کچە ئاغایە کەس و ئامۆزا و خزمی کوڕە جوتیارە، وەک لە داستانی خەج و سیامەندیدا دەیبینین ئەو داستانەی کە هەر بە تەواوی داستانی کوردە و بەشێکە لە گەنجینەی نەتەوایەتی ئێمە و لەناو کورددا زۆر بڵاوە.

عوبەیدوڵڵای ئەیوبیان(*). لە پێشەکییە فارسییەکەی چاپەکەی خەج و سیامەند نووسیویەتی: (مێژووی ژیانی خەج و سیامەند دیارنییە. ئەم بێ مێژووییە بە قسەی یەکێک لە مامۆستایان شتێکی تایبەتی خەڵکی چیایە، بەیتی خەج و سیامەند وێنەی گیان بەخشینە، داستانێکی ڕاستەقینەیە کە لەسەر گوزەشتەی سۆزمەندی سیامەندی قارەمان و ئارەزوویەکی سادە، بەڵام گیانبەخش و لە عەشق و وەفاداری و گیان بەخشینی (خەج) ی فیداکار وەرگیراوە).

بەپێی ئەو پێشەکییە خەج و سیامەند خەڵکی دێهاتی سەرسەوز و بەرزی (کێلە سیپان)ی ناوچەی مەهابادن. بەڵام جۆرە گێڕانەوە کرمانجییەکەی، (سیپان) دەباتە لای دەریای وان. لەم داستانەوە دەتوانین (لە بیری ڕوناک و دەروونی زیندوی میللی و هونەری خەڵکی کوردستان بگەین، ئەم داستانی عەشق و ئەڤینە لە وێنەی خۆی کەم هەیە، چونکە بەشێوە هونەرێکی سەرنجڕاکێش نووسراوە، جۆری بیرکردنەوەی کوڕ و کچ لە دڵداری و عەشق و خۆشەویستیدا پیشاندەدات و لە سنوری خۆیدا یەکێکە لە بەرهەمە بە دیمەنەکانی دیمەنی مەعنەویی کورد).

لەم داستانەدا وەک هەموو داستانێکی دڵداریی قەد و لوتکەی چیای کوردستان، و چیرۆکی بن دار و دەوەن و وەرد و کۆڕی دروێنە و کۆڵکێشان، (خەج و سیامەند)(**). دڵیان بەیەکدا دەچێت و پەیمانی دڵداری و وەفاداری دەبەستن. کەسوکاری خەج ڕازی نابن کچی خۆیان بدەن بە سیامەندی هەژار با ئامۆزای خۆشی بێت، بۆیە خەج بڕیاری ئەوە دەدات، لەگەڵ سیامەندا سەری خۆی هەڵگرێت.

سوارەی عەشرەت دوایان دەکەون، سیامەند شەڕێکی ئازایانە دەکات، تا دوایی تیرێک جگەری دەسمێت و لەسەر لوتکەی چیای بەردینەوە گلۆردەبێتەوە و (خەج)یش دوابەدوای ئەو خۆی فڕێدەداتە خوارێ لە پاڵ دڵدارەکەیدا دەمرێت.

*) عوبەیدوڵڵا ئەیوبییان لە ساڵی ١٩٥٦ دا لە تەورێز، چریکەی (خەج و سیامەند)ی بە تیپی لاتینی چاپ کردووە و کردوویەتی بە فارسی و پێشەکی بۆ نووسیوە.

**) خەج و سیامەند هەروەها بە دوو دیالێکتە گەورەکەی کوردی هەیە، لە زۆر ناوچەی جیاوازی کوردستاندا بە جۆری قسەکردنی ناوچەکە ئەم داستانە بڵاوە. ئەوەی تا ئێستا چاپکراوە، ئەوەیە کە لە یەریڤان دوکتۆر حاجیی جندی لە ١٤٨ لاپەڕەدا لەگەل ناوەڕۆکەکانی تری کتێبی (تڤیسار کاری کرمانجا سۆڤێتی- ١٩٥٧)دا بەناوی کورتەی (سیامەند و خەجی زەڕێ)وە چاپی کردووە، هەروەها ئەو چاپەی عوبەیدوڵڵای ئەیوبییانە، هەروەکو محەمەد تۆفیق وردی لە ناوچەی شەقڵاوە ئەم داستانەی نووسیوەتەوە.

سیامەندیش لەسەرەمەرگدا ڕوودەکاتە خەج و دەڵێت:

سـیامەند گازدەکا: وەی ل من... توخوا (خەج)یَ بەسـەر و ڕووی سورەوە، بەسە، مەکە- هەی- ڕۆڕۆ و گریانیَ. میهر و چەمبەریَ خۆشەویستت لەدڵما تاکو مردنیَ ئاورێکی بەرداوەمەوە لـە هەنـاویَ، نە بـە گورەژنی شـیبانی نیوەشـەویَ دەکوژێتـەوە، نە بـە پرپـژکا دەبارانیَ.

بۆ چرۆکێکم لەتەنی هەڵدەستی لە گوێین هەوری ڕەش دەگەڕێتەوە کەلێنی ئاسمانیَ).

لـەم داسـتانەدا هـەروەک نائومێـدی و کارەسـات پیشـاندەدرێت، هەروا تا سـەرەمەرگ دەسـت لـە خۆشەویسـتی و وەفاداری هـەڵ نەگرتنیش دیارە. سـیامەند لەسـەرەمەرگدا بە خـەج دەڵێت:

( ئـاخ... ئاخ... ئەمـن چ بکەم: نەمماوە مەودای دەسـکردنەوەی، جەنگـەی دەخۆر ئانانیَ... ئاخ دەسـتم ناگرێتەوە شـینگی گەروماری چرگەی خەنجەری دەبانیَ. لەبۆت بگرمەوە سـەر و خـواری وڵاتی کرمانجاتیَ و شـەش دانگـی دە کۆنە مەیدانیَ ).

خـەج کـە ئەم دڵسـۆزییەی سـیامەند دەبینێت، سـەرەنجامی خۆی دەبەسـتێت بەوەوە و لەنـاو جەرگـەی نـا ئومێدیدا بڕیـاری خـۆی(*). دەدات و دەبێتـە وێنەی وەفـا و ئازایەتی، براکانـی لێینزیکدەبنـەوە، بیکـوژن، سـزای لەگەڵ سـیامەنددا هەڵاتن، بەڵام ئـەو بانگدەکات:

( جـا بەخـوا: ئەوانـەی دێن، چ میـر و گزیرن، چ کومێل و ڕاسـپێرن. چ میَ گەلن، چ نێرن، لێم خۆشـن یا زوێرن، ناتوانن سـیامەندەگیان، تا پشـویەکم مابیَ لەتۆم ببوێرن ).

سـیامەند لـە لوتکـەی چیاوە کەوتە خـواریَ، پێش ئـەوەی براکانی خەج بگـەن، خەجیش خـۆی فرێدەداتـە خـوارەوە پێش ئـەوەی بمرێت شـینێک بۆ سـیامەند دەکات، کـە لەڕادەی شـینەکەی زینـی دایـە بۆ مەم و تـەواو لە پارچەیەک دەچن کە شـاعیری گـەورەی ڕووس (لێرمانتـۆف) لە داسـتانی (دایمـۆن- دیۆ)دا نووسـیوییە کە ڕەنگە هەر گیانـی ڕۆژهەڵات و گەشـتی قەفقاس ئەو ئیلهامـەی دابێتیَ.

خەج دەڵێت:

جا ژیان چییە؟ گیان بۆ چییە؟
چۆن بڵێین ئەوەتانیَ ماوە، خەجی سیامەندییە.
بەخودای، خودای پاکی، بە یەزدانی ڕوناکی
سوێند بەجوانی و چاکی، بە (تۆ) ڕۆڵەی ئاو و خاکی
بە خۆشەویستی و جوانی، بە مەرگ و بە ژیانی.

بە ڕۆژی ئاسمانی، بە ئاوە ڕوونەکەی کانی.
بە پیری کامەرانی، لاوۆ هەر تۆم خودانی.
بە چاکی کەسکەوانی، بە سورە گەنم و نانی.
لە مرنی یا لە مانی، بزانی یا نەزانی.
بەڕاستی و ڕەوانی، سیامەند گیانی گیانی.
لاوۆ هەر تۆم خودانی،
لاوۆ هەر تۆم خودانی.
تا ماوم بەتەماتم... ئەزیش بەدووتدا هاتم!

ئـەم کۆتاییـە تراژیدییـەی مەرگی خەج و سـیامەند کوشـتنی ئـاوات نییە لە دڵدا، سـەر شـۆڕکردن نییـە بـۆ زۆرداری، وێنەی بەدی کارەسـات بینیـن نییە لە کۆڕی ژیانـدا، بەڵکو هاوارێکـە بـۆ هەوڵـدان بەرامبەر بەو هەموو ڕێگە و شـوێنە کارەسـات دەهێننـە کایەوە.

## خەج بەر لەمردن باسێک لە مەرگی خۆی دەکات و دەڵێت:

(ڕاسـپێر بـێ، منیـش لـە (زار گەلـی) لەتەنیشـت گـۆڕی سـیامەندە خۆشەویسـتەکەم، ناکامـی جوانـە مەرگـی بنێـژن).

ئـەو چیرۆکـە تـاڵ و شـیرینە بەسـەرهاتی دوو جەهێڵـی ناکامـە بگێڕنـەوە بـۆ منـداڵان بـۆ کوڕ و کچانی دەکرمانجا تێی بنێژن. ئـەو دای و بابانـەی کچیان بێ دڵ دەکـەن، بـەزۆری بەمێردیـان دەدەن، تاڵـی ئـەو هێنگـە

(ڕاو- ڕاوە) نالەبارەی بچێژن.

ئـەو کچانـەی ڕوودەکەنـە گـۆڕی دڵداری، پێگای ئـەرک و ئەمەگـی تاڵـی ئـەو و هێنگـە (ڕاو- ڕاوە) نالەبـارەی بچێژن.

دەبلێن، خۆشـتر بژێیتـەوە و ڕاوەسـتاوبێ دابـی بـەرزی خوازبێنی و کچ بەمێردانی کرمانجاتێ بـە دڵـی کـوڕو کچانا (شـوێنی دای و بابانـە) گەلـێ- هێژاو لەمێژن.

چ لـەم داسـتانەدا و چ لەهەمـوو داسـتان و داسـتانەکانی تـری کوردییـەوە، ئەنجامێکمـان دەسـتدەکەوێت، ئەویش ئەمەیە کە قارەمانی ئەمانیش وەک چیرۆک هەر ئادەمیزاد خۆیەتی، ئەمـە لەلایەکـەوە ئەوەمـان پیشـاندەدات کـە داسـتان بەرهەمـی پـاش ئەفسـانەیە لـە مێژووی ئەدەبی کوردیدا و لەلایەکی ترەوە ئەو بایـەخ و نرخـە گەورەیە دەردەخات کـە لەناو گەلدا دەدرێـت بـە (ئادامیـزاد، ژیانـی، هەسـتی دەروونـی و بـە هەڵسـوکەوتی).*

* بەدەستکارییەوە لە کتێبی(ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی) د. عزەدین ڕەسوڵ وەرگیراوە.

## لێکدانەوەی وشەکان

| | |
|---|---|
| گۆڕ | : قەبر، ترب |
| پەیمان بردنە گۆڕەوە | : تا مردن پەیمان نەشکاندن |
| کێشە | : کێش مەکێش (صراع) |
| ئەبەسترێتەوە | :تێتە گرێدان |
| کەلابخەین | :دوورخەینەوە، عەزل بکەین |
| دەسمێ | : کوندەکات |
| میهر | : خۆشەویستی، دیمەن، زەردەخەنە |
| بۆ چڕوک | :بێهنا گۆشتێ سوتی |
| شینگی گەرومار: | تیری گەرو مار |
| ڕۆلە | : کوڕ، کوڕی دڵسۆز |
| بنێژن | : ڤەشارن، دفن کەن |
| هێنگ | : دەم، چاخ |

## گفتوگۆ:

١. چی دەربارەی خەجو سیامەند دەزانیت؟

٢. ئـەوەی خوێندتـەوە، پەیوەنـدی بـەو باسـە داسـتانەوە چییـە کـە لـە سـاڵانی لەمەوبـەردا خوێندووتـە؟

٣. چی لە بەراوردی خەج و سیامەند و شیعری لێر مانتۆڤ گەیشتیت؟

٤. لەم باسەوە دەگەیتە چ ئەنجامێک؟

٥. نووسـەری کتێـب، باسـی (خـەج و سـیامەند)ی بـەو چەشـنە لێکداوەتـەوە کـە خوێندتـەوە، ئایا دەتوانیت چیرۆکێکی تـری دڵداری بـەو چەشـنە لێکبدەیـەوە؟




# مۆسیقای کوردی

شـیعری مەولـەوی لەنـاو ئیمـەدا بە دەنگی خـۆش و هیجرانـی (عەزیـز ئامینە)ەوە بـرەوی پەیداکـرد. عەزیـز گۆیندەیەکی عەزیز بوو، لە مەجلیسـدا هیجرانـی و لەچیادا قەتار هـەر لـەو دەهات. ئەمەشـیان ڕاسـتە کـە بەیانیـان لەڕاوەکـەودا قەتارێ دەخوێنـد، کەوی کۆهسـارانی هێنایـە جونبوش و قاسـپە.

یـەک دوو شـیعری هەبـوو، زۆربەی لە دڵ ئەسـەند، یەجگار لـە بەهاراندا، لـە ئێواراندا، لەسـەر کارێزی شـەریف کە دەیگوت:

وەهارەن، سەوزەن، ئاوەن، پێکاوەن، یاخوو:
گوڵ چوون ڕووی ئـازیز نەزاکـەت پـۆشـان
وە فراوان چوون سەیل دیدەی من جۆشـان
یـــا بـەیـانیان کە بەقــەتارەوە دەیگــوت:
لە ورشـــەی شــەونم، لـە تـوێی پـەردەوە
نێرگس مەســت مەسـت چەم بڵاوکردەوە،

ئەمانــە و ئــەو دەنگــە داوودییــە و نەشــئەیە بەهــاران و دڵپاکیــی ئەوســای یارانــە. جا لێکیبدەنەوە چ شــۆڕێک و ســۆزێکی ئەخســتە کەللە و دەروونەوە من شۆرەم هەل لەکەللەدا بوو ئەمویســت بەســەر یاراندا دابەشــی کەم....).

پیرەمێــرد، بــەم چەشــنە ڕۆحی مەولەوی دەســتپێدەکات، بەم چەشــنە هــۆی وەرگێڕانی شــیعری مەولەوی لــە هەورامییــەوە بۆ زمانــی ئەدەبیی ئێســتا ڕووندەکاتەوە.

بەڵێ.. شیعری مەولەوی کە زۆرترینی لەسەر کێشی دە پەنجەیی کوردییە، بە ئاوازی (قەتار) ەوە دەوترێت، یا بڵێین (قەتار) بە شــیعری مەولەوی دەوترێت... پێشتریش قەتار هەر وتراوە.

(زانــای ناســراوی کورد جەمیــل بەنــدی ڕۆژبەیانی دەربــارەی ناوی گۆرانیــی کوردی، ڕایەکــی هەیە کــە دەڵێت:

( ڕەنگــە نــاوی هەنــدێ لــە گۆرانییەکانی کــوردی زۆر کۆن بــن، بۆ وێنە (قەتــار) ڕەنگە لــە وشــەی (گاتا)وە گۆڕابــێ و لەکاتی خۆیدا هەر گاتــای پێ وترابێ، هــەروا (هۆرە)، ڕەنگە گۆرانییەکــی تایبەتــی بوو بێت بۆ ستایشــی (ئاهور مــازدا)... هەروەهــا (کەلهوڕی) ڕەنگە

(کــە لــە ئاهۆڕایــی) واتە لــە گۆرانییــە هەڵبژاردەکانی باســی ئاهوڕا بوو بێــت. جگە لەوە گۆرانی (خورشــیدی) تا ئێســتا گەواهە کە لەکاتــی هەڵاتنی خۆردا وتــراوە، بەناوی نیازەوە، چونکــە دەبینیــن بەرامبەر بــەوە، گۆرانیی (خاوکەر)مــان هەیە کە بۆ (خەوهێنــان) وتراوە...

ئــەم ڕا وردە، لێکۆڵینــەوە و لێدواندنێکــی قوڵــی دەوێت، زۆر بەجێیە کــە (قەتار) لە گاتای زەردەشــتەوە یــا لــە ئاڤێســتاوە هاتبێــت، بــەڵام دوور نییە (قەتــار) هەر لە وشــەی (قەتار) ی عەرەبییــەوە هاتبێــت، کــە بەمانــای کاروان بەکاردەهێنرێت. بەڵگەش بۆ ئەمــە، ئەوەیە کە زۆر جــار لــە مەقامــی قەتاردا گۆرانــی بێژ دەڵێــت: (قەتارێ بێنــن غەمانم بارکــەن)، یا بەم مەقامــەوە جــۆرە هۆنراوێک دەوترێت، کە مانای ڕاســتەقینە یا مەجازی گەشــت و ڕۆیشــتن و کاروانــی تێدا بێــت. وەک ئەم دوو فــەردەی مەولەوی:

ئازیــز دیــارەن وادەی لوامــەن
ئەلوەدای ئاخــر، ئەوە نامــەن
دەوڵەتەکەی وەسڵ پا نەزەواڵەن
جــارێوەتەر دیدەن باڵات محــاڵەن

(هــۆرە) زۆر بەجێیــە کــە یەکێــک بێت لە گۆرانییــە تایبەتییەکانی (ئاهورا مــازدا)... یا هیــچ نەبێــت ســەرچاوەکەی یەکێک بێت لــە گۆرانییــە ئاینییــەکان. چونکە دەبینی ئێســتاش (هــۆرە)، هــەر تەنیا هۆرەی دەروێشــی لەنــاو کورددا لەمانــە هەموو بەناوبانگتــرە، و دوور

نییە (هۆرە و ئاهوورا و هاوار) لە ڕووی وشە یا زمانەوە، لەیەک سەرچاوەوە هاتبن، ئەم وشە و مانایە تەواو لە وشەیەکی زمانێکی تری هیندۆ ئەوروپییەوە نزیکە کە ئەویش وشەی (هوورا)ی ڕوسیە کە بەمانای هاوار یا بلێین- بانگ یا هوتاف- بەکاردێت و نزیکی ئەو مانا کوردییانەیە.

ڕۆژبەیانی، مەقامی خورشیدی- بە مەقامی کاتی خۆرهەڵاتن دادەنێت، بەڵام مەقام زانی بەناوبانگ عەلی مەردان، ئەم مەقامە بە گۆرانی کاتی خۆرنشین دەزانێت، هەر چۆنێک بێت هەر بەستراوە بە خۆرەوە، جا خۆرهەڵات بێت یا خۆرنشین.

ئەگەر لەسەر لێکدانەوەکەی ڕۆژبەیانی بڕۆین و گۆرانی کوردی هەموو بەرینەوە سەر سەرچاوەیەکی ئاینی، ئەوا ئەم مەقامی (خورشیدی)یەش دەبەینەوە سەر سەردەمێکی زۆر کۆن، دەیبەینەوە سەر ئەو کاتە کە خۆر جێگە و مانایەکی تایبەتی لە باوەڕی کورددا هەبووە. بەڵام دەتوانین هەڵهاتن و ئاوابوونی خۆریش بە ئیشکردنەوە ببەستین، هەروەک دەتوانین (هۆرە)ش بکەین بە هاواری کاتی ئیشکردن. مەقامی (خاوکەر)یش دیسان دەبرێتەوە سەر هەردوو سەرچاوەکەی گۆرانی.

دیارە مەبەست لە هەردوو سەرچاوە ئەوەیە کە لەناو میللەتدا شوێنی گفتوگۆیە، ئایا گۆرانی لەسەرچاوەیەکی ئاینییەوە پەیدابووە، یا لە ئیشکردنەوە پەیدابووە. ئەم باسە لەو کتێبەدا کە ئەو چەند لاپەڕەیەی سەرەوەمان لێوەرگرت گفتوگۆی دوبارە کراوە. بەڵام مەبەستی ئێمە لێرەدا ساغکردنەوەی ئەم باسە نییە، بەڵکو ئێمە ئەم چەند لاپەڕەیەمان بە بەڵگە بۆ کۆنی گۆرانی و مۆسیقا لەلای کورد هێناوەتەوە.

دیارە گۆرانی لای کورد زۆر کۆنە لەسەرەتای مێژووی، ئەو مۆسیقایەی خراوەتە قاڵبێکی زانستییەوە و ڕێ و شوێنی هەیە، ئەویش هەر کۆنە و لەسەرچاوەکانی مێژودا گەلێک بەڵگە بۆ پەیوەندی کورد و مۆسیقا دەبنینین.

بەدرەدینی هەولێری کە لەساڵی (١٢٨٧)ی زاینیدا لە دایکبووە، ساڵی (١٣٢٨)ی زایینی کتێبی (ارجوزه الانغام)ی نووسیوە.

عومەری خدری جەعفەر زادەی کوردی داسنی کە بە جەمالەدینی داسنی بەناوبانگ بووە و ساڵی ٨٠٠ی کۆچی١٣٩٧ی زاینی کۆچی دوایی کردووە، گەلێک کتێبی هەیە یەکێکیان کتێبی (الکنز المطلوب فی علم الدوائر والضرب)ە کە لەسەر مۆسیقایە.

مەسعودی لە (مروج الذهب)دا دەڵێت: شوانی کورد شتێکیان داهێنا، کە فوی پێدادەکرا مێگەلی بڵاوی کۆدەکردەوە.

لــە ســیاحەتنامەی گەڕۆکی تــورک (ئەولیا چەلەبی) و مێژونووســی کورد (شــەرەفخانی بتلیســی) گەلێک شــتیان دەربارەی مەقام و ئاوازی کوردی تۆمارکردووە، تەماشــای دیوانی هــەر شــاعیرێکی کۆنی کوردیش بکەین دەبینین کە بەدەم وەســف و قســەوە باســی گەلێک مەقــام و ئــاواز دەکات و ناوی گەلێک ئامێری مۆســیقا دەبات، کە دیارە لەناو کوردا هەبوون.

ئەحمــەدی خانی ناوی نزیکەی (٥٥) مەقامی تۆمارکردووە و وەک شــارەزایەکی مۆســیقا مەقام و شــوعبە و ئــاوازەی لەیەکتر جیاکردۆتەوە، هەندێــک ڕای دەربارەی گونجانی مەقام و ئــاواز لەیەکــدا دەربڕیــوە. هەروەکــو پەیوەنــدی هەندێک مەقــام لەگەڵ هەندێــک ئامێری تایبەتیــدا دەردەخات، وەک ئــەوەی مەقامی (گوردان یا کوردان) بە نای لێدەدرێت و هەروەها (ئەحمــەدی خانــی) نــاوی بیســت ئامێــری مۆســیقای بــردووە و لە باســی مۆســیقاگەراندا گۆرانیبێــژ و مۆســیقاژەنی لەیــەک جیادەکــردەوە، وەک: ڕامشــگەر و خۆشــنەوا و موتریب و قــەوال و غەزەلخــوان و گۆینــدە. هتــد هەروەهــا پەیوەنــدی گۆرانــی و مۆســیقای لەگەڵ هەڵپەڕکێــی کوردیدا لەبیــر نەچووە.

لەلای شــاعیرانی تریش شــتێک لەم باس و ناوانە دووبارە دەبێتەوە، تەنانەت مستەفابەگی کوردی ناوی گۆرانیبێژانی دەوری خۆی و شــارەزایی هەریەکەیان لە مەقامێکدا تۆماردەکات، دیــارە پیرەمێــرد و گەلێــک شــاعیری تریــش هەر چاویــان لەو کــردووە. مەقــام و ئاوازی کــوردی لەگەڵ دەنگی شــیعری کوردیدا تێکەڵبووە و شــاعیر هیچ کاتێک خــۆی لەو ئاوازەیە جیانەکردۆتەوە.

باســی مەقــام و ئاواز و ئامێری مۆســیقای کــوردی، لێکۆڵینەوەی زانســتیی هەیە ڕەنگە باشــترین قســە بۆ سەلماندنی باســەکە و بۆ کۆتایی پێهێنان چەند دێرێک بێت کە (گۆران) لە شــیعری (دەروێش عەبدوڵلا )ی کۆتایی پێدێنێت، ڕوو دەکاتە شمشــاڵژەنی پیری هونەرمەند و دەڵێت:

ئەوەندەم بیســت لەمۆســیقا، خرۆشی ڕۆحی بێگانە
مـیزاجی کوردەواریــم تێکچــووە دەروێش عــەبدوڵلا،
دەخیلیت بم! دەســا بەو لاوک و ئــای ئای و حــەیرانە
شـەپۆڵی زەوقی میللی پڕ دەروونی مـات و چۆڵم کە
لــە بیتهۆڤن گەلی زیاتر، بەڕۆحــم ئاشــنای، وەڵلا،
دە ئەی دەروێش، سـکالایەک لەگەڵ ڕۆحی کلۆڵم کە

## لێکدانەوەی وشەکان:

| | | |
|---|---|---|
| برەوی پەیداکرد | : | هاتە ناسین، هاتە ڕەواج |
| گۆیندە | : | گۆرانی بێژ، ستران بێژ |
| هەر لەو دەهات | : | تەنێ ژێ دهات، هێژا وی بوو |
| ڕاوکەری کەو | : | نێچیرا کەوا |
| کۆهسارا | : | چیا، کەژ |
| وەهارەن | : | بەهارە |
| سەوزە | : | سەوزە، کەسکە |
| شەونم | : | خوناڤ، ئاورنگ |
| چون سەیل | : | وەک سەیل، مینا سیلاب |
| چەم | : | چاو، چاڤ |
| کەللە | : | سەر |
| دابەش کەم | : | بەشی بکەم |
| گۆرانی | : | ستران |
| گاتا | : | دۆعای ناو (ئاڤێستا)ی زەردەشت |
| گەواهـ | : | شایەت |
| لوامەن | : | (لوا) رۆیشتن، چوون ڕۆیشتنمە، چوونێ منە |
| ئەلوەدا | : | الوداع |
| ئەوە نامامەن | : | چوون و نەچوون |
| پا نەزەواڵەن | : | لە زەواڵە، پێی ناوەتە نەبوونی |
| جارێوەتەر | : | جارێکی تر |
| دیدەن | : | دیتن |
| ئاهورامازدا | : | خوای چاکەی زەردەشتی |
| میللەتان ئاسایی | : | وەک میللەتان |
| سەلماندن | : | ئیسپات |
| خرۆش | : | جۆش |

## گفتوگۆ:

١. چی (مەولەوی)ی لای پیرەمێرد خۆشەویست کرد؟

٢. چـی لەمــە دەگەیت: کـە گۆرانی لــە ســەرچاوەی ئیشــکردنەوە هاتووە، لە ســەرچاوەی ئاینییــەوە نەهاتووە؟ لە مامۆســتاکەت بپرســە.

٣. لــە کتێبخانەکەدا بە دوای ســەرچاوەیەکدا بگەڕێ و ناوی چەنـد مەقامی کوردی و ئالەتی مۆســیقای ناو کورد تۆماربکە.

٤. لەو کەسانە زیاتر کە ناویان لە باسەکەدا هەیە، کێی تر باسی مۆسیقای کوردیی کردووە؟

٥. شارەزایان دەڵێن:

(دەبێـت مۆســیقای هەمــوو نەتەوەیەک بەرەو پێشــەوە بڕوات، بەڵام لەســەر بناغەی کۆن و مۆســیقای کلاســیکیی نەتەوەکە). چی لە باســە دەگەیت؟.



# خەیام

لەنـاو میللەتانـی ئـەم خۆرهەڵاتـدا گەلێـک زانـا و بلیمـەت و شـاعیر و مێژوونـوس و ریازیاتنـاس و ئەسـتێرەناس و پزیشـکی گـەورەی تیـادا هەڵکەوتووە، کـە هەتاهەتایە لەناو لاپەڕەکانـی مێـژووی ئادەمیـزاددا ناویان ئاشـکرایە و وەک ئەسـتێرەی گەشـی بەرەبەیان لـە ئاسـمانی هونـەر و ئەدەبیدا و زانسـتدا دەدرەوشـێنەوە وەک (ئەبو عەلی سـینا و متنبی و حافـظ و کینـدی و فارابـی و ابـن الاثیـر و سـیبەوەی خوارزمـی و ابـو ریحـان، بابـا تاهیـرو مـەلای جزیـری و نالی). خەیـام یەکێکە لەو ئەسـتێرە گەشـانەی ئاسـمانی عیلم و ئـەدەب، خەیـام ناوی (ابـو الفتح عمر کـوڕی ئیبراهیـم الخیـام نیشـابووری)یەو یەکێکە لە زانـا و ریازیاتنـاس و شـاعیرانی گەورەی ئێرانی سـەدەی پێنجەم و سـەرەتای شەشـەمی کۆچی. خەیام هاوچەرخی سـوڵتانی سـەلجوقی بوو. خەیام چونکە شـارەزا و پسـپۆر بوو سـاڵژمێری خورشـیدیی ڕێکخستووە.

خەیــام بەزمانــی عەرەبــی و فارســی بەرهەمــی هەیــە، لە بەرهەمــە ناســراوکانی خەیام بــە عەرەبــی چەنــد نامەیەکــە لــە (تەبیعیات و میعــراج) هەروەهــا نامەیەکی هەیــە لە (جەبر و مقابلــە)دا کــە لەســاڵی (١٨٥١) لــە فەڕەنســا چاپکراوە. جگــە لەمانە خەیام شــاعیرێکی بە توانــا و بە ســەلیقە بــوو چوارینەکانی لە هەموو دونیــادا دەنگیداوەتەوە و بــە هەموو زمانە زیندووەکانــی جیهــان نوســراوەتەوە، خەیــام لــە چوارینەکانیــدا بیر و باوەڕی فەلســەفی و تێبینــی حەکیمانەی خۆی بەشــێوەیەکی ســادە، تیایدا گونجانــدووە، چوارینەکانی بە عەرەبی لەلایەنــی گەلێــک شــاعیر و زانــای کــراوە بــە عەرەبــی (ئەحمەد صافــی نەجەفــی، ئەحمەد رامی...).

هەروەهــا لەلایــەن مامۆســتا ســەلام و گــۆران گەلێ زانا و شــاعیری تری کوردیشــەوە کراوە بە کوردی، ئەمە دوو چوارینی خەیامە کە خوا لێ خۆشــبوو شــێخ ســەلام کردوویەتی بە کوردی:

(١)

بەر لەمــن و تــۆ شــەو و ڕۆژێ بــوو
چــەرخــی جەفــاکار ئەهات و ئــەچوو
بۆ ســەر ئــەم خاکە پێ بە ئەســپایی
دانێ، چاوەکــەم! چاوی یــارێ بــوو

(٢)

ئــەوەی لــە دنیــا لــەتێ نــانی بــوو
کـــەلاوە کۆنی ئاشـــیانی بـــــوو
پیاوی کەس نەبێ کەس پیاوی نەبێ
هــەر ئەو ژیــاوە، ئــەو ژیــانی بوو

## لێکدانەوەی وشەکان:

ئەستێرەناس : ئەستێرەشوناس، (فلکی)

پسپۆر : شارەزا و لێهاتوو

چوارین : چوار خشتەکی، رباعیات

چەرخ : فەلەک

ئاشیان : خانوو، هێلانە (شوێنی ژیان و گوزەران)

## گفتوگۆ:

١. خەیام بەچی بەناوبانگە؟

٢. لەچ سەدەیەکدا ژیاوە؟

٣. خەیام بیروباوەڕی فەلسەفی خۆی لەکوێدا دەربڕیوە؟

٤. ناوی چەند شاعیر و نووسەر و کورد بڵێ کە چوارینەکانی خەیامیان کردووە بە کوردی.



# شیلی

ئـەم سـەر زەمینـەی کـە ئێمە تیـادا دەژیـن و بـاو و باپیرانمانی تێـدا ژیـاوە و هاتووە و چـووە، گەلێـک لـە پیاوانی گـەورە و نـاودار و زانا و قارەمانـی پەروەردە کـردووە، کە هەتاهەتایە ناویان وەک ئەسـتێرەی گەشـی بەرەبەیان لە ئاسـمانی زانست و هونەر و شیعر و ئەدەبیاتدا دەدرەوشـێنەوە، ئەوەی شـایانی باسـە ئەوەیە کە ئەم جۆرە پیاوانە خۆشـی و کامەرانی و پێشـکەوتنی مرۆڤیان مەبەسـت بووە و بە چاوێکی یەکسـان تەماشـای هەموو گـەل و میللەتێکیان کردووە.

شـاعیری بەناوبانـگ (شـیلی) یەکێکە لەو پیاوانە کـە هەتاهەتایە شـیعرەکانی وەکو ئاواز و بانگـی بولبولـی بەرەبەیان لە باغچەی شـیعر و ئەدەبیاتـدا دەنگ دەداتەوە.

(شـیلی) نـاوی (پرسـی بایش)ە، شـاعیری هـەرە بەناوبانگـی ئینگلیزە، لە سـاڵی (١٧٩٢) دا لەدایکبـووە و لـە سـاڵی (١٨٢٢) دا کۆچیدوایـی کـردووە، شـیللی یەکێکـە لـە شـاعیرە بەناوبانگەکانـی (قوتابخانـەی ڕۆمانسـی) لە شـیعردا، ئەم شـاعیرە بەرزە لە (ئۆکسـفۆرد)

خوێندویەتــی و گەیشــتۆتە پلەیەکــی بەرز لە زانیاری و شــاعیریدا، لە ســاڵی ١٨٢١دا چووە بۆ (ئیتاڵیا)، شــیللی هەروەک هەموو شــاعیر و زانایان و ڕۆشــنبیرانی دەوری خۆی هەستی بــە ئێــش و ئــازاری مــرۆڤ و مرۆڤایەتی کــردووە، و لەهەمــوان زیاتر داوای سەربەســتی و ئازادیــی مرۆڤــی کــردووە. شــیلی خــاوەن ئەندێشــەیەک فراوانــی وەها بووە کــە دەیوت (دەرمانــی خراپــی و ناڵەباری دونیــا، ئازادی و خۆشەویســتییە).

لــە بەرهەمــە بەناوبانگەکانــی شــیلی قەســیدەی (ئۆدۆنیــس)ە کــە بەهۆی کۆچــی دوایی (کیتس)ی هاوڕێیەوە وتوویەتی، هەروەها (بەســتەیەک بۆ شــەماڵ) و (بــۆ مەل). جگە لەمانە نمایشــنامەی (پڕۆمیپــوس)ی ئازادی کــە بریتییە لــە (دراما)یەکی گۆرانی لە چــوار پەردەدا.

ئەمە نمونەی چەند شیعرەکانیەتی کە بەدەستکارییەوە کراون بە کوردی:

بلبلەکان بە خەبەرن
بلبلەکان بە خەبەرن
لەسەر لق و پۆپی گوڵن
سەرخۆش و خانە بەدەرن
ئەوانەی ئارەزووی ژیان
شەوق و خۆشی لە دڵ نەمان
یەکی خستوون بە خەبەرن
بێ هێز و تین بە خەبەرن
لەوێدا بلبلێکی جوان
ئاواز و بەستە بۆ ژیان
دەڵێ بە جۆش نەرم و نیان
ماندووی دەستی خۆشی و غەمان
کەوتە خوارێ سەرەو نوگوون
لاوەلاوە چڕە بەرزەکە
باوەشی بۆ گرتۆتەوە
هەتاهەتایە بەرەو نەمان!

## لێكدانەوەی وشەكان:

ڕۆمانسی : ڕۆمانتیكی، ڕۆمانتیسیزم

ئەندێشە : خەیاڵ

دەرمان : چارە، عیلاج

نمایشنامە : مسرحیە، شانۆگەری

## گفتوگـۆ:

١. شیلی بەچی بەناوبانگە؟

٢. لەكوێ لەدایكبووە و لە چ ساڵێكدا؟

٣. شیلی چی دادەنا بۆ چارەی خراپی و نالەباریی دونیا؟

٤. لە شاعیرانی كورد كام شاعیر (شیلی) و چەند شاعیرێكی ئەوروپایی كاری تێكردووە؟



# کەرکوک

کەرکـوک یەکێکـە لە پێنـج شـارە مەزنەکەی کوردسـتانی عیراق، شـارێکی گەلـێ کـۆن و دێرین و بەناوبانگە، یـادگاری ڕۆژهەڵاتـی کۆنە و لەدێرزەمانـەوە ماوەتەوە تاکـو ئێسـتاکە. شـاری کەرکـوک بـە(١٢٦٠) هـەزار و دوو سـەد و شەسـت پـێ لەڕووی زەریـا بەرزە، وە بە (٢٨٥) دوو سـەد و هەشـتا و پێنج کیلۆمەتر لە بەغـداوە دوورە. پانایی ناوچـەی کەرکـوک (٢٠٨٠٠) بیسـت هـەزار و هەشـت سـەد کیلۆمەتری چوار گۆشـەییە. ژمـارەی دانیشـتوانی نزیکـەی (٤٦٠٠٠٠) چوار سـەد و شەسـت هـەزار کەسـە. پارێزگای کەرکـوک لـە (٦) قـەزا پێکهاتووە:

١. قەزای کەرکوک: بریتییە لە (٥) پێنج ناحیە: قەرە حەسەن، پردێ، شوان، تازە، دوبز.

٢. قەزای کفری: بریتییە لە (٤) چوار ناحیە: پێباز، قەرەتەپە، سەرقەڵا، جەبارە.

٣. قەزای تووزخورماتو: بریتییە لە (٤) چوار ناحیە: قادرکەرەم، داقوق، ئامەرلی، سلێمانبەگ.

٤. قەزای چەمچەماڵ: بریتییە لە (٢) دوو ناحیە: ئاغجەلەر و سەنگاو.

٥. قەزای حەویجە: بریتییە لە (٢) ناحیە: ریاز، حەویجە.

٦. قەزای کەلار.

زۆری دانیشتوانی ناوچەی کەرکوک خەریکی کشتوکاڵن، زۆری دەغڵ و دان و برنج و نیسک و نۆک و ماش و کونجی و لۆکە دەچێنن. بەشێکیش خەریکی شوانین و هەندێکی تریش بە کڕین و فرۆشتن و بازرگانییەوە خەریکن. لەبەر نەبوونی سەرچاوەی مێژوویی تەواو، دیاریکردنی سەردەمی دروستکردنی شاری کەرکوک کارێکی گەلێک قورسە. لەدوو کتێبی کۆنی کلدانیدا باسی ئەم شارە کراوە. لە ساڵی ١٨٦٩دا مەتران ئەدی شێر، کتێبێکیانی گۆڕییە سەر زمانی تورکی و دانەییک لەم کتێبە ئێستاکە لە دێری کلدانیانی کەرکوکدایە لە قەڵا. بەڵام کتێبی دووەمیان کە ناوی (دەنگوباسی شەهید و قدیسان)ە ساڵی١٨٩١ قەشە پۆلس بێجانی لە شاری لایبزیک بە چاپی گەیاندووە. وەکو لە ناوەڕۆکی ئەم دوو کتێبەدا دەردەکەوێت پاشای ئاشور ناسرپاڵی پاشای ئاشورریەکان فەرمانی ئاوەدانکردنەوەی شاری کەرکوکی داوە و هەزار کەسی ئاشوری لە شاری تازەدا نیشتەجێکردووە. لەو کاتەی کە ئەسکەندەری مەکدۆنی وڵاتی میزۆپۆتامیای داگیرکرد، ناوچەی کەرکوک بوو بە پارچەیەک لە خاکی ئیمپراتۆریەتە مەزنەکەی. لەپاش کۆچی دوایی ئەسکەندەر، وڵاتەکەی لەنێوان سێ فەرماندەی لەشکرەکەیەوە دابەشکرا، شاری کەرکوک کەوتە بەر سلۆکس، ئەم فەرماندەرە شاری کۆنی ڕوخاند و سەرلەنوێ دروستیکردەوە، شورەیەکی گەورەی لە دەوری شار تەنی و شەست و پێنج قولە و دوو دەرگای گەورەی بۆ کرد، دەرگای سەر و ناوی (دەرگای توتی) بوو دەرگای دووەم ناوی (دەرگای پاشا)بوو. وا دەردەکەوێت کە توتی دەبێت یاریدەدەری سلۆکس بووبێ و لەپاشانا بووبێ بە سەرۆکی شار، لە سەردەمی ئەمەدا شاری کەرکوک گەلێ پێشکەوت و ناوی بوو بە (کەرخ- سلۆک). لە ساڵی ٢٤٧ی پێش زاین فەرابییەکان شاری کەرکوکیان داگیرکرد، ئەمە زۆری نەخایاند و ساڵی ٢٢٦ی پێش زاین ئەردەشێر توانی کەرکوک لە فەرابییەکان وەرگرێتەوە، بەم جۆرە ئەم ناوچەیە کەوتە ژێر دەستی ئێرانییەکان تا سەردەمی پەیدابوونی عەرەب لە هەرێمانەدا لە سەردەمی (تەهماسب) قولی خان کە بەناوی (نادرشا) ناسراوە،نووسەرێکی کریستیانی کەرکوکی لە هەندێ لە نووسینەکانیدا ئەم زانیارییانەی دەرختسووە: (لە شەوی ١٦ کانوونی یەکەمی ساڵی ١٧٣٢ تەهماسب

شـاری کەرکوکـی داگیرکـرد، لەپێـش هەمـوو شـتێکدا قڕانـی بـە جولەکـەی شـار هێنا و گەلێکیشـی بە دیل گرتن. بەڵام خەڵکی شـار پێکەوە بەرهەڵسـتی ئەم هێرشـەیان کرد و بۆ ماوەیەکی سـێ سـەعات بێوچان لە خەبات نەکەوتن. هەردوو لا توشـی زیانێکی بێ سـنور بـوون و کەسـێکی زۆریش کـوژران، تەهماسـب ناچار بوو شـار بەجێبهێڵێـت و ڕوویکاتە گونـدی (قۆریە)کـە سـەعاتێک لە شـار دووربـوو. لەپاش ڕوودانـی ئەم کارەسـاتە، خەڵکی شـار جارێکی دیکە دەسـتیان کردەوە بە ئاوەدانکردنی شار و دروسـتکردنی خانووبەرەیان. ڕۆژ بە ڕۆژ شـار زیاتر پێشـکەوتوو گەورەتر دەبوو. شـاری کەرکوکی ئێسـتا لە دوو بەش پێکهاتـووە، بەشـی یەکەمـی بڵندایيە کە قەڵای پێدەڵێن و بەشـی دووەمیشـی پانايیە (قۆریە) ی پێدەڵێـن. (قـەڵای) کەرکوک ناوچەیەکی سـتراتیجی و سـەختی ئەم هەرێمەیـە، لەبەرئەوە بـوو هەمیشـە خۆی لە هێرشـی دوژمـن و بێگانە پاراسـتووە. لەکۆنەوە فەلەکانـی کلدانییە کریسـتیانەکان لە قەڵا جێنشـین بـوون و گەلێ خانووبـەرەی جوانیان تێدا دروسـتکردووە.

لە بەهاراندا شـاری کەرکـوک دیمەنێکی ڕەنگاوڕەنگی قەشـەنگ دەنوێنێت، بەتایبەتی دیمەنـی دەشـتایی خـوارەوە و سەرسـنگی قەڵاکـە گـوڵ و سـەوزایی بەهـاری لێدەڕوێت. لـە قـەڵای کەرکوکـدا دوو مزگەوتی هەرە کۆن تا ئێسـتا هـەر ماونەتـەوە، یەکەمیان ناوی مزگەوتـی (ئولۆو) و مەریەمانەشـی پێدەڵێن، دووەمیـان ناوی مزگەوتی (دانیـال پێغەمبەر). فەلـەکان دەڵێـن: لـە بنجـدا ئـەم دوو مزگەوتـە دێـری دیانـان بـوون و گـۆڕی حەنانی و عـەزاری و میشـائیل لەنـاو مزگەوتـی دووەمـدان، بـەڵام جولەکە دەڵێـن: دانیـال پێغەمبەر لـەو مزگەوتـەدا نێـژراوە. ئەگەر تەماشـای بیـروڕای مێژوونووسـەکان بکەیـن دەبینین بە پێچەوانـەی ئـەم باوەڕەیە، مێژوونووسـەکان دەڵێن: دانیـال پێغەمبەر لە خۆزسـتان کۆچی دواییکردووە و لە شـاری شوشـتەر نێژراوە. تا ئێسـتا ئەوە نەزانراوە کە لەچ سـەردەمێکدا بەشـی خـوارووی کەرکـوک ئاوەدانکراوە، لە دەمی هەنـدێ لە پیرەکان بیسـتراوە کە گوایە لە سـاڵی (١٧٢٩)دا خەڵکی خانووبەرەی لە خوارووی قەڵا دروسـتکردووە, بەسـتی (خاسە) شـاری کەرکـوک دەکات بە دوو کەرتەوە، قـەڵا و هەندێ لە گەڕەکەکانـی دیکە کەوتوونەتە لای دەسـتی چەپـی بەسـتی خاسـە کە دیوی ڕێـگای سـلێمانی پێدەڵێن، بەڵام لای دەسـتی ڕاسـتی، کە ئێسـتاکە لـەو دیوە گەورەتـرە، دیوی قۆریـە، یاخود ڕێگەی هەولێـر و بەغدای پێدەڵێـن. گەڕەکەکانی دیوی قـەڵا ئەمانەن:

(میــران، حەمــام موســلیم، حەمــام مەســیح، ئاغالــق، ئیمــام قاســم، زینــدان). بەڵام گەڕەکەکانــی دیــوی دووهەم، هــەر بەناوبانگیان ئەمانەن: (قۆریە، شــاترلو، ســاری کەهیە). لــە کەرکوکــدا گەلێک خانووبەرەی جــوان و کۆگا و یانە و گازینــۆ و قوتابخانەی کوڕ و کچ و بــارەگای میــری و ئــاو و کارەبا و نەخۆشــخانە و باخ و پــارک و دام و دەزگای منداڵان و فرۆکەخانە و ئێستگەی شەمەندەفەر و تەلەفزیۆن دەبینرێن. هەروەها شەقامی ڕاست و فراوان و ڕوناک بە تیشــکی کارەبا و ڕازاوە بە دار و درەخت دیمەنی شــاری کەرکوک بە شــارێکی تــازە بابــەت دەنوێنێت. لە شــاری کەرکوکدا نزیکەی (١٠٠) ســەد شــوێنی ئاینی لە مزگەوت و خانەقــا و تەکیــە و دێر و کلیســە هەیە، شــوێنە هــەرە بەناوبانگەکانی موســڵمانی تەکیەی نەجیب جەباری و تەکیەی تاڵەبانی و خانەقای ســەید ئەحمەد و مزگەوتی (خادم الســجادە)ن.

خانــووە کۆنەکانــی کەرکوک لەســەر ئەندازیاری کۆنــی ڕۆژهەڵاتی دروســتکراون، حەوشــەکانیان گــەورەن و لــە دوو نهۆم پێکهاتــوون و بە بەرد و گەچ دروســتکراون، بەڵام خانــووە تازەکانــی بەتایبەتــی لە گەڕەکی شــاترلو لەســەر ئەندازیــاری تــازەی ئەوروپایی دروســتکراون، لەباتی حەوشــەی کۆن باغچەیان تێدایە. دانیشــتووی کەرکوک لە نەتەوەکانی کــورد و تورکمــان و عــەرەب پێکهاتــوون لەگــەڵ هەنــدێ کەمایەتــی دیکە وەکــو ئەرمەنی، زۆربــەی دانیشــتوانی کەرکــوک و دەوروبــەری لەم هــۆزە کوردانەن:

شــوان، تاڵەبانــی، داوودە، ســاڵەیی، زەنگەنــە، زەنــد، ڕۆژبەیانی، پاڵانــی، کێچ، لەک، وەنــدی، بەرزنجــی، عەرەبەکانیــش لــەم تیرانــە پێکهاتــوون:

عوبێــد، جبــور، حجێش، ئەلبوو حەمــدان، نەعیم، کوڕوی، حەرەب، عەززە، ســعێدات، ســایح، بەنــوو زەیــد، تورکمانەکانیش لــە تیرەکانــی تاتران و بەیــات پێکهاتــوون. کەرکوک شــارێکە مەلەوانــی لەنــاو زەریــای نەوتــدا دەکات، لەبەرئەوەیە شــاری (زێڕی ڕەش)یشــی پێدەڵێــن. مەڵبەنــدی بنچینەیــی نەوتی کەرکوک دەکەوێتــە بابەگوڕگوڕ کــە کەوتۆتە باکوری ڕۆژئــاوای شــاری کەرکــوک. ڕۆژی(١٤)ی مارتــی (١٩٢٥)ز پەیمانێــک لەنێــوان عیــراق و کۆمپانیایەکــی ئینگلیــزی لەبابــەت بەدەستخســتنی نەوتەوە مۆرکــرا. بەپێــی بەندەکانی ئەم پەیمانــە، کۆمپانیــای ئینگلیــزی بــۆی هەیە تا ماوەی حەفتا و پێنج ســاڵ ســود لــە بەرهەمی ناوچــەی نــەوت وەربگرێــت، بــە مەرجێــک هەمــوو دامــودەزگا و کەرەســتەی کــە بۆ ئەم پرۆژەیــە خەرجکــراوە لەپــاش تەواوبوونی ماوەکە بــە خۆڕایی ببێتە موڵکی عیراق، بەشــی

عیراقیش لەهەر تۆنە نەوتێک چوار شلینی زێر بێت. ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە لە مێژووی دەرهێنانی نەوت هەندێ کارەساتیش ڕوویداوە. لەڕۆژی ١٤ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٧ بیرێک لە بیرەکانی نەوت تەقی و لە ئەنجامدا چەند کەسێک کوژران و لافاوی نەوت بە هەموو لایەکدا بڵاوبووەوە. کۆمپانیا وای بەباش زانی نەوتی نەپاڵێوراو بنێرێتە دەرەوە، بۆ ئەمە ساڵی ١٩٣٢ دوو بۆری نەوت لە کەرکوکەوە کێشرایە حەدیسە لە قەراغ ڕوباری فورات و لەوێوە کرا بە دوو خەت، یەکێکیان بۆ شاری تەرابلوسی شام کە درێژایی (٦١٠) شەش سەد و دە کیلۆمەترە، دوومیان بۆ شاری حەیفا کە درێژاییەکەی (٧٤٨) حەوت سەد و چل و هەشت کیلۆمەترە. ساڵی ١٩٤٨ بۆرییەکی حەیفا بڕدرا، لەباتی ئەوە لە ساڵی ١٩٥٢ بۆرییەکی تر کێشرایە شاری بانیاس لە سوریا. دیمەنی شاری کەرکوک لە شەودا گەلێک جوان و نایابە، ڕوناکی لە شاپڵیتە گەورەکانی بۆڕی نەوت دێتە دەرەوەی، ئەم ئاگرە نەمر و هەمیشەییە مێژووی بەسەرهات و کارەساتی باب و باپیرانمان دەگێڕێتەوە، شار وەکو بوکێکی ڕازاوە و خەملیو بەناو ڕوناکیدا بەنازەوە چاو شارکێ دەکات. ئەگەر سەر

لوتکەی شاخ و گوند و شارەکانی دیکەی کوردستان لە شەوی نەورۆزدا ببن بە چراخان، هەموو شەوێکی شاری کەرکوک هەر نەورۆزە.

# سەرچاوەكان


١. زمان و ئەدەبی كوردی ـ بۆ پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی چاپی ٢٠١٩ز - ٢٧١٩ كوردی.
٢. د. ئاورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی كوردی بەشی (١- ٥) كۆكردنەوە و لە چاپدانەوەیان لە یەک كتێبدا سلێمانی ـ ٢٠٠١
٣. نوری علی امین، قەواعدی زمانی كوردی لە (صرف نحو)دا، بەغداد، ١٩٥٦.
٤. د. كوردستان موكریانی، سینتاكسی ڕستەی سادە لە زمانی كوردیدا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی زنجیرە ژمارە ١٣٣.
٥. نوری علی امین، ئەرک و شوێنی ڕاناوە كەسییەكان لە ئاخاوتنی كوردیدا ١٩٨٦.
٦. دیوانی شاعیرە كوردەكان.
٧. مختصری صرف نحوی سعید صدقی.
٨. دەستوری زمانی كوردی تۆفیق وەهبی.
٩. دیوانی شاعیران
١٠. مێژووی ئەدەبی كوردی ( مارف خەزنەدار).
١١. حسین حوزنی موكریانی (ڕۆژنامەی زاری كرمانجی).
١٢. ڕەوشەن بەدرخان (گۆڤاری هاوار).
١٣. شێخ محمدی خاڵ (گۆڤاری كۆڕی زانیاری عێراق).
١٤. لێژنەی پێداچوونەوەی زانستی یەكەم:


| | | |
|---|---|---|
| د.عـزیـز گــەردی | شێركۆ احمد حوێز | محمد أحمد محمد |
| محسن احمد كریم | عبدالســتار فتــاح | علی عبدالله صالح |


ئاو سەرچاوەی
ژیانە
بۆیە دەیپارێزم

www.bgprogram.org

گشت مافەکانی ئەم کتێبە بۆ وەزارەتی پەروەردە پارێزراوە

ژمارەی سپاردن (٢٤٥)ی ساڵی ٢٠٠٢
نرخی یەك دانە (        ) دینار
تیراژ (          ) دانە

چاپی پازدەیەم

١٤٤٣ کۆچی - ٢٠٢٢ زایینی - ٢٧٢٢ کوردی